کۆ شیعری ٢

# دڵشاد عەبدوڵڵا

**روونکردنەوەیەك**

ساڵی ٢٠٠٤ بەشی یەکەمی کۆی شیعرەکانم بەناوی «بەفر نووس و ئەوانی تر» لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بۆ چاپ کرا، کە بریتی بوو لە کۆکراوەکانی حەفت دیوانە شیعرم ئەوانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٣ چاپ کرا بوون.
ئەم کتێبەی ئێستا کە بەشی دووەمی کۆی بەرهەمە شیعرییەکانمە، بریتییە لەو دیوانە شیعریانەی لە نێوان ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ چاپم کردوون.

کۆ شیعری ٢

# دڵشاد عەبدوڵڵا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

کۆشیعری ٢
دڵشاد عەبدوڵڵا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤٧
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣٠٨ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: بۆکان نووری سەعید

# گۆمی پونگ

کتێبی گەورەی عاشقان
مەم نالی سیامەند

ئەم شیعرانەی لەم کتێبەدان بەشێکن لە بەرهەمی ساڵی دوو هەزارو چوار. ئەو تەزووە گەرمانەن کە جەستە و ڕوحی زراڤ و بێ حەواسم لە کانگای سووتانی گەورەی عاشقاندا بەریان کەوتووە. سیامەند و نالی و مەم وەکی خۆر و مانگ و زەوی بوونیان خستووەتە داوی ماناکانی خۆیانەوە. سیامەند لە ئەڤینێکی موجەڕەد لە بەرانبەر قەدەرێکی ئیلاهیدا، مەم لە غەدرێکی ئەبەدی بەشەر لە بەرانبەر یەکتریدا بۆ پێك نەگەیشتن و تۆران، نالیش وەکو سیمرخێك لە نێوان ئەو موجەڕەد و غەدرە بفڕێ و گیرۆدەمان بکا بە ئەفسوونی بەرزەفڕی و پەنهانی ڕەمزەکانی ناو زمانی. دەستی بێ توانایيم بشکێ کە نەمتوانی ئەو سێگۆشەیە بکەمە بناخەی توحفەیەکی شیعریی ئەوتۆ زەمان پێیان نەوێرێ.

دڵشاد

## بەردی مانگ

دەتناسم وەكو ناسینی مانگ لەلایەن تریفەوە.

لە بیرمە،
كە بە پشتی باپیرمەوە لە قەفقاسەوە پەڕییەوە
خەونەكان سەر سفرەیان
پڕ كردبوو لە میوەی خۆش.

وەستا دیواری ئومێدی هەڵدەچنی لە دەوری ڕۆژ
سەربان پشتی چەماندبووەوە
گۆرانییەكان
دەموچاوی ڕابردوویان سواخ دەدا
بە قوڕی سۆر.

من بە دەستێكی لە شێوەی ماسی پولەكەدار
خەزێنەی بەیانی دەگەڕام
سەعات پێنج بوو
دنیا هێشتا فەریك بوو زەرد نەبوو ناوی
كۆڵانەكانی

سامیان لێ نیشت ئەو کاتەی
تاتەشۆریان لە بەردەم ماڵی با دانا.
چییە؟ سروشت پرسی
بێچووی کامە باڵندە مردووە؟

بە هەوییای دیتنی دۆستێك ڕابوومە
هەڵکورمابوو بە درێژاییی شەوی ڕابردوو
لەسەر قوبەی شین
ئەستێرە لە دەوری کەوتبوونە لەرزین.
ئەوانە کێن؟
لە سەردەمی قابیلەوە هەر لەوێن
ئەرێ شل نەبوو ئەژنۆیان
ماندوو نەبوو تەماشایان؟
هەندێکیان هەر هێندەی پەلکێکی کزۆڵەیان لێ دا ماوە
توێکڵی مەراقیان چەند جاران فڕێ داوە
گوێزی ڕەقی مانایان نەشکاوە.

سەعات بووەتە ناوی دۆستێك
ئەی دۆست! کە هاتییەوە لەسەر خێر

نامەی ئەوانەم بۆ بێنە
کە منداڵییان لەگەڵ دابەش کردووم.
بۆ فەرزێك ڕابوومە و لێفی تاریکیم لاداوە
چەند وردە مانگێك
هەندێ ئەستێرەی وردیلە
هەر هێندە ماوە لە مانای ئاسمان
ئەوانیش بڕۆن
ئەوە ژیان کۆتایی دێ
بەو شێوەی خۆر بە هەدەری دا.
هەندێ وردە شیعر ماوە دەیکەمە نەزری دۆست.
تەماشا گەڵا چۆن بە شانی باریکیان
لە چاڵە بەفرەکان دەمشارنەوە.
ئێستا شار بێ شیعرە
شوێن پێ و پەڵەی
هەندێ وشەی هەتیو ماون
باران کەی دێ بیانشواتەوە؟
حیکایەت بە باڵی بووم و باشووکە دەگەڕێن
من و سیامەند هەریەکەو

بەشە بەیانی خۆمان
دەبەینە شار
لەوێ بزری دەکەین لە بارەکاندا
بزری دەکەین لە تەلیسمی ماڵی مەزەدار.
نازانم بۆ بەو سبەینە زووە
سیامەند بۆتە لەپکەی شین بە حەواوە
لە بەرچاوی بەد بۆم بووە بە پەرژین
لە نەشئەگای ماناوە.

چیم کردووە؟ ئەوەی هەمە چەندی بەچەندی؟
کە من مەرگم بۆ پاس نەکرێ لە چاوی نێریدا
بۆم چاك نەکرێ وەکی سەلکی پیاز
لەسەر خوان دانەنرێ؟

ئەفسوونی جوانی بنێرە ئەی دۆستی لەنجەدار
بمبەستێ لە خۆیدا
گوریسی ئەگریجەی چەند تەمەن لە یەکتر گرێ دەم
دەگاتە کانگای پرشنگی دوو ڕو وەفا
لە چاوی خەجێدا.

دەرگەی بارەکان داخراون بەو بەیانییە
بەچی مەست بووی؟
لە کوێ هەڵت دا پێکی ئەو هەموو جوانییە؟

دەڵێم: سیپان چەند دوورە لە هەولێر؟
بەو زووە چۆن گەیشتی؟
لە مەیدانی گوڵفرۆشان
ئەو هەموو شەونمە کافوورەت
چۆن هێنا سەر چۆك؟
لە ناوچە دوورەکانەوە گەڕیدە و بازرگان هاتبوون
چریکەت بکڕن.
ئەو تەنە بە تەنتەنانەیان
بە ئاستەمۆکە بەرز دەکردەوە
دانەیان بەچەندی؟
ئەوانە مسکن لە گەرووی مامزی لاوکدا
وەکو ڕستەی کورتی پڕ مانا
بەخاڵ و وێرگولە بەرزەفت نابن
دەست ناکەون لە بازاڕ

هەر دانەیەکیان لە قورگی شالووری ئەفسانەی،
وڵات و مەملەکەتێك هەڵقوڵاوە
هەر ڕەنگ و بەرامەیەکی هی هاڵاوی وەرزێك و
سەرپاکی عومرێك..
خاسەڕەنگی هەریەکێکیان بخەیتە دەریا
بەو ڕەنگە دەنوێنێ ئاوی ماخولیا.

سەعات مەلی ئەفسوونی سیحرێکە
نیشتووە لەسەر بازنی دەوری خەونێك
درووود بۆ خواجەی دەستڕەنگینی شەو
کە ئەو خەونەی بۆ گۆڕیمەوە بە شیعرێك.
ئێستا هەردووکمان ترێی ناو کووپەی
خەیاڵێکی کۆنین
زارکمان بە شەمێی ماچێکی ئەبەدی توند گرێ دراوە
هەر قومەو ئەڤینێك سەودایەتی
هەر بادەو شارێك داوایەتی.

بەو سبەینە زووە بووەتە ئەستێرەو دەڕوا سیامەند
خەج لە کوێی؟

بە شوورەی شیلان، گرێ دراوە لە لچکی سەرابی ئەڤینی غەمزەوە
هەر پەڕەو سەد تەرزە دەنوێنێ
هەر بەردەو دەوەنێك
بریسکەی ڤیانێکی ئەبەنووسی لە بندا.

بە مەنتیقی بازاڕ قسەکانم هەرزانفرۆش مەکەن
گەردوون دەگەڕێ بە پشتی سیمرخ
چی ماوە بیبێژم دەرکەوێ خاپەرۆك
بیبا و بزری کا بایەکی خاپینۆك
چی ماوە بیکەمە قافیە
جگە لە دەستی سەوڵەجانی سیامەند
کە دەگەڕێ بەدوای کولێرەی جوانی
لە کوورەی بەیانیدا.

وا دێتە پێش چاوم
داستانی ئەو عەشقە کەرت بووبێ
هەر پارچەی لەلایەك
هەر تۆوی لە شوێنێك شین بووبێ.
بە بیرم دێتەوە یەکێکیان لەوانە

پیرەمێردێکی برادەری مانگ بوو
لەسەر قەروێڵەی نەخۆشخانەدا
دەستی هێندەی دارخۆخێکی خۆشناوەتی
گۆی مەمکی خەفەتی گرتبوو
لەناو چەرچەفی سپیدا دەگەڕا
بۆ بەهێی ڕووی زەردەپەڕی موعتەبەرێك
ئەویش لە قاوشی ئەوبەر
مردبوو پێش کەمێ.

ڕێی عاشقان هات و نەهاتە
هەلیلۆیا هەلیلۆ
من لەگەڵ گەورەی عاشقان
ئەو ڕێیە دەبڕم بە تەنێ.

– بەردی مانگ: شوێنێکە لە گوندی خەتێ دەڵێن. مانگ لەوێوە هەڵدێ.

# یەکشەمەی سپی

یەکەم چرا کێ هەڵی کرد؟
ئەوە پرسیاری پرسیارەکانە.

لە ماڵی ڕۆکسانا دوو شتم ئێجگار لاجوانە
یەکیان ئینجانەکانی هەیوانە
کە پڕن لە گوڵی مێخەکی سپی
بۆ پێشوازی
ئەوان لە جیاتی کارەکەر
فەرموو فەرمووت لێ دەکەن
بۆ جێگەیەك
بۆنی لە هی کەنێسایەك دەچێ
مەسیحی تێدا نووستبێ.
لەسەر پەنجەی شەماڵ دەچمە ژووری
بەلای ڕاستدا شینێکی ئاودامان درێژ
بە پەردە و نەخشی دیواردا هەڵدەکشێ
تا دەگاتە ژووری نووستن
(ئەو ژوورە ڕووناکی لێ نابڕێ).

هەندێ لە کوڕانی گەڕەك دەڵێن، ڕۆکسانە نانووێ.
شەونخوونی خەتی نێوان وەرزەکانی هەڵکۆڵیوە
لە نێوان دوو برۆی هیلالی و ڕوومەتی دەرپەڕیویدا.
بە لای چەپدا، خۆڵەمێشی مەملەکەتێك داتەپیوە
تۆزی کەوتووەتە سەر باڵی بازێك
ناتوانێ بفڕێ
چنگی لە کۆڵکە دارێکی زل گیر کردووە.
نە بازەکە ئاساییە و نە کۆڵکەدار.
ئەو دیمەنە بە ئەسکەندەر دەشوبهێنم
بەسەر جوانی ڕۆکسانەوە
یا هەر ئەوە، بەسەر خاکی یۆنانەوە.
ڕێگە بە دەم هەڵکردن و دامرکاندنەوەی بیرەوەریدا
لەسەرخۆ درێژ دەبێتەوە
هەواڵی سەفەرێك بڵاوە
ئێستا نا ئێستا ئەسکەندەر دێتەوە!
کە گەیشتە جێ
یەکەمین شت کە ڕوو دەدا
لۆچی سەرپێستم نامێنێ
وەك نەمانی خەتی تاریکی لە ڕووی بەیاندا.

بەبێ گۆچان هەڵدەستمەوە سەر پێیان
من ڕۆکسانام کچی گەورەپاشای ڕۆژهەلات
بە ویستی خۆم و بێ ئەوەی شمشێری
هیچ دەسەلاتێکم لەسەر مل ڕاگیرابێ
تەمەنم باڵی لێك داوە لە دەوری چرایەك،
سووتابێ و ڕووناکی دابێ بە هەر لایەك
ئەسکەندەری تێدابێ.
خشڵی گرانبەها جلی ئاوریشم و
پێلاوی بەڵەکی لە پێستی مار و
فەرشی دانسقە و
مۆمدانی لە زێڕ و زیو
ماڵ و موڵکم پێویست نییە
شتێك جووڵاوە لە دڵدا
نەمداوە بە گەنجینەی دنیا.
بمتوانیبا ئەو ساڵانەم لە ڕۆژژمێری خۆم دەردەهێنا
کە ئەسکەندەرم تێیاندا نەناسیبوو.
ئەو ساڵانە پیاوی بچووك تۆویان دەوەشاند
خۆیان بە قەدی دار بەلاڵووکیم ڕەحەت دەکرد
نەوەیەکیان دەویست وەکی خۆیان بچووك.

لەودیوی دەریا تاریکی شەق دەکا ئەسکەندەر
دەگاتە یەکەمین بەیانی و
لە ماڵی کراوەی جوانییەك لادەدا
کە پێشتر دیمەنی پڕ سیحری لەو شێوەی نەدیوە.
من هاتووم تۆ ببەم لەگەڵ خۆم ڕۆکسانە،
پێی وتم.
نەهاتووم لەشکری ئەم و ئەو بشکێنم.
لە شەوی بێبنی ڕۆژهەڵات
خۆرێکم هەڵگرت و
بە پشتی هێزێکی زەبەلاح گواستمەوە ڕۆژئاوا.
هەرگاڤێ تووڕەبایە دەیوت، با ڕۆژگارمان بەش کەین ڕۆکسانا
ڕۆژی تۆ بۆ من و
شەوی من بۆ تۆ
پێ دەکەنی، دەیوت وەکی خۆی لێ دێت و
لەعنەتی ئێوەم لێ نابێتەوە.
ڕۆکسانە دەگێڕێتەوە:
پردێك بوو نێوانمان
نێوانمان پردێك بوو.

شەوێك

هەردووكمان ڕازیبووین

گوڵی مێخەكی تێدا بڕوێنین.

لەو پردەوە تا دەگەیتە بەردەرگە

گوڵە سپییەكان پەرت دەبن

كاتێك لێرە و كاتێك لەوێ

بۆنی ئەسكەندەریان لێ دێ.

بە دەستی شەماڵێك دەرگەم كردەوە

دوای تەمەنێك لە دابڕان

لە ماڵی ڕۆكسانا فریای ئەو شتانە كەوتین:

١– ئەسكەندەر مردووە

پەیكەری بازەكە هێمایە بۆ هێزی ئەو

بەسەر پشتی گەردوونەوە.

٢– ڕۆكسانە تەنیایە

ژنێكی بێ كەسە لە یۆنان.

٣- بۆنی مێخەکی ڕابردوو دەمێنێ
زیاد دەکا لە پاش مردندا.
دەست لە هیچ شتێکی ئەو ماڵە نەدەی
حیکمەتێك لە پشت دەرگەدا پاسەوانە
هەرچی ببەی دەیگێڕتەوە بۆ شوێنی خۆی
تەنیا شتێك ڕێ پێ دراوە،
ئەویش خەونی ئەسکەندەرە بۆ گەورەبوون
دەکرێ بیبەی
بە چاوی خۆت بیبینی.

## سیمرخ

دوا دڵۆپی تۆفان نووساوە بە جلەکانمەوە
سێبەرێك دەخشێ لە دوامدا
دەڵێی مارە یا داڵ و باشووکە و تاژییە
هەندێك جار لە کرمی باریك و
وەکی دی لە پنی پانی سوور دەچێ.
هێزی جووڵانی لە خاکدا گیر دەخوا
شەلە شەل بە دوامدا دێ.
تەواو بێزارم لەوەی دیوومە یا بیستوومە
یا ئەوەی خەیاڵ پەی پێ بردووە
دانە دانە لە شیعر هەڵی ڕشتووە.
ڕەنگە هەندێ جار تی چاو بە ئاستەمۆکە لای دابێ
شتێکی زیاتری دیبێ لەوەی توانیویە بیبینێ.
یان ورتەیەکی زیاتری وتووە
درزێکی بچووکم کردووەتە
دیواری نێوان وتن و نەوتنەوە.
یان ئەوەتا دوگمەیەکی زیاترم واڵا کردووە

چەند سەنتیمەك بەرەو سەرتر هەڵكشاوم
بەڵام بەرلەوەی بترازێ و
لەبەریەك هەڵوەشێ ڕستەكان
دەركەوێ هەناوی شتەكان
ڕووم وەرگێڕاوە
جورئەتم نەبووە
جورئەتی تەماشا.
نەمتوانیوە بەیانییەكەی جودا ببینم
هەڵ بێ لەسەر ماڵێكی بێ میچدا.
جگە لە باران چ شتێك هەیە بباری
بەو هێزەی لە ئاودایە
چاڵ و چۆم پڕ بكا
كەس پێشی پێ نەگرێ؟
خەیاڵ دەمبا بۆ لای سیمرخێك
بێ و بمبا
پێشڕەویم بكا
سیحری خۆیم لێ بكا.
ئەی هێزی دارژان لە تاڤگە و

هێزی سەرکێشی و هەڵکردن لە بادا
خۆت بدە لە ڕۆخ و کەناران
جارێك و دوو دە تا دەشکێن
لە سەد لاوە دەپچڕێن.
ئەی هێزی تێکدان لە بورکان
زمانم لە کێوی شەویلاکەوە دەربێنە
تا ڕیزە ددانی نەوتن نەیگرێ
دەرگەی لەسەر قفڵ نەدا لە گۆچوون.
مەلی نیگا بفڕێ و ببڕێ
هەرچی تخووبە لە نێوان
مرۆ و باڵندە و ئاژەڵان.

دەشتی پڕپووش و پەڵاش پڕە لە سوێسکە
هەندەك جار گێلانە ڕادەکەن
پێیان بە داوی ڕاوچیان وەدەبێ
خۆیان لە تۆز و خۆڵێ وەردەدەن
ڕزگاریان نابێ.
ئەو ناونیشانە بۆ من ئاوهایە

که وتم، سیمرخ
ئیتر دیاره ڕێ بەرەو کوێیە
کەش چ کەشێکە و
ئەودیوی ڕووداو
چ سیحری لێیە.

خواوەندەکان ماڵی خۆیان جیا کردەوە
لە بەهەشتدا نایانبینی
لە دۆزەخدا نایانبینی
لە پاکژگە نایانبینی
ئەو سێ کیشوەرە هەموویان،
ماڵی مرۆن
ئەوان لەوێ سزا دەدرێن
پاکژ دەبنەوە
یا پاداشت دەکرێن.

کلیلی ئاگر دەگەڕێ لە جەستەدا
زمانی گەرما درێژ بووە
هەرچی دەیڵێ نایگێڕێتەوە

لە نووکی پێوە تا ئەژنۆ
مێروولەی سوور دای پۆشیوە
گەرا لە بن موو دادەنێن.
ئەو خوارە دۆزەخە لە جەستە
هەوەسی تێدا دەگەڕێ
بە مردنیش دانامرکێ.

پاکژگە لەلای ناوکەوە
چووەتە شێوەی هێلکەیەك
هەوا لە دەوری دەسووڕێ
قەپێلك دەشکێ
کەسێك بەڕێوەیە دێ
لە گۆمی نادیارەوە سەرتۆفان دەکەوێ.
بایەك دێ
بەرەو باکوری دەبا بەرەو باکور
ئەوەی دەتەوێ لەوێیە
کتێبی سیحر و پێشبینی،
هەرچی ئەستێرەناسە وا دەڵێن.
لە قەفەسی قەبرغەدا

مەلێك دەخوێنێ
پاكژگە پڕ دەكا
پڕاوپڕ لە ئیلهام.
بە كوێدا سەركەوم
تا دەگەمە بڵندترین جێگە لە شان
وریا نەبم هەڵدەخلیسكێم
بە دەماری لاملەوە دەكەومە سەر دەفەی پشت و
لە كوێ هاتووم
دەگەڕێمەوە هەمان شوێن.
ئەگەر هاتوو بشمێنمەوە،
سیمرخێك دێ
بە كونێكی تەنگەبەردا
دەمبا بەرەو دوورترین جێ.
ئێستا سیمرخ خەیاڵە لە مندا دەگەڕێ
نافڕێ لە دەرێ
پەڕی تیژی دەچەقێ لە لەشم
هێزی دۆزینەوەی منە
دەفڕێ لە ئەودا.

## پڕۆژەی کوشتنی خۆ

شەڕ دەستی پێ کرد.
ئەگەر دەستی پێ نەکردبا
بەو تەمەنە نەدەچوومە شەڕێ.
سی ساڵ بەر لە ئێستا،
خۆم لە شەڕ دەدزییەوە
سی ساڵ بەر لە ئێستا.
ماڵە کۆنەکەمان فرۆشت
لە دیواری خشتی قووڕدا
لەو جێیەی دەلاقەکانمان پڕ کردبووەوە
باوکم خەنجەرێکی پڕ ئەفسوونی باپیرمی شاردبووەوە
دەیزانی پێوستی پێی نابێ.
ئەو پیاوێکی ئاشتیخواز بوو
بە تەنێ دەچووە دەرێ
شەو درەنگ نەدەهاتەوە
کەسی دوژمن نەبوو
لێشم نەبیستبوو ڕقی لە کەس ببێتەوە.

شەڕ دەستی پێ کرد
من دەچمە شەڕێ
بێ ئەوەی هیچ مەبەستێك لە گۆڕێ بێ
جگە لەوەی بیسەلمێنم
منیش دەتوانم پەنجەکان لە دەسکی
خەنجەر وەربێنم
لە کاتی وەشاندنیدا دەستم نەلەرزێ.
لە یەکەم هەڵمەتدا
خەنجەر لە کالآنی گیر بوو
بە ئامان و زەمان نەدەهاتە دەرێ
کە لە بەردەمی یەکێکدا وەستابووم.
وام مەزەندە دەکرد ئەو کەسە دوژمنە
نەیکوژم دەمکوژێ.
من هەڵەبووم ئەو کەسە هەو نەبوو
ئەوی تریان پڕۆژەی منە بۆ کوشتن
دەچمە بەردەمی
سڵاوم لێ دەکا سڵاو دەستێنمەوە.
من دوژمنی خۆم بە زەحمەت دەناسمەوە.

دوژمن کێیه؟

دەستم لەسەر مشتووی خەنجەر سارد دەبێتەوە

زمانم تەتەڵە دەکا

ڕەنگم دەبزڕکێ

کەسێك نییە بشێ ببێ بە دوژمنم!

دەمی خەنجەر بەلای خۆمدا دەسووڕێنم

ئەوەی پێویستە بکوژرێ

تەنیا خۆمم.

# شەوێکی حەسناوا

بۆ ڕێبوار سیوەیلی

تازە لە نووسینی شیعرێك ببوومەوە
دەمزانی شتێك پەڕیوە
دیمەنێك سڕاوەتەوە
وێنەیەك کەوتووەتە نێوقەدی ڕەشنووسەوە
ڕستەیەك و هەندێ وشە و ئاوازێك لەبیر کراوە.
شتێك لە شیرینی هەنگوین دیار نییە،
زار تامی ناکا.
شتێك لە شینایی ئاسمان بزرە،
چاو نایبینێ.
شتێك لە شەو
تاریکی پەی پێ نابا
شتێك ماوە لە نەمری
تام و بۆ و ڕەنگی،
هەموو شتەکانی لەخۆ گرتووە.

ماڵەکەمان پشتی لە ڕۆژ و
سەری مەست و گێژ.
لێی نزیك بیەوە
شێوەی خۆتی تێدا دەبینی.
دوورکەوییەوە
هەسارەیەکە،
هەر تەنیا تیشکی بە دەرەوەیە
ناخی بزرە.
لە پێچی حەوشەدا
حەوزێك لە بیچمی ئەژدیها
پیێ دەکەنێ بە ڕووی ڕۆژگار
هەیکەلی بەردین لە چەند لا دەوری دەدا
ئاو لە قورگیانەوە فیچقە دەکا
قەوزەی حەسرەت دەنیشێ لە بنی
جوانی هەڵدەدا بە ڕووتدا.

ئەو باڵەخانە پڕ لە سێبەر و ڕووناکییە
پڕ ئاوێنەی جۆراوجۆری
سەر دیوار و
بن تاق و پەنا و پەسێوە.

تەماشای هەرلایەك بكەی
شتێكی خۆت دەبینییەوە
ڕەنگە ئەو شتە دەنگێكی لە دەمدا گیر خواردوو
یا ئاوازێكی بەسەرچوو
یا ڕەوتی بە پەلەی ڕۆیشتن و
هێدی هێدی گەڕانەوەی،
بەر لە وادەی كۆتایی بێ.
بن هەر پەلكێك، بن هەر دەرگە و
ڕۆخی هەر ئاو و جۆگەیەك
لچكی هەر فەرش و دۆشەكیك هەڵدەیتەوە
پڕە لە تۆزی تەمەن و
سێبەری حەز و
مەراقی كەوتوو بە دەمدا.
ئەو دیمەنە شینانە هەر هاتوون و ڕژاون
ماڵ پڕبووە لە سیمایان
هەندێكیان بە ئاستەم دیار و
ئەوانی تر نادیارن.
ڕۆحی ئەوان لێرە ماوە

لەشیان ڕۆیشتووە.
لەناویاندا،
تەماشای کەسێك تۆخترە
زوو بەدیار دەکەوێ
توند هەرتك چاودەگرێ.
پێشتر ئەو کەسەم ناسیوە
لە شیعرێکیدا، منی وەکو لاسکە ڕێواس
لە بن بەفرێ دەرهێناوە.
تامی کردووە
بەو تامە تاساوە قافیەی،
ترازاوە کێشی.
بۆ ڕاستکردنەوەی،
بەردی خەوێکی دژواری
لەبن کەلەکەی داناوە
هێندەی تر لار بووە و بە دەمدا هاتووە.
بکەوێ،
وردوخاش دەبێ ئاوێنەی ڕەنگداری.
دڵم لەو شوێنە عاسێیە
کە قوبەی تەلیسمی تەماشای

کەمێك شەق بووە
بەدەستی وەستای کارامە
هەرچەندی دەکا چاك نابێتەوە.
بەو شێوەیە شەو دەڕوا و بەیانی دێ
ئەویش گزنگی ماخولیای
لەو درزەوە دەنێرێ
شاران دەگەڕێ
لوغزی وا ئاڵۆز،
جوانی دانسقەی وای دەست ناکەوێ.

ماڵەکەمان لەسەر هەمان دەماری خاکە
کە دارولئیحسانی لەسەر دروست کراوە
بەو دەمارە خەونەکانم دەبەستمەوە.
لەو شوێنەی (نالی) دەوەستا
بۆ چاوەڕوانی شتێك بێ
یا کەسێك بگا.
گیایەك شین دەبێ لەبەر پێی
ڕووەکناس نەیدیوە.

ورده گوڵی خەنەیی دەگریٚ
دەبریسکێنەوە ئەو ورده گوڵانە
لەبەر تەماشام.
وەکی دی کەس هەستیان پیٚ ناکا
بۆنیشیان کەمێك سووکترە
لە بۆنی خۆخ لە کاتی فەریکیدا
کە توند دەبیٚ لە بن سووخمەی گەڵادا
یا لە بۆنی مانگ لە شەوی بەهاریدا.
ئەی گوڵە وردەکان!
ئەو هەموو ساڵانە لە کویٚ بوون؟
لە دەماری خاك هەندێك جار
دەنگێك دیٚ هیچ گوێیەك نەیبیستووە
یا ڕەنگێکی وا دەبینریٚ
تاکی نییە لە تابلۆی هیچ هونەرمەندێك
وەکی چۆن هەندیك جار
لەناو ڕەقەن و بەردەڵان
باخی وا دەڕویٚ
کە میوەی لە خۆشیدا
شان دەدا لە تامی میوەی کویٚ و کویٚ.

قافیەی ئەو هەجووە ئاوریشمە
گریّ دە لە پەنجەم
با بسووڕیّ چەرخی بیّ ئابڕوو لە دەوری جەستەم.
کوڕ زۆرن،
هەندێکیان، خەنجەری جەواهێر بەندیان،
شەڕ دەکا لەگەڵ دوورترین ئەستێرە،
لە بریقەدا.
یا لغاوی میناکاری ئەسپەکانیان،
خۆی دەدا لە قەرەی،
نەخشی ڕۆژ لەسەر ڕووی دەریا.
هێندە توند دەست دەگرن بەو لغاوانەوە
شوێنەواری لەناو دەستیاندا دەمێنیّ
هەر بۆ ئەوەی بێن و لە بن دیواری حەسناوا
گوڵی سووری مەراق بڕوێنن.
کەس چارشێوەی گوڵ گوڵی لانادا،
بۆ دیتنیان.
تەماشا هەمووی هی تۆیە!
کوڕ زۆرن بەڵام هیچ یەکیان نالی نین

لە ئاشنایی لەگەڵ ڕوحدا.
ئەو کاتانەی شەرمێکی سپیباو دەنیشێ لە ڕوویدا
سپی دەبێ ئەوەی هەیە لە دەوریدا.
بەو ڕەنگەوە دێتە پێشوازی
هەرچی جوانییە لە وشە و
لە ئاواز و
لە مانادا.
هەندێك جار نە کوڕە هەتا شووی پێ بکەم
نە دۆتە هەتا بیکەمە دەستەخوشك
نە بابەو نە کوڕ و نە برا
جیاوازە و
چەند پایەیەك بڵندترە لە هەموویان.
هەندێك جار خۆم بە ئاوی جۆگەی مزگەوتی دارولئیحسان دێتە بەرچاو
کە نالی دست نوێژی لێ دەشوا
تەڕم دەکا لە دەستیدا
بە دەموچاوی خۆیمدا دەکا
سەری سەرامەدی خۆیم پێ تەڕ دەکا.
خەون هەموو ئەو شتانە دەگێڕتەوە

کە من بەختوخۆڕاییی لە دەستم چوون.
کوکوختییەك فێر بووە
لەودیو پەنجەرەی حوجرەکەی
هێلانە دادەنێ.
هەمان کوکوختی جارانە
بێچووەکانی گەورەبوون و
بە تەنیا خۆی هاتووەتەوە
چی ببینێ ئێوارە بۆم دەگێڕتەوە.
لاسایی ئەو دەکاتەوە
کە دادەنیشێ
دەستی دەخاتە بن چەناگەی و
پەنجەی لەناو مووی سپی دەگەڕێ
یا ڕادەکشێ
کە دەڕوا یا دێ
کە دەدوێ یا دەنووسێ..
ئەو جیاواز بوو لە کەس نەدەچوو.
من ئەو ناسکییەم لە کەس نەدیبوو
لەناو مەلانیش
دەنووکی وا سوور

تووکی وا نەرم و سپیم نەدیبوو.
هەندێك جار دەمبینی نوستووە
کەچی لەبن ڕیزە داری حەوشەی مزگەوت
تارماییيەك بوو نەدەسرەوت
چرایەك بوو دەگەڕا بۆ کەسێك
بزر بووە لەناو شەودا.
دەزانم ئەو کەسە کێیە، کوکوختی دەیوت.
بەڵام شەرم دەکەم
لە حزووری تۆدا ناوی بێنم!
بیڵێ و شەرم لە من مەکە.
ئەو فڕندە بەسەزمانە سەری دەخستە بن باڵی
نەیدەورکاند لەوە زیاتر.

(کچ زۆرن، کەچی مەبەست مەستوورەیە)
نالی لە نامەیەکیدا بۆ دۆستێکی وای نووسیوە.
چەند کەیفم بەو قسەیە دێ.
دوو هەزار بەیتم نووسیوە
بەیتێکم لێ عاسێ بووە
نە بۆم دەوترێ

نە پێشم لەبیر دەکرێ.
سونبولە و خونچەبۆ و کەلسوومە شایەدن
دارقەزوان و دارهەنجیر و دارقەیسی شایەدن
کەیوان و ناهید و ئەستێرەی بەیانی شایەدن
چەند شەقیمە لە سۆراخی ئەو نامەیە و ئەو بەیتەدا
نە کەس هیچی لێ دەزانێ
نە خۆم ئەو سەربەندە قورسەم پێ دەوترێ.

هاتە خەوم وتی هی تۆم.
ئۆخەی لە کوێوە پەیدا بووی
بمکێشە لە خۆتدا
بمگێڕە بەناو قەسری موعەللا و ئاوێنەڕێژدا
بمبە سەر گردی نمەگینی بێ گیا.
دەستم گرت و وەکی منداڵ و پیرێك
بزر بووین لە جوانی سێبەری یەکتردا.
کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێ و چ شا بێ
لەو دەریا بێ بنە
دووری لەو چەشنە گرانبەها و
دانسقەیەی دەرهێنابێ.

بەیتی وا بە کێ دەوترێ
هەزەلی عاری شوعەرا
تەحریری خەیاڵ و خەو
ئەسراری هوودا
بادی هەوا بێ
دەعوای بوون و نەبوونی
لەسەر تەختی کرابێ؟
بەیتی وەها کوا
چۆن پەیدا بێ؛
کە من دوو دەستم لە خەنەی مەرگ گیرابێ
گەنجینەی میرنشینیم بە دەستی ئەم و ئەو دزرابێ.

تێبینی:

حەسناوا: بەراوردی بکە لەگەڵ کۆشکی حەسناوا لە شاری سنە کە میرەکانی ئەردەڵان تێیدا ژیاون، لەوانە خەسرەوخان و مەستوورەی خێزانی.

– مزگەوتی دارولئیحسان لە شاری سنە نالی ماوەیەك تێیدا ژیاوە.

– هەندێ ڕستە و دەستەواژەی شیعریی نالیم لە قەسیدەکەی مستوورە وەرگرتووە.

## سێ شوێن لە ڕستەیەکدا

کەڵەك:

نوێژی سبەینێم لە مزگەوتی دارقەیسییەکان کرد کە
گوڵی بەفرینیان لە بەرۆك دابوو، لە تەنیشتمەوە ڕووبارێك
بە چۆکدا کەوتبوو بۆ ئەو هێمنییەی دارستان
بەخشیبووی بە زەوی. چاوم پڕ بوو لە ئاو لە دیتنی گوڵەحاجیلە کە
گردەکانی دەوری کەڵەکیان پڕ کردبوو لە ڕەنگی سپی.
من بۆ تەهلیلەی ئاو چووبوومە ئەو ڕۆخانە لە پڕ
شەونمم بینی لەسەر فەرشی پەلکەکان، لامدا و
لەوێ ماوەیەکی باش مامەوە. لەزەتم لە تاریکی
ئەو قەراخانەدا پشکووت، پەیکەرم لێ تاشی
لە شێوەی باڵندەیەکی ڕەنگ خۆخی تووکندا، هەڵفڕی
باڵندە، مەچەکم هەڵماڵی و لە شەپۆلدا شێوەیانم دۆزییەوە.
گرتم، ئەو شێوانەم لە شیعردا نیشانی ئاسمان دا
ئەویش کردی بە هی خۆی، بەو جۆرە ئیلهامی من و
ئەو لە هەوردا تێکەڵی باران بوون. لەو جێگەیەی کە
برووسکە بە خەریاڵم کەوتبوو، جوانییەك

هەڵتۆقا من پێم دەوت خەون کەچی ئەو لە بن زمانیدا
یەك دوو دەنگی خڕ کردبووەوە، هەرچەندی دەکۆشا پێی نەدەوترا.
لە قەراخ ئەو ئاوانە، پاشماوەی گەشتێکی زۆرنزم دۆزییەوە.
لەوێ لە سێبەری کالیی تۆسەکاندا مەملەکەتی بۆنم دروست کرد.
وشە و ڕستەی جۆراوجۆرم کەڵەکە کرد، لە بەینی دوگمەی
بەردەکاندا قارچکی تەڕی توندوتۆڵم کەوتە بەر پەنجە،
سبەینێ کە تەماشام کرد سەری پەنجەکانم ڕەنگی گێلاس و
ئاوێکی بۆنخۆشیان بەسەرەوە بوو، لەو ڕەنگ و لەو بۆنە
نەسڵەمیمەوە و خانووی شارەکەم بەو ڕەنگە بۆیە کرد.
ئەی میوانی تریفەییم کە هاتی ئەو ڕەنگە دەبینی
بەسەر دەرگە و پەردە و دۆشەك و کراس و
کۆمەدی و شانە و ئاوێنەکانمەوە
ئەو بۆنە دەکەی لە پرچ و سمێڵ و لامل و بنباڵ
لە بادە و لە مەنجەڵی ئێوارانداا
کە ئاسۆ دەیخاتە سەر ڕۆخی گردەکان
خۆر لە ژێریدا دەسووتێ
بۆ ژەمێکی دواتر و ڕۆژێکی دواتر و
سەردەمێکی دواتردا.

چێشتەنگاو کرمەکان دەجووڵانەوە لە دەمار و بن پێست و
چاو پڕ دەبوو لە ڕەنگی ژنە هەرکییەکان، ئەوانەی بە پەڕی
تاوس و بە ڕەوتی کزەبا پووش و پەڵاشیان خڕ دەکردەوە،
نانی جوانی خۆیان دەبرژاند لە بەر ئاگری ئەو پاشماوانەی
سروشتدا دەیانسەلماند، ئەوان باشترین ڕۆڵەی بەردن
لە لووسیدا، کە خلبوونەوە لە شوێنە بەرزەکان و لە ڕۆخی ئاوەکان
لە قوڕ و لیتەی ماندووبووندا چەقین. ژنە هەرکییەکان!
هەندێك جار دەبوونە شیرینی قەیسییەك بەر لە وادەی
گەیین دەکەوتنە بەرزمان، دەبوونە هێلکەی بچووکی
باڵندەیەك بەر لە ترووکان دەخوران، دەبوونە پیاڵەیەك
بەر لە پڕبوونیان دەشکان
ئەی ژنە فەریکەکان!
کەڵەك بە ئێوەوە جوانە.
من نەهاتووم بۆ ئەوەی پیاوە قۆقزەکان بێنە پێشوازیم، من بۆ لای
ئێوە و بۆ پشکوتنی گوڵە هەرمێیەکان هاتووم، تکایە
دەرگە قەوزە لێ نیشتووەکان بە هاستەم
بکەنەوە، درزێکی بچووك بخەنە پەنجەرەوە،
من لەبەر ئێوە ئەو هەموو ڕێگەیەم بڕیوە، بۆ وەسفی

نیوەڕۆیەك كە تیشكی بنێشتە لە بن ددانی ئێوەدا
دەبریسكێتەوە.

پیرمام:
چاوم نووقاندووە دەمەوێ ئەو ئێوارەیە نەفڕێ و لەگەڵ خۆمدا
بیبەمە ناو جێگە. تەمەن لە ڕۆژە دژوارەكانیدا پێویستی بە تریفەی
ئەو جۆرە سیحرانەیە، كە لێی بدا و شەنگی بكاتەوە لەبەر هەیوانەكاندا.
حەفت ڕۆژە ئەو دەشتە گەرمایی خڕ دەكاتەوە تا گەنمەكانی منی
پێ زەرد بێ.
لە زوورگەكانەوە تا بەردە گەرمەكانی بەستۆڕە، هەموو جێ
پەراسووەكانی منە. بەپێچەوانەی هەموو ڕۆژەكانی ترم، وێنە و
دیمەنەكانم لەسەر سك ناخشێنم بەرەو منداڵی، كۆشی
ئێوارەم پڕ نییە لە سێبەری باڵندەكانی بن گوێسوەبانە، گیرفانم
مشت نییە لە قسەی ناو قەیسەری، كە پیاوەكان فێریان
دەكردم: ئەو ژنە بازاڕییە خۆی لە هەموو دووكاندارەكان
چاك كردییە، یا هەموو سبەینان سەبەتی جوانی
لە دەستی هەڵدەكێشێ دەیگێڕێ لەو كۆڵانەوە بۆ ئەوی تریان..
پیاوەكان پەنجەیان بۆ ژنەكان درێژ دەكرد: ئەو ژنانە نە پیاویان

هەیە، نە ماڵیان هەیە، نە منداڵ..

ئەو ئێوارەیە قەڵاتم بە تەنیا لەناو تەمی قسەکان جێ هێشت.
بە هەگبەی لە بەنی ڕووتی خەونە نەدیوەکانی منداڵییەوە،
بە شاقاوی گەنجێکی شەرمن کە لاقی تێك بئاڵێ لە ئاست
تەماشای زەردەپەڕدا، لە بنی پیرمامەوە بە بەردە تیژەکانی
پەنا لۆفەکان سەرکەوتم، دیمەنی لووتکە لە سەر و کەشیدەی
پیاوێك دەچوو منی خستبێتە ژێر باڵەکانی بەزەییەوە.
هونەرمەندێك نەیتوانیوە ڕەنگی بەرزایم نیشان دە وەکو چیا
من ئەو هەموو ڕەنگە قاوەییە سووتاوە لەو دەبینمەوە، کە دێمە خوارێ
فەرشەکانی دڵنیایی پێ ڕەنگ دەکەم.
بۆ ئەوە لە ماڵ نەهاتوومە دەرێ تا ببمە سێبەری گیای ڕۆخی
گۆماوەکان، پێیەکانم ئامرازی نیشتەجێبوون نین،
چاوم دووکانی لاکۆڵان و دەستم قفڵی دەرگە نییە.
ئاوی بەختم بۆ سەرێ دەڕژێ، پێ دەچێ بچم بە گژ چارەنووسی
تەم داگرتووی سەری خۆمدا. لە نووکی پێوە تا موو لە سەردا
دەمێنێ خولیام لە لەشدا دەگەڕێ. هێشتا هیچ لووتکە و
بەرزاییم نەدیبوو کە پیرمام بردمی، لە گەشتێکی دا سەری
خستم تا گۆشە بەرزەکانی. ئەو کێوە سێگۆشەیە

بەهەرلایەکدا بکەویٚ، هەمیشە سوچێکی لە ئاسمان دەمێنیٚ.
تا نەگەیشتمە ئەو شووێنە نەمزانی
جیهان هێندە گەورە بووە
شوێنی بڵندیش هێند زۆرن.

کونەگورگ:
نیوەڕۆی خەیاڵم لە ڕەگی
حەرفێك دەکردەوە کە جووتیارێك چاندبووی لە ئاقاری خۆیدا.
شەڕ لەو دەنکە گەنمەوە دەستی پیٚ کرد، بەیانی کەڵەشێر
لەسەر ئەو دەنکە خوێندی. کە تاریکی لە زەوی بووەوە چووە
ناو چاوی مارێکەوە، ئەویش بن بەرد و کەستەکی
پڕ کرد لە گومان. ئێستا دەزانم من و زەوی  چەند ئاوی
پیس و کەند و دڕکەڵانمان لە نێواندایە.
لەو چەقێنەدا چی بڕوێنم لە تەماشا؟
گوڵە زەردە بۆن گرانەکان تۆزیان دەکەوتە
سەر دەست و قاچی شەرواڵ هەندیٚ پووش و چیلکەی مردووی
لیٚ گیر دەبوو، دەترسام لە مارێك لەو کونانەوە زەفەرم پیٚ ببا.
هەڵکشیٚ و شتێك لە پیاوەتیم ببا.

ئەو جۆرە گوڵانە بە تامی لاسکیان دەسنامەوە، ئەو جۆرە
شوێنانە بە خەونی منداڵی دەپێوم.
کونەگورگ تخووبی گیرخواردنم بوو لە دنیا
ئەو بوو بە کێشی ترسی ناو دەنکە خۆڵ، کاتێ
مشتێکم لەو خۆڵە دادەنا لە بەرانبەر موڵکی قاڕوون
هێشتا تەرازووی ئەندێشە لاربوو بە لای ئەوەی مندا.
بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە دڵۆپە ئاوێك لەو زوورگانە پەرێشان بوو
بۆ دیتنی دۆستێکی کۆن. دەیزانی هەورە درۆزنەکانی هاوین
هیچ قسەیەکی خۆشیان پێ نییە. من تەرمی ڕۆژێکی خۆم بە پشتی
ئەو دڵۆپەدا گواستەوە، کە شووشتیان ئاوێکی زۆریان پێدا کرد،
ئەو دڵۆپە لەناو چاویدا مایەوە.
سوێندم بەو دڵۆپەی مردن!
سپێدە وادەی وشکبوونی هەنجیرە لەناو سەبەتەی زاری
ژنێکی ئەسمەردا. لە منداڵییەوە من ئەو قلەم
لەو سەبەتەیە داناوە، ئەو جۆرە میوانە ناخورێن، هەر عومرە و
جارێك بۆن دەکرێن.
لە نزیك ماڵی هەنجیری بێوەژندا تەڵەیەکی زمانم تەقی
شیعرێکی شیرینی پێوە بوو، بیبە بۆ خۆت.

ژیان لەو ماڵە نزمانە ئەو هەموو ترسەی ناوێ
بەیانی هەستی و شوێنەواری نووستن لەناو جێگەی
خەڵکی تردا خڕکەیتەوە.
بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە، کە من وەکو لەهانە لە تەنیشت بیری
ترسێکی قووڵدا، چارۆگەی گەڵام لە خۆم پێچابوو،
چۆنت بشارمەوە
هەش بەسەر، تووکی دەست و قاچت
لەناو دارکە باینجان و پشتی جۆگەکاندا ڕەش دەچنەوە، چۆنت
بشارمەوە، تکایە هەر هێندە بەس بێ، شەرتم لەگەڵ
با کردووە، لەو ئاقارانە بزرم بکا منیش تا ماوم ئیلهامی خۆمی بدەمێ
دەرگەی ماڵی بۆ بکەمەوە بە هەوەسی خۆی بگەڕێ لە ژوورەکاندا.
بە ئەسپایی ئەو سپێدەیە لوول دەدەم و بە لاڕێدا دەگەڕێمەوە.
کونەگورگ کەوتووەتە پشتمەوە
هێشتا هەتاو چەند باڵێکی ماوە بگاتەوە لێوارەکان کە من
دەرگەی ماڵەکەم دەکەمەوە و ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی پشت
دیوارەکاندا گوڵە ڕەیحانی ئەو ژنە بۆن دەکەم
کە نەمتوانی دوای ئەو جارە
لە هیچ شوێندا بیبینمەوە.

# گۆمی پوونگ

بۆ جەلال بەرزنجی

بۆی نووسیوم دەوروبەری پیری دێمەوە.
بە تەنیا ئێمە پیر نابین
کۆڵانەکانی منداڵیش لەگەڵمان پیر دەبن.
کە هاتیتەوە،
هەرکات بوو ئەو کاتە ناو دەنێم جەلال
بەیانی بوو، دەڵێم: ئەو بەیانییەی جەلال هاتەوە
نیوەڕۆ بوو، دەڵێم: ئەو نیوەڕۆیەی جەلال
ئێوارە بوو، دەڵێم: ئێوارەی جەلال.
ئەگەر بە سواری فڕۆکە هاتی
لای گۆڕی مریەمە دیان دەنیشی
لە کەنداوەوە تا تخووبی ڕاوگەی جارانی
سەلیم قاقا چەندی دەوێ؟
من بە سواری گالیسکەیەکەوە دێمە پێشوازی
قاچەکانی بەسەر پشتی ئەو خۆرەوە خوول دەخوا
کە لە قوتابخانە پێکەوە دەمانخوێند

ئەو بووە کرێکار

تۆ بوویتە مامۆستا

من بۆ تەواوکردن چوومە بەغدا

بەڕێی قوڵینگەکاندا وەرەوە

تۆ ئەو ڕێیە شارەزای

لە خوارسکتانەوە تێکەڵی بەهەشت دەبێ.

زوو هەواڵم پێ دەگا

بە بۆن دەزانم نزیك بوویتەوە

بۆنی گوڵە حاجیلە زوو پەرت دەبێ زۆر دەڕوا.

بە خۆ بە چەتری مشەمما

لە بن دارێکی لاڕێگە

دەست لەناو گیرفان

تەماشای بارانی ڕەحمەت دەکەم

لە بن دوورترین ئاسمانی دنیا.

کە هاتیتەوە

لەلای یەکەم قانەپونگی ڕۆخی گۆماوەکان بوەستە

لەوێ یەکتری دەبینین

کە پیر دەبین

قەدری ئەو شوێنە چەپەك و
ئەو دیمەنە وردیلانە
زیاتر دەگرین.

مریەمە دیان: مەزارێکی مەسیحیانە لە نزیك باڵەفرگەی.

سکتان، ئێوار، بارانی ڕەحمەت: یەکەمیان گوندێکی خۆشناوەتییە، دووەمیان کچی جەلالە، سێیەمیان دیوانێکیەتی.

## پڕۆژەی نووسینەوەی دەستنووسێکی کۆن

ساڵی حەفتا و چار لەسەر مەزارێك کەشکۆڵێکم دۆزییەوە
بەرگەکی چەرمی لێ پێچرابوو، لاپەڕەکانی ڕەش کرابوونەوە
لەلای دامێنیاندا جێگەی پەڕاوێزێك مابووەوە، وەکی دی
لای ڕاست و چەپی ڕستەکان بە قەد دوو ستوونی بارێك
سپیاتی مابوو،

من ئەو شوێنانەم پڕ کردەوە

میتالی شیعرم هەڵکۆڵی

هێز و توانای تۆزقاڵی خۆمم تێدا تاقی کردەوە

تا ئەو کاتەی، لە بوومەڵێڵی گوماندا

هێڵی دەموچاوێك دەرکەوت

ئەوە چەند ساڵە دەگەڕێم

بە کەسێکی بشوبهێنم

ناگەمە هیچ.

ئەوەی ئێستا دەینووسمەوە هی ئەو کەشکۆڵە کۆنەیە

تەنیا ڕێنووسیم گۆڕیوە

هەندێ ڕستەیم پاش و پێش کردووە

سەروبۆرم بۆ حەرفەکانی داناوە
ئەوی تر هەمووی کەسێك نووسیویەتی
نە ناوەکەیم بۆ ساغ بووەتەوە
نە ساڵی نووسینی.
ئەزماوم لە حیکمەتی ئەودا
هەندێك جار لە جیاتی وشە
پەلکی دارێکی کردووەتە هێما
بۆ ناساندنی خەمێکی باریکی
یا پەڕی کتێب و لاجانگی بەردی
بە یەکدی شووبهاندوە
هەردووکیشیانی لە جوانیدا
بردووەتەوە سەر کچێکی ئەسمەری بایەزید
کاتێ دەستی بۆ بردوون
یا قسەی لەگەڵدا کردوون.
کووپەی مەستبوونی پڕە لە شکۆ
هەندێك جار کە شانی داکەوتووە
لە پێچی مەندیلدا
گزنگی سپێدەی شیعرێکی دەرکەوتووە

شەوقی گەیشتووەتە سەری باڵامبۆ.
ئەوسەر و ئەمسەری
زەوی بە یەك بەستووەتەوە
لە ڕستەی کوڵکن و
لە هێمای مێخەکیی و
لە جەستەی ئەرخەوانیدا.
ئەزمامە لە دیمەنی ئەودا
دەموچاوی لە پانیدا
خەرمانەی داوە لە دەوری گۆی زەوی
لە درێژیدا،
چەند قولانجێك بڵندترە
لە تەختی هەرچی پاشایە.
لە جێی زمان، ئاوی جۆگەیەکە دەڕژێ
پێشەخۆی دەدڕێ.
لە جێی دوو چاو جووتێ پەنجەرە
چەپ و ڕاست ڕووناکیان لێ نابڕێ.
لەو پەنجەرانەوە تا شینایی لە ئاسمان دەکەوێ
شەو دەکشێ

لەسەر فەرشی بەرپێی ئەودا دەنوێ.
دوو بێچووە کۆتر لەو شەوە
بۆ گەورەبوون فرتەفرتیان تێ دەکەوێ
لە بن ساپیتەی ماڵێکی قوڕدا.
لە جێی چەناگە تۆپەڵە بەفرێك
چۆڕە چۆڕەی کەوتووەتە بنی
بەو دەنگە خەویان لێ دەزڕێ
هەرچی مەل و مار و مێرووە
لە ڕۆخ گۆلاوی ئەندێشەی
شەوێکی بێ سەروبندا.
لە جێی ناوچەوان تاقی بێستوونە
فەرهاد قوڵنگی تێدا دەوەشێنێ
[کەشکۆڵەکە باس لە شەوێکی زستان دەکا
کە عاشقگەل لە کێوان ماونەتەوە
شەقی بوونە لە دوای سۆراخی
مێگەلە حەزی بزربووی فەرهادی کۆکەن دا..]
کام شەو بوو کە هەوری شیرین هات ئاسمانی لێت تەنی؟
بە پشتی کام بادا خەیاڵی مەمت برد،

بۆ لووتکەی چارەنووس؟

کام شەو بوو کامە شەوی دوور و درێژ

کە تۆ لە پشتی پەردەوە

قەترە قەترە ئاوی ئومێدت دەتکاندە

ناو کووپەی هۆشی نەتەوە؟

حیکمەت لە مەم و زین چی بوو،

لە پەنا تاوێری زاگرۆسدا؟

مەبەست چی بوو

لە پێکەوە گرێدانی

ئەو هەموو مردنە

بە گەردنی کچێکەوە؟

سەردەمەکان دێن و دەڕۆن

کەچی تۆ دەمێنیتەوە لە مەم و زیندا.

خۆشەویستی بێ مەرگ دیوارێکە بێ پەنجەرە

لەوەش هێوەتر هەڵکشا ئەحمەدی خانی

کاتێ لە دوا قەسیدەدا

خۆشەویستی لەو دەرکەوە هێنا ژووری

کە مردن لە دوای خۆیدا

بەکراوەیی بەجێی هێشتبوو.
سێبەری شیعر پەرت بووە
پەرت بووە قافیە
لە دیمەنی کۆتاییدا
مەم لە مردن دێتە دەرێ
باسکی هەڵدەکا
ژووری پەشێوی تەمەن ڕێك دەخا.
لە سووچێکدا،
مۆمدانێکی گەورە دەبینێ
پەنجەی پڕ مۆمی تواوەی
هەروەکو خۆی ماوەتەوە
کەس دەستی بۆ نەبردووە
شێوەی جۆگەلە بەستن و دارژانی تێك نەچووە
دەیناسێتەوە،
هەر دڵۆپێکی هی سووتانێك
هەر شێوەیەکی هی جوانێك.
لە بنی مۆمداندا،
ڕستەیەك تۆزی لێ نیشتووە

مەم تێ دەگا،
ئاگرەکان دەکوژێنەوە
شوێنەواریان دەمێنێ.
ئاوی ڕوح لە کوێ بێ
لەش بۆ ئەوێ ڕەگ دەهاوێ
ئەو ئاوە هی تۆیە!
هەموو ساڵێ لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا
ئەفسانەی تەمەن لە شێوەی ئەسپێکدا
لەو ئاوە دێتە دەرێ
گیای تخووبی ژیان دەشێلێ
لە دوورترین ئاقاری نائومێدیدا.
هەموو ساڵێ ئەو ئاوە زیاد دەکا
تا هەموو لەش لەناو خۆیدا بزر دەکا.

هەموو بایەزید بگەڕێی
دەستێك نییە پاکتر لە هی تۆ
ئەو ئاوە هەڵبگرێ
دەریاکانی لێ پڕ بکا

دەستێك نییە بەهێزتر لە هی تۆ
مەم و زین هەڵبگرێ
تەسلیمی ئاسمانی بکا
ئەویش بیکا بە باران و بە سایەقە
بە خۆر و بە مانگ و ئەستێرەکانی.
داکەوتووە لاشانم لەبەر ڤیان و نازداران
وەکی چۆن لق و پۆپ دادەکەوێ
لەبەر قورساییی بەروبوومی.
من لەودیو زابی گەورەوە
پشتی ڕستەی ڕێزان و
لچکی هەوری نائومێد و
کزەبای شەرمم گرتووە
لە کێوی زمانەوە جۆگەلەم بەستووە
لێڕەواری وشەم پڕ لە هەرا کردووە
چ قەیدی دەکا بەو هەموو مەراقەوە لە جێی تۆدا
مەم و زینێکی تر بنووسمەوە
لە ڕۆژگارێکی جودادا
خۆشەویستییەکی ئێجگار کۆن بدۆزمەوە

لە مردنێکی تازەدا.

مەمی من تەمی کریڤی سەر ڕووی دەریا بێ
زین بێ و خڕی بکاتەوە
پاشان بیکا بە باران و بیبارێنێ لەناو خۆیدا.
سێبەری مانا و گوزارەی ئەستێرەی ناو ڕەوی شەو بێ
سپی هەڵگەڕێ
کە زین تەماشای ناوچاوی دەکا.
مەمی من دیار نەبێ
دەرکەوێ لە زیندا.
ئەو تەنیا هێزی فڕین بێ لە باڵ
هێزی دیتن بێ لە چاودا
با بێ لە جەستەی ئاگر و
لەش بێ لە ژووریٚ
گیان بێ لە دەرێ.

زینی من ئەفسانەی هەموو زینان بێ
شەوێکیان،
نە مۆمێك هاودەم و

نە پەپوولەیەك هاوڕاز و
نە پەیكێك پەیدابێ توندوتۆڵ..
لەو شەوەدا،
مەم دەركەوێ لە پەراسووی تیرەی زیندا.
سێبەرێكی خۆتم بدێ میری بایەزید
مەملەكەتی خۆمی تێدا دامەزرێنم
لە بادەی شیعرێكی كوردیدا
كە خۆرهەڵات نوخبی خۆرئاوا هەڵی دا.
لە ڕۆخی پیاڵەدا،
خەرمانە ببەستێ دەموچاوێك
لە میتاڵی شیعردا هاووێنەی نەبێ
لێوی ئەو ماچێكم بدزێ
بیداتە هەرچی میوەیە
ئەوانیش تاڵ و شیرینی
خۆیان بپێون لە تامی ئەودا.
ئاوێنەیەكی بەر مانای شیعرێكی خۆتم بدێ دێوانەی بایەزید!
مەمی خۆمی تێدا ببینمەوە
شاران بگەڕێم..

نەتدیوە؟ تۆ مەمی منت نەدیوە
کەسێك ناوی خۆی خستووەتە تەك ناومەوە
چەند ساتێك پێشم کەوتووە لە مردندا
ئەو کەسەت نەدیوە؟
نەتدیوە؟
ئەندێشەیەك لە دووکەڵی جغارەوە
دەنیشێتە سەر پەنجەرە
دوورتر دەفڕێ بەرەو باخچە
سەر دیوار و لاپاڵەکان
ئەو دیمەنە لە شوێنی ترەوە
پەڕیوەتە ناو ئەو شیعرە
لە چەند جێگەیەکدا کەشکۆڵەکەی
پڕ کردووە لە بۆنی هەناسەی زەرد و
لرخەلرخی سییەکان و
دەنگی کەرخی درەنگانە شەوێ.

لە پشت پەردەی هەورەوە دەنگی مەم
کزەبایەك و بە ئاستەم دێتە گوێ:

من زینم بە ئێوە ناساند
ئەو کاتەی، ژیان بە هەموو لق و پۆپییەوە
لە دوگمەی کراسیدا دەهاتە دەرێ
سێبەری دەرژا سەر زەوی
سپی بام ئەو شین بوو
زەرد بام قاوەیی
کاڵ بام ئەو تۆخ بوو
من تەواوکەری ئەوم لە خۆمدا.
زین دەڵێ:
مەمم لە بن دوورترین گیا هێنا
کردم بە قورگی ڕووباردا
لە قوڕێك مەمم دروست کرد
ئەو قوڕە لە پەنجەم نەبووەوە.

کتێبێك لە ماڵی خانیدا لە شێوەی پیاڵە
دەخرایە سەر لێوان
ئەوەی دەیخواردەوە زاری لێ بەرنەدەدا
تا تەواوی نەکردبا

که دای دەنا سەرلەنوێ پڕ دەبووەوە.
مەم هی منە لە پەڕی بەراییدا
هی منە لە پەڕی دواییدا
هی من، زین وتی.
هی من و هی تۆ
ئەو مشتومڕە درێژە دەکێشێ
ئەوەی بە مەم دەست پێ دەکا
بە زین کۆتایی دێ.
مەم پڕۆژەی عەشقێکی دانسقە و دەگمەنە
هەر سەد ساڵ جارێك دووبارە دەبێتەوە
لە سەدەی حەڤدەمدا هی خانی و
لە سەدەی تازەشدا هی منە.

## پیتە ناجێگیرەکان

*بە ڕوحی خۆت ئەو ڕووناکییە زۆرتر بکە*

*ئاڤێستا*

ستایشی زمانێك دەکەم بەیانییەکانی گرتووم بە بەندەنی خەونەکانییەوە،
درێغا! ڕۆم و عەجەم دەرکی بەندەنیان گرتووە
کەناری ڕەشتاڵە هەرەتە دەبن
شەپۆل سەد تەرزە پەنگ دەخۆن.
لەودیو شیشی زیندانەوە
بە دشداشەیەکی خەت خەتی ئەستوور باڵەتیژەکانی لێك دا
لە چەشنی با بە کون و کەلەبەرەکان داهات ئاوی زمانم.
شکۆمەندی نیشتبووە سەر ڕۆخی حەرفەکانی
وەکی یەکەم ڕۆژی دەرکەوتنی خۆر
تیشکی بێ شوماری
دەبریسکایەوە لەسەر کام جێ عاسێیە
کامە لق دژوارە.
مزرە و پڕ گاڵتەجاڕییە فۆنیمەکانی.
دیمەنیان سەرنجڕاکێشە کە ڕێچکە دەبەستن

خاڵبەندی نووساوە بە کلکی پیتەکانیەوە
گۆبەند دەگێڕن بەو گوڵینگانەوە
کە سەردەکەون بە ملەی نووسیندا.
هێزی هەراشبوون لە نێوانماندا شین دەبێ!
زمانێك کەمەری بەستووە بە کنێر و شیلانە
چەخماخە دەدا گەواڵەی
هەر دەرکەوتنێکی دەرکی ئەشکەوتی سیحرێکی تازەم دەکاتەوە.
نوون لە پێشی پێشێ دایە
شەوی گۆمێکی خڕکردووەتەوە لە دەوری خۆیدا
وردەگیا دەیخۆنەوە بە خۆشی هەموولا
لەو گۆمەوە دەست  پێ دەکا کتێبی خەون و ڕوانینم
لەو پیتە پیتۆڵە
لەو پەرداخی سیحرە کە تەنیا قوومێکی بە دەرەوەیە
گاڤێ دەبێتە خاڵێکی یاخی
دەفڕێ بەسەر تۆڕ و تەپکەوە
یا شێوەی چەناگەیەکی چاڵ دەگرێ
گۆشتی ئەولا و ئەملای پڕ دەکا لە جوانی
هەندێکی دەمێنێتەوە

نقێمی مردن لەو هەندەکەوە دەدرەوشێتەوە.
ناوکی ناوقەدی دارێکی لووسە ئەو نوونە
ئیلهامی چاندووە لە خۆیدا.
ئەو حەرفە هەرامەیە لە پێشڕا
پەلی حەرفی تری تێ دەچێ
قورس و سەنگینە لە پشتڕا
شەپۆل دەدەن لاڕانی
کە پەلە پەل دەڕۆن بەرێدا.
مەستم بە بادەی ئەو هەموو هێمایە
من بە چاوی مێروولەیەکی مەرەزی کلك گڕداری بزۆك
یارییەکی ئەوتۆ بەرپا دەکەم،
شێوەی نەبێ لە زمانی هیچ زیندەوەرێ.
هێ بە هێیە بە هێ
زەنەیە ئەو پیتە لە زەنوێر و زەنگۆڵان
خڕە لە بیچمی ئەودایە ئەفسانە
هاوچەشنی فینجانە
یا وردە چاڵی سەربەردی زوورگ و بۆشاییی نێوان
زەوی و ئاسمانە

ئاوی خەیاڵیان تێدا کۆ دەبێتەوە
مەل دەنووکی خۆیانی تێدا دەهاوێن.
ئەو فیچقە فیرنەگولەیە لە چلێکەوە دەفڕی بۆ چلێك
لە حەوشێکەوە بۆ حەوشێك
کە قەڵەو بوو قەفی پووز و باسکی بادا
پڕ دەبێ لە ئەفسوونی جوانی لە هێڵ و هێلیندا،
یەکیان قاوە خۆش دەکا ئەویتر دەیگرێتەوە.
تاکی نییە لە زەویدا ئەو حەرفە
دەچێتە ناوقەدی شەوەوە
قاوە دروست دەکا لە تاریکیدا
هەر قومێکی بە واتای بەیانییەك دێ لەو بەیانیانەی
بێداری دەیانخواتەوە لەناو نوێنی خۆیدا.
زەحمەتە ئەو هەموو مەبەستە بکەمە پارسەنگ بۆ کێشی ئەو تەنە بچووکە.
بە کورتی: ئەو کڵاوە بە ئاسانی نەچووەتە سەری بەرووەوە.
ژیان لە کوێ دەست پێ بکا
ئەو بەرووە لەوێ دەتەقێ
لام پیتێکی باریکەلەی پێ بە گۆشتە
ڕۆخی ئاوێکە خۆیم لێ دەدا.

خەیاڵێکە و هەموو شەو لەگەڵم دەنووێ
ئەو حەرفە گاف بووایە لموزی گورگێك دەنووسا
بە دەرگەی ڕستەکانمەوە
گابەردی کێوان دەجووڵا.
تێ بوایە تەختی لە زێڕ و مۆرووی گرانبەها دەڕوخا
پێ بوایە سندووقی پڕ دەبوو بە پشتی شەپۆلی
حەمباڵەوە ئەم دوورگە و ئەو دوورگەی پێ دەکرا
لام وەکو لاڕێ وەکو لامل یا لێوار کاتی نووستنی ڕووبار
لامی لاڕانی سپی وردە مووی جوانی لەسەر شین دەبێ
لە لالە زیاتر وشە دەسووتێ لەسەر ڕوومەتی لاسووری
بەو ڕەگە لاسەنگە لەشی بەلای لیمۆییەکی لوولوویدا
لەو پیتە نەببوومەوە کە بەیانی دا
کەڵەشێر خوێندی.
لایەکی ئەو پیتە کەوتبووە ناو ڕۆژێکی تازە
لایتری لە تاریکی شاوەکانی پێشتردا نووستبوو.
زمانێك ئەو هەموو سیحرە هەڵڕێژێ بۆ ناوی ژنێك،
ستایشی پێویستە، ژنێك کە هەموو حەرفەکانی کۆکردووەتەوە
لە ناوی خۆیدا.

# گەڵاکانی سەرشۆستە

## شیعر

ناتوانێ ڕستەیەک بنووسێ
گەرموگوڕ بێ
ئەگەر لە بن زمانیدا
چەندین ڕستەی ساردوسڕی سەرنەبڕیبێ.

## تۆز

بۆ چاو و زارە
کە زەوی هەندێك لە جوانییەکانی دەشارێتەوە

## ئیرهاب

خەنجەر ناتوانێ بپەیڤێ؛
زمانی نییە.
شمشێر ناتوانێ دادپەروەر بێ؛
ویژدانی نییە.

**شاعیر**

لە چاوی هەریەکێکتاندا
تاڵێك ڕووناکی دزیوە.

**کورسی**

لە دار بێ یا ئاسن
هەر دەشکێ.

**مانگ**

نازانم چۆن بێزار نابێ
ئەو عاشقە لە دوورەوە؟

**برووسك**

بە دزی ناچێتە هیچ شوێنێك
شەرم لە کەس ناکا
چەند حەزم دەکرد
جورئەتی ئەوم هەبا.

## زاوزێ

دار پەلکی دەبێ
چیاش ڕووبار.

## گەرما

خۆر هێندە نزیك بووەتەوە
دەستم درێژ بکەم دەیگاتێ.

## پرسیار

ئایا خوێنە ڕژاوەکان جیاوازن؟

## خەون

هەموو جارێ دەریایەك دێتە خەومەوە
دەڵێ مەبینە چەند گەورەم
لە ئەسڵدا دڵۆپێك بووم.

## تفەنگ

لە خاڵێکی پشکنیندا بە کزی وەستاوە
داوای شیرینی دەکا!

## جلوبەرگ

لەش تەواو لە گۆپکەی دار دەکا
تا جلوبەرگی فڕێ نەدا
جوانییەکانی دەرناکەوێ.

## کێش

وەکو باڵی پەپوولە
هەرچەندی تەنك بێ باشتر دەفڕێ.

## قافیە

لالە عەباس قافیەی تێك داوە
لە کوێ بیەوێ دەڕوێ.

## چاوەڕوانی

هەندێك جار هەست دەكەم یەكێك
لەودیوی دەرگەوە وەستاوە
كە دەیكەمەوە، كەس نییە
لە خۆم دەپرسم: چاوەڕوانی بەس نییە؟

## پانكە

پەروانەی ئاسیاو دەخولێتەوە لە ژوور سەرما
دۆن كیخۆتەم
شەڕم لەگەڵیاندا گەرمە.

## كراس

باران دوگمەكانی هەور دەكاتەوە
بێ كراس چەن مەزەدارە ئاسمان.

## مۆم

بە باڵی ڕووناکییەکی کزەوە دەفڕێ
فرمێسکەکانی توونـد توونـد پێی دەگرێ.

## کتێب

با جوانترین کتێبە
کەس ناتوانێ بیگرێ بە دەستەوە.

## ناو

سروشت هەموو ئاوازەکانی دامێ
یەکیانم بزر کردووە
لەنگ بووە قافیەم
بەو لەنگییە دەناسرێتەوە ناوم.

### شەقام

گەر منیش لە یادی بکەم
سوورەچنار دەیناسنەوە
ئەو بوو بەیەکتری ناساندین.

### سێبەر

سووکترین سێبەر ڕوحە
نووساوە بە شتەکانەوە
بە زەحمەت دەبینرێ.

### ئەندێشە

دەریا سەرسامە بە ئاسمان
هەردووکیشیان بە ئەندێشە.

### عەجیب!

سەرزەمین پڕە لە ئەوین
بەڵام تارماییین دیارنیین.

## شووشە

ڕستەیەکە بێ گرێ
ئەوەی لەسەر پەنجەرە
شووشە بە نووکی دەینووسێ.

## پێ

بە دەنگی سەر پەلکی گیا دەیناسمەوە
بە دەنگی سەر بەفر
هەردووکیان پێی یەك کەسن
لە باخچەدا چووەتە دۆخی پەپوولەوە.

## دەست

هەمان چڵە
ئەوسا گوڵی دەدامێ
ئێستا ئارامی

**ئێوارە**

چاوێکە دوای تەماشاکردنێکی دوور
دەنوێ.

**یاد**

هەموو شتەکانم نایەتەوە یاد
بەڵام دڵنیام
لە نێوان منداڵی و پیریدا
زۆر شتم فەوتاوە.

**پەرێز**

پەرێز لە خشڵی زێڕ دەچێ
بە پێی پۆڕەوە دەبریسکێتەوە.

**تیۆر**

دوو شت پارچەیان نییە لە گەردوون
یەکیان مرۆڤە.

### کولتوور

ڕووبارە کولتوور

ڕابردووی

هەمووی ئێستایە.

### ڕاڤە

بەرد ڕاڤە بکەی نابێتە شاخ.

### ڕاستی

بەیانییەکیان تێکەڵی گزنگ بوو

کە ویستم بیگرم

بزر بوو.

### گەورەبوون

لە دڵۆپێکەوە بڕۆی دەگەیتە دەریا.

## بـازنـه

خاڵ دوورترین دیمەنی بـازنـەیـە.

## شەترەنج

"لە شەترەنجدا سەربـازەکان
خەونیان نییە"
مرۆ بە خەون شەڕ دەباتەوە.

## خوێندنەوە

مەلێك کتێبی دەشتێکی بەرینم
بۆ دەخوێنێتەوە
دەنگی لە پووشکە باریکترە.

## بەرد

بەرد بەوەفاترین برادەرە
تا بە یەکجاری چاولێك دەنێم
هەر لەگەڵمایە.

## کلیل

دەرگەی ژوورەکەم دادەخەم
گۆڕ دەرگەی نییە
کێ لە پشتەوە کلیلی دەدا؟!

## سەرباز

ئەوە چ بوو،
لە شەترەنجدا
سەربازێك بریندار نەبوو؟
هەمووی کوژران.

## پاشا

ئەوە چ بوو،
پاشا جارێك نەکوژرا
هەموو جار تەسلیم بوو؟!

### تەلەفۆن

ئەوەی لەودیو لەسەر خەتە
مەرج نییە هەر مرۆ بێ
ڕەنگە خۆخێك بە تەنیا دڵی گوشرابێ
لەوسەر دنیاوە تەلەفۆن بکا.

### مێژوو

توونێلێکی هەڵخەڵەتێنەرە
ئەوسەری
دەگاتەوە ئێستا ناگاتە ڕابردوو.

### تاك

هەموو شت کە تاك بوو جوانە
کە بوو بە کۆ ناشیرین
تەماشا:
دووکەڵی جگەرەی لالێوی ژنێك و
دووکەڵی لالێوی شارێك
چەند جیان.

## تام

سڵاو لە ژنێك
حیكمەتی هەنجیر
خڕ دەكاتەوە لە بن پێیستیدا.

## درووود

درووود بۆ داری هەنجیر
كە حیكمەتی خۆی دا
بەژنێك.

# حەج

# پرسیاری شیعر

پەنابردن بۆ بابەتی گەورە و گشتی پڕ مەترسییە، ئیجگار زەحمەتە داهێنان لەو کەرەستە ئاشکرایانە دروست بکرێ، وەلێ ناتوانم بڵێم مەحاڵە. هەموو بابەتێك دەشێ ببێ بەزەمینە و کەرەستەی خوڵقاندنی شیعر، هەر لە پەلکی بێ بایەخی سەر شۆستەیەك، تا خوێنی شەهید تخوبێك لە بەردەم شیعردا نییە و هەرچی شوێنی نەوی و بڵندە دەشێن بۆ ئەوەی تۆوی شیعریان تێدا هەڵتۆقێ، بەڵام شوێنی گشتی و دیار پڕ مەترسییە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی فیکر هەندە شەن و کەوی کردوون تا ئاستی ئەوەی سواون لە بەردەم وێناکردندا، بەو واتایەی ئەگەر ئەزموونێکی هەڵکشاو و شارەزا و کارامە نەبێ مەحاڵە ئەو فەزا ئاشکرا کراوانە ببنە شیعر و هەر زوو سۆز و دروشمبازی دەست دەنێنە قورگی وشەوە و هێزی تێپەڕاندنی تێدا دەکوژن. من بۆ خۆم هەندێك جار دەخوازم لە کەشوهەوای هەندێك بابەت نزیك ببمەوە، بەڵام هەموو کات ترسێك زاڵە، ترسی دوورکەوتنەوە لە شیعرییەت و کەوتنە ناو چوارچێوەی فکرەیەکەوە.

دیارە ئەو ترسە لە خۆڕایی نەهاتووە، وەرە هەموو شیعری کوردی بگەڕێ بزانە چەند دەگمەنن ئەو دەقانەی شیعریان پاراستووە کاتێ باسی بابەتە گەورە و زەقەکان دەکەن وەکی نیشتمان، ئازادی، خەبات شەهید.....هتد. هەر بۆ نموونە هەموو دیوانی (گۆران) کە نزیکەی سەد و قسور شیعرە جگەلە پیەس و گاڵتەوگەپەکانی، لەناو ئەو هەموو شیعرەدا دەگمەنن ئەوانەی لە پەنای فیکرەوە بۆ پەیامی سیاسی وتراون و گەیشتوونەتە چڵەپۆپەی شیعرییەتەوە.

بۆیە شاعیر پیویستی بەوریاییەکی لە ڕادەبەدەر هەیە بۆ خۆپاراستن لە هەڵدێری بابەت و فیکرەی ئامادەوە.

پاشان دەکرێ بپرسین. ئایا ئەو بابەتانە نەسواون هێندەی بوترێنەوە؟ خوێنەر بێزار نەبوون لە خوێندنەوەیان؟ ئایا نیشتمان تا ئەبەد هەر ئەو نیشتمانەیە؟ شیعر تەنیا لە ڕابردوو دروست ناکرێ، پرۆژەی تازەگەریی شیعریش بریتییە لە

دۆزینەوەی، ڕەهەندەکانی ئێستا و دەوڵەمەندکردنی، لە وردەکاریشدا بریتییە لە خۆ دەربازکردن لەو بابەتە گشتیانە و پەنابردن بۆ ئەو شوینانەی فیکر نەیگەچراندوون.

پرسیارەکانی شیعر پرسیاری تازەگەرییە و یەکەم هەنگاوی بەهێزی ئەو تازەبوونەوەیە لە (هەشتاکان)دا دەستی پێ کرد، ئەو کاتەی شیعر لە پاشکۆیی سیاسەت ڕزگار بوو، ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆی دۆزییەوە، کەچی لە دوای نەوەدەکاندا هەندێك جار خیانەتی شاعیران شیعری بردووەتەوە خزمەتی پەیامێکی دیاری سیاسی و تخووبی شیعر و سیاسەتی هیندە تێکەڵ کردووە تا شیعر بووەتە خزمەتکاری مەبەستە سیاسییەکان.

من ناڵێم شاعیر سیاسی نییە و هەرگیز سیاسەتیش دوور نییە لە ژیانی شاعیردا، بەڵام مەبەست پاشکۆییبوونە.

پێم وایە ئەو وەزعەی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین موغرەیاتی سۆزداری زۆر بوو، شەقام پڕ بوو لەو موغرەیاتانە و شاعیران کەوتنە ژێر کاریگەرییانەوە، سۆزیش لە هەموو شت زیاتر زەرەرمەندە بۆ شیعر، ئەو جۆرە شیعرانەش لەگەڵ ڕەوینەوەی ئەو سۆزانە بزر دەبن و لە یادەوەریشدا نامێنن.

تێپەڕاندنی واقیعی تەقلیدی بابەت گشتییەکان یەکەم هەنگاوی تازەگەریی بوو، بۆ درێژەدان بەو پرۆژەیە ئەمرۆ شیعر پێویستی بە وروژاندنی پرسیارگەلێکی تازە هەیە، پرسیارێك کە هەناوی ئەو واقیعە سۆزدارییە هەڵتەکێنێ. لەوێ نیشتمانێك نییە بگرە نیشتمانەکان هەن هەریەکەو لە بن پێستی مرۆیەکدا، ئەو نیشتمانە لە خوێن و هەستی ئەودا دەژی و لەگەڵ ئەویشدا خۆشەویستی دەکا و ڕق هەڵدەگریّ و لەگەڵ ئەویشدا دەمریّ. واتایە پیرۆزیی لە دەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوی مرۆڤ و لەوێش لە بورجی عاجەوە دەکەوێتە گۆمی دوورگەکانەوە، ئیتر باوی دوورگەی گەورە و شادوورگە نەما، تەماشای دوورگە بچووکەکان بکەن لەبەر تاوی خۆر دەبریسکێنەوە.

# حەج

سڵاو لە بەردێك، بەردێك كە ڕەنگی شەوێكی درێژی
بیابانی خڕ كردووەتەوە لە خۆیدا. عەبای حەریری سەرشانی
پیاوێكی كەڵەگەتە. دەچەمێتەوە بۆ قوومە ئاوێك، لچكی
لە زەوی دەخشێ. لەو شوێنە پوونگ و نەعناع شین دەبن،
بۆنیان دەگاتە ئەستێرە. بەو بۆنە باڵندە دەیانناسنەوە.
بە بەرچاوی ڕاوچییەوە هێلانە چێ دەكەن باڵندە
تاژی دەمیان بەسیحرێكی باریك دەبەسترێ.
لەناو ئەو هەموو پێست تاریك و قژلوولانە، چرای سەر كوڵمی
ژنێكی خاك و خۆڵ دەبریسكێتەوە. ئەو چرایە بەڕۆنی بناری
بەهەشت دەسووتێ. ئەوە تۆ لێرەی؟
وەهمی پرسار لە غەیبەوە دێ، سەرسووڕمان لە مەنجەڵی
سیما هەڵدەستێ: چی هێنای بۆ لای من؟
غەریبی بایەكی ناوەختە، ئەوەی وەریوە كۆی دەكاتەوە،
سبەینەكی زوو تەماشای بەردەرگە و بەرهەیوان بكە، هەمووی
پەلكی فرمێسكی منە بۆ لای تۆ هاتوون.
پشتی كام سەفەر نەوی بوو تۆ سواری بووی؟ كام جانتای

چارەنووس هەڵی گرتی؟ شووشەی کام عەتر لە خۆیدا
خڕی کردییەوە، لێرە پەرتی کردی؟
ئای لە جۆگەی ئاودامان زیووی شارەزوور چۆن گەیشتە ئێرە
هەی داد بۆ جوانی تۆ ژنێ!
کە تۆ لێرە بی بۆ تەواف
لە دەوری کێ بخولێمەوە؟!
من شاعیری تۆراوی کۆسارانم، خدرم ناوە
سەردەمێك ئەوێم چاوێکی نوستووبوو
شار پڕبوو لە زوڵم و کوچەو کۆڵان پڕبوو لە خەفیە
دەوری عالەم بەرپا گێرا بوو.
مودەتێك لەو چیا و دۆڵانە چەند سەربزن و
بازێکی خولیا بەسەرم ڕاگرتبوو
بەشیرو و ماستیان گوزەرانم بەسەر دەبرد
ئێرەم سەد قات خۆشتربوو لە ولات!
ئێستاکە سیحری تۆ گرتوومی لەخۆیدا
دەمبەی بمبە لەگەڵ خۆت
دەمێنیێ لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە.

شیعر کەوتووەتە نێوانی گەنجی تۆ و پیری منەوە
ببمە چی لەلای تۆ وەکی چی بمێنم؟
وەکی خۆر لە تەوقی  ئاسماندا، وەکی نوور لە دڵی نابینا
وەکی فڕین لە پەڕ و باڵدا.
مانگ کەوتبووە نێوان دوو بەردی نووك درێژ لە گەرووی چیادا
دەستم برد بۆ هەرمێی گەییووی، تریفەی  هاتە دەستمەوە
بەڕووتی مایەوە، تەماشا: ئەوە منم بەبێ تۆ!
قەفەس تەنگە هەی لۆلۆلۆلۆلۆلۆ، باز وتی.
ماوەیەکی تر لێرە بمێنم پەڕ و باڵ هەڵدەوەرێ
ناگەم بەو شوێنەی دەمەوێ هەی لێ لێ لێ لێ لێ لێ..
شەوێکیان، هەموو نوستبوون: بەردەکانی دەوری
شەیتان ڕەجمکردن، چیای عەرەفات، ئاوی زمزم
کز بوو ورتەی نوێژکەران و نەدەهات دەنگی سەلاوات
دۆڵ خامۆش و بێدەنگ بوو چیا
ڕەش دەچووەوە دەشت و سارا
جوانی تۆ لە ناکاو ڕژا، پەلیان گرتم ئەو هەموو چڕنووکی ڕووناکییە
هەڵیان کێشام بۆ سەرێ: ئەوە لێرەی؟!
بۆ حەج هاتبووم بۆ مەرگی لە شێوەی مانگ

مەزەندەکەم وا هاتەدی: نەبووم بەوەی دەمەوێ
بووم بەوەی دەمخوازن لەسەرێ.
هەی لۆ لۆ لۆ لۆ هەی لێ لێ لێ لێ لێ لێ
هەر جوانی دەمێنێ هەر جارەی بەچەشنێك
هەر چەشنەی لە قەدەرێك
هەر قەدەرەی لە بەشەرێك.

## گۆڕستانی گەورە

بەو نیوەشەوە کەسیان نەنوستوون
چرپە چرپیانە مردووەکان:
چ بایەك هەڵی کردووە،
شاردوویەتییەوە لە خۆیدا؟
چ هەورێك داباریوە،
کردوویەتی بەبارانی؟
چ ناسیاوێك گلی داوەتەوە؟
قەت وا درەنگ هاتووەتەوە؟ دەپرسن.
نەچووەتە دەم جۆگەکانی منداڵی؟
لە بارێکی لای چەپدا لای نەداوە؟
لە قەرەباڵغی بازاڕدا، شتێك لێی نەداوە؟
یا زەردەی کۆنە عەشقێك
ئاوای نەکردووە لە خۆری خۆیدا؟
لە کێ بپرسین سۆراخی؟

زیندوو چ شتێك لەبارەی مردوو دەزانێ؟
وا مەزەندە دەكەم بەپێی مێروولەیەك
لە شانەكەی نزیك بێتەوە
درەنگیش بێ هەر دەبێ بێتەوە.
گەڕەكی ئەوبەر خڕی داخراوە
تەنیا ڕووناكی سەر شۆستە ماوە
كە لە تەوقی سەری دار تەلەكانەوە دەڕژێ.
مردوویەكمان بزر بووە، نەتاندیووە؟
براڵە هۆ براڵە!
خوشكێ هۆ خوشكێ!
زیندوو چلۆن ڕێگە دەدا مردوو
لەسەر جێگەی ئەودا بنوێ؟
دۆشەكی لۆكە و
بالیف و لێفی
بۆنی ئەو بگرێ؟
خۆ وەكی مە نین
هەر پەلاسی خۆڵیان هەبێ
بۆ نووستنیان.

دەنگ لە دەربەندی کەللەوە
وەکوو لوورە دێ
موو پەرت دەکا
ژەنگ لە ئاسن دەکاتەوە
کاسەی خەو دەشکێ
هەر پەردەیە و درزی تێ دەخرێ
هەر دەرگەیە و جیرە جیڕی دێ
بەو نیوەشەوە بانگ دەدرێ
تەقە دەکرێ
دەف دەژەنرێ
تاژی و توولە تاو دەدرێ
شەمشەکوێرەی بنمیچی هەیوان دەفڕێ
کوندە بەبۆی ناوەخت دەخوێنێ
بەنی ناو پزوو دەپسێنێ
ئەوان ئەوەندە ترسنۆکن
ترسی خۆیان بەئێمە دەڕەوێننەوە

ئەو هەموو شار و مەملەکەتەیان هەیە
هەمووی پڕە لە ڕووناکی
کەچی تاقە چرایەك
بەئیمە ڕەوا نابینن!
گۆڕ بەکرێ بدرێ دەیدەن
گۆڕستان داگیر بکرێ دەیکەن!
«دۆزیمەوە»
دەنگێك لە گەڕەکی ئەرخەوانەوە
گوڵی سەرسامی دەگرێ
مردووەکان بەبۆن دەیناسنەوە
چاویان دەبڕنە ئەوێ.
«دۆزیمانەوە»
قافیەی گیربووە لە خەندەکەی بایی
خۆڵی کردووە بەچرا
چەند دەنکێکی داگیرساندووە ئەمشەو
بیبینی نایناسیتەوە
تەواو پیر بووە
ئاوازی کەوتووە کێشی لاربووە

حاجیلەی نائومێدی دەوریان گرتووە
ئاڵای پایزە شەماڵ لێی دەدا
بەڕوحی دەکەوێ
سەبەتەی شیعر و خەیاڵی
پڕ بووە لە مەلی بن باڵ سپی
دەفتەری ئەسمەری بن باخەڵی
ڕەش بووە لە جریووەیان
میری شاعیران!
شیعرێکی تازەی نووسیوە
بۆ شەوی درێژی زێوان
لەو شیعرەیدا،
وەسفی شتێکی کردووە لە گۆڕستان
کە کۆن نابێ
گیایەکی دۆزیتەوە کە پەلکی
بۆنی ئەو بەردە ناگرێ

کە دەیشێلێ
باسی بارانی کردووە لە جێی نسرم و نەوییان
دەنگی چەند دەمار گەرمتر.
بەو نیوەشەوە پشیلە و جانەوەر پڕ نەشئەن
لەناو پووش و پەڵاشدا
میاوە میاویان بووەتە ئۆرکسترا
ئاهەنگ گەرمە
بیژەنن برالە
بیژەنن خوشکینە
ئێسکی لا مل و چەناگە بژەنن
لێدەن تەپڵی پەراسوو
بادەن دەفەی شان
هەر ئەمشەو میری شاعیران لێرەیە
سبەی دەڕوا لە لامان
لەو شیعرەیدا کە دوا جوانییە دەیبینین
لووتی خستووەتە ناو بۆنی ئەو گەشتە تازەیە
باڵی تەواو کردووەتەوە بۆ فڕین
لە شوێنێکدا،
کە زیندووەکان مەبەستیانە
ماڵێکی بۆ بنەخشێنن لە دار و پەردووی

ماڵی تووتنەوان
پەیکەرێکی بۆ بتاشن لە ئەی ڕەقیب!
هیوای بخەنە قەفەسی زێڕ و زیوو.
من ناچمە ئەو شوێنانەوە
نەشئەی شیعرێکی تازە دەمبا
ئەو نەشئەیە ناگۆڕمەوە
بەگەنجینەی دنیا
ساتێك لێرە لە لاتانم ساتێك لەوێ
من بەتەنیا مەلی سەرلقی دارێك نیم
لە هەر کوچە و کۆڵانێك
لە هەر باخچە و دارستانێك
لە هەر شارێك
چرای عەشقێکم دەسووتێ
بۆ جوانێك.
میری شاعیران هەر ناو و ناوبانگ نییە
گۆڕستان شوێنی یەکجاریی شاعیر نییە.

کۆتای ٢٠٠٤

---

* گۆڕستانی گەورە یەکێکە لە گۆڕستانەکانی هەولێر و گۆڕی «دڵداری»ی شاعیریش بەتەنیشت ئەو گۆڕستانەوە بوو.

* «خەندەکەییی بایی» و «تووتنەوان» و «ئەی ڕەقیب» شیعری ئەو شاعیرەن.

## نیشتەجێی ڕووناکی

سەدەی نۆزدە بەو سۆنێتە کۆتایی دێ:
ئیتر پێویست بەبینین ناکا بۆ ناسینەوەی
پێویست بەبوون ناکا بۆ سەلماندنی
عەنبەر سێبەری خۆرێکە
بەهەردوو چاوم گرتوومە
لەبەر گەرمای بیناییم دەسووتێ
بەردەبێتەوە
ناخم پڕ دەبێ لە تیشك.

بەئەنقەست لێڵە دیدە ئەی بەر گوزیدە!
ئیتر پێویست بەشەو و ڕۆژ ناکا
پۆشاکی تاریکی جوانترین جلە لەبەری ئەستێرەدا
پێویست بەمن و تۆ ناکا
هەر غەزەلێك باخچەیەکی سونبولە بۆ خۆی
شکۆفەی پیریش زریوەی ستارەیە بۆ خۆی.

بەئەنقەست نابینام
کەچی هەتا تیلماسکی زەوی
لە ئوقیانووس بزر دەبێ
بەسەر پشتی هەوری بەرزی ئاوازەوە.
من لە هەژارییەوە شکۆمەندی پاشەیەتیم خستە سەرچۆك
لە حوجرەوە کلچووکی بام
لە گلێنەی دوورترین دارستان وەردا
سەمای دەسماڵ و خشڵی نیمەڕەنگ
نمەی باران و شاخەی شەتاوان
بۆنی ئازیز و شنەی سەرکاوان
کۆچی پایز و ئامان هەی ئامان بۆ عەنبەر!
شێخمە ئەو بایە
ئاوە خانەقام
مووریدی گوڵێکم هەی لە گوڵ
لە باخچەی بەرۆکی عەنبەردا.

سیمرخە ئەو شیعرە دەفڕێ و هەر دەفڕێ
بێ ئەوەی جێگەیەك شك ببا بۆ نیشتن.
ئەوەی هێشتا نەوتراوە لە زمانی میللەتان و
هەرچی فڕندە و ئاژەڵە

مولّکی ئەوە.
وشەی وشەکانی خەونە
نە سەری دیارە نە بنی
ناوی ناوەکانی عەنبەر.

لە سوچێکی لەبیرکراوی کتێبخانەیەکی کۆندا
هەندێ نامە بەچەند تاڵە داوی شینی سیمدار بەستراون:
چەند کۆترێکی کیویلە
سەریان خستووەتە بن باڵیان
چەند ڕێژنەیەکی بارانی
نووستوی بن پیڵووی هەورێکی سەرخۆشن
کە دەست دەبەم بۆ هێلانەیان هەڵدەفڕن هەندێکیان.

**نامەی مۆر:**

من عبدولڕەحیمی مەعدوومم
سروشت شێت بووە لە مندا
نە ڕەنگی وەکی خۆی
نەدەنگی وەکی خۆی
نەدوور و نزیکی
نەگەورە و بچووکی.
لە بن دارێکی پرشنگدار
چاوڕێم بە بەو زووانە دەگەمە لات.
(ئەو نامەیە بۆ عەنبەرەیا سیراجەدین؟)

**نامەی شین:**

هێندە لە شەماڵ نزیك بوومەتەوە شێوەیم گرتووە.
ئەرێ سەرشاتە چەند دوورە؟
کە من لە ئەفغانستانەوە
بۆنی کفنی ئازیزێکم دێتە بەرلووت.

لەلای پیانۆژەنێکدا: ئاو پڕبوو لە پەپوولە
دار پڕبوو لە پەپوولە

ناوماڵ و بن گوێسووبانە و سەردیوار
کتێب و سەرکاغەز و قەڵەم
شان و ملی ڕووتی ئێوارە
چمکی کراس و فەقیانە
سەر ڕوومەت و
برژانگ پڕ بوو لە پەپوولە
وڵات هەمووی پەپوولەیە
شەم کوانێ؟
لووتم پڕە لە بۆنی ئەو ئەستێرانەی
پۆل پۆل لە هەموو دنیاوە دێنە هەورامان
زارم پڕە لە تامەزرۆی
ئەو میوە ترش و شیرینانەی
لێرەوە بەپشتی خەیاڵ
دەیبەینە بەهەشت من و کۆماسی!
سیحرێکە ئاواز
لێرە بەکراسی شۆڕی گوڵدار و لەوێ بەسادەی نیوقۆڵ
لافی جەوانی لێ دەدا
وەکی شیعری من و سۆنێتە

هەردووكیان دوو پەلكن
لەسەر یەك لكی گیا.

**نامەی زەرد:**

كاتی دروێنە
گوڵەكانم لەوپەڕی جوانی دایە
لەوپەڕی كامڵبوون
هانام هەی ساقی!
ئامادەم بۆ دەرچوون.
لێرەوە هەندێ ڕستە ڕەش بوونەتەوە، وشەیەك لێرە و یەك لەوێ دیارن، وەكی:
هەلاج.. مەولانا.. مەسیح..
بەڵام بەچ مانا و بۆ چ مەبەستێك
ناویان هاتووە؟ وەكی ئەستێرە
شەوقیان دەبینرێ
تەن و بارستاییان دیار نییە.

**نامەی سوور:**

کە گەیشتمە سنە باسی مەلا خدر و ئەو شیعرەیان دەکرد
کە شمشێری خان دەگەڕا بۆ مل پەلدانی
ئای لە گێلی پاشا و میران
کەی باوبۆران سندم دەکرێ بەزنجیران؟

حەوت ساڵە ئەوەی خوێندوومەتەوە دەوریان دەکەمەوە
ڕستەیەك لەناو رستەکان عاسێیە
دەڵێی تیرۆژە ناگێرێ
وەکی پیاڵەی مەی هەر قوومە و تامێك
هەر وشە و حەرفێ خەیاڵێك دەبەخشێ
هانا بۆ کێ ببەم بۆ لێکدانەوەی؟
وەکی چەخماخە کە هەور راڤە دەکا
شریخەی بێ.

گەردوون دەسووتێ
هیندەی باڵ لە یەکتر بدەم لە ئاستیدا

خاڵۆ! گوێ بگرە:
لە خۆڵەمێشی قەقنەسدا
خوێنی کێیە بەردەوام دەگەڕێ؟
خۆم خستووەتە ناو باوەشی سیروانەوە
دەملاوێنێتەوە ئاوی
کات گێژ دەخوا لە دژوارترین شوێنیدا
وەك مەلەوانێك لێم بزر دەبێ
لە قوڕ و لیتەی هەڵێکدا.
ئەی داری هانەسوور ئەو ئاوە شەق کە!
لە بەینی دوو پێلووی خامۆشدا
بەیانی لە دەرگە دەدا:
بیکەرەوە عەنبەر !
ئەو ڕووناکییە بەشی هەردووکمان دەکا
ئەو پێخەفە جێگەی هەردووکمانی تێدا دەبێتەوە

سەدەی نۆزدە بەمن و تۆ دەست پێ دەکا
بەمن و تۆ کۆتایی دێ:
نابینام
کەچی گلێنە
پڕاوپڕە لە دیدەی تۆ.

تێبینی:

– هەندێك وشەو دەستەواژە و وێنەی شیعریم لە شیعرەکانی مەولەوی وەرگرتووە، جگە لە عەنبەر (عەنبەر خاتوونی ژنی)، کۆماسی (ئەحمەد بەگی کۆماسی شاعیر و برادەری)، سیراجەدین (شێخ سەراجەدین)، مەلا خدر (نالی) کە بەر لە مەولەوی لە سنە خوێندوویەتی.
– هانەسوور (شوێن): دوای حەفت ساڵ نابینایی، مەولەوی بەسواری وڵاخ بەو شوێنە تێپەڕ دەبێ و جەستەی بەر لقوپۆپی درەختێك دەکەوێ و بەردەبێتەوە، دوای ئەو ڕووداوە بەماوەیەکی کەم دەمرێ.

## هەوری مەیخانەکان

خۆتم نیشان دە وەکی دڵۆپە شەرابێك لە بنی پیاڵەدا
وەکی ماسی لە ئاوی تەنکدا
بەفیزەوە کلك ڕاوەشێنە.
کوا گۆزەساز و گۆزەفرۆش؟
کوا دەست و کەللەی وەزیر و پاشا؟
مەڵێ وابوو واچوو
شکۆمەندیی شەو هی تۆیە لە خەمگینی چرادا.
وەکی هەنگ بێ ئەوەی ئازاری گوڵ بدەی
شیلەیان بمژە؛
هی ئەو خەونە کورتانەی
بادە بەدەستان دەیبەخشن بەئەهلی مەیخانە.
وەکی مانگ لە ڕووتبوونەوەدا خۆتم نیشان دە مەیگێڕ
لە بەلخەوە هەتا نەیشاپوور هەمووی داری ترێیە
مەملەکەتی مەستانە هەمووی

دڵخۆشی بده بەکۆڕی یاران
ژین کورتە و بەوە ڕاناگا
گەوهەری ئەو هەموو مانایە
دەربێنی لە بنی دەریادا.
کوا شەوی کاشان چوونە کوێ؟
تامی یەکەم قوم شەرابی گوڵڕەنگی
بێوەژنی گوڵفرۆشی مەیدانی عاشقان چووە کوێ؟
کوانێ بۆنی پوونگ
لە حەوزی عاجی ژنە شاعیری سەمەرقەند؟
وەکی خۆی ساف و لووس ماوە
ئێستا کەش هەر سازگارە ئاوی؟
بێ ئەندازە ناسك و شل ماوە دەست و پەنجەکانی؟
کە دەئالان لە ملی شووشەی بۆنداری
لەشی هەوادارانی؟

کوا دارتووی سپی سەنجان کوا توو؟
شیرین و بەئاو بوو ماچی پەنا گەڵاکانی
کوا حیکایەتی جەفەنگی من و وەزیری خوراسان؟
دانیشتنی لەسەر چۆکی شەمسلملوك
لە بەرانبەر چوارینەی خاقانی مەستدا؟
وەکی خۆی پڕووناکییە کۆشکی بوخارا؟
کوا ئەو ڕۆژانەی
بەتەمای دوا قوومی دوا بادە
لەسەر مێزی مەیخانە جێم هێشتبوون؟
کوا چوونە کوێ؟
کە فیتز گیرالد بەپشتی عەشقێکی خۆرهەڵاتییەوە
منی گەیاندە خۆرئاوا
بەسەر باڵی وەرگێڕانەوە پەڕیمەوە ئەوێ
چەند هێمن و دڵگیر بوو کەنارەکانی
چەندە نزیك بوون خولیای من ئەو
کە چارۆگەی کەشتیمان پێچاوە

لە یەکەم مەیخانە لامان دا
خوارمانەوە
تا گوڵ پێکەنی بولبول گریا.
دێتەوە یادت مەیگێڕ!
ئەو ڕۆژە هەر پیاڵە و بەتەرزە نەزاکەتێکەوە
پڕ دەکراو هەڵدەدرا
کەچی کە سەرخۆش دەبووین
بەیەك ئاواز ئەو گۆرانییەمان دەوتەوە
کە دەریا لە یەکەم دڵۆپی منداڵیدا فێری بووبوو.
ئەوی تورك بوو عارەب بوو عەجەم بوو
ئەوەی فەرەنگ بوو ئینگلیز بوو ئەرمەن بوو
ئازەر بوو یان ڕۆمی یان بلووچ
هەریەکە و لە شار و مەملەکەتێکەوە هاتبوو
کەچی مەیخانە بووبووە ماڵی یەکجاریمان
مەی بووبووە زمانی هاوشاریمان.
دێتەوە یادت مەیگێڕ!
ڕۆژێکی چ تۆف و سەرمابوو
کە ئەمین مەعلووف بردمیە سەمەرقەند

بۆنی خوێنی سارد لەو شارە دەهات
لە بەردەم مۆمدانی کۆشکدا
پەڕەمووچەی پرسیاری هەڵەشەیان
لەناو شووشەی مەرەکەبی ڕوحدا گێڕا
چوارینە قووڵپیان دا
ژووریان پڕ کرد لە تاڤگەی نوور
مەندیلی ئاوریشمی خەیاڵ
تەڕبوو بەتکەی شەونمی
مۆر هەڵگەڕا شین بوو باخچە و باخات
بەڕەنگی مەرەکەب.
ئەو شەوە کەسمان نەنووستین

لەبەر هاتوچۆی جەندرمە و

هاشوهوشی ڕدێن پانەکان:

سیمیاناسە سیمیاناس!

لە دوا دڵۆپی تاریکی شەودا

چوارینەیەك ئەو لوغزەی کردەوە

بەیانی دا ئەمما چ بەیانێك

لە باوەشی گەرموگوڕی (جیهان)دا!

سیمیاناسە سیمیاناس!

لە کۆڕەیەکدا: کلچووك و دەسرۆکە و چارۆگ و سەبەتەی گوڵ و مۆمدان و بخووڕ و پەڕی بن باڵ شین و دوو جووت مراوی، پاندان و سنجاق و مووی گروازە و دوو بزن و دوو قۆچی گاکێوی و دوو کەوڵی خۆشکراو، لەسەر هەریەکێکدا وێنە و گوفتاری جودا هەڵکەنرابوو، یەکەمیانی نیشانی عەوام دا ئەوی تر خۆی و خودای.

ئەو کوڕەیە هی منە عومەر وتی، بیدعە نییە.

دوو سوێسکە لەبن کۆمەڵە پووشێکدا، ئەوە من وتۆین.

دوو نارنج و دوو هەرمێ و دوو پەنجەی مەزەدار

سەری گۆی تامێکی مێخۆشیان دەگووشی

هەندێك ئەستێرەی لێو بەبار دەچوونە مەیخانە

مەیان بەخۆشی ئێمەوە دەنۆشی
بادەپەرستن ئەوانیش.
مانگ بەو پیرییە مەیگێڕە!
بۆم بانگ کەنە تریفەی با مەی بێنێ
بیگێڕێ لە کاسەی زیویندا
ئەو شەرابە خۆی پاکە و ئەو هەموو تەدارەکەی ناوێ.
من ڕەنگی ئەوم بەگونا شووبهاندووە
کەچی جیهان پێم دەڵێ چاوە
وەکی ئەو تۆخ و پڕ سیحر و ئیلهامە.
تامیشی وەکی ماچی بێوەژنی هەمەدان بەئاستەمۆکە
لێوە دەگرێ
ئەندێشەی بەڕەوتی هەور دەڕوا بەرزاییيان دەبڕێ
هەتا چاو بڕ دەکا سپی هەڵدەگەڕێ
مەڵێ هەمووی بەفرە و لە سنگی ئاسماندا
هاکا باری و مەملەکەتی مەستانی پڕ کرد لە جوانی.

گوڵستان چۆڵ بووە لە بولبولی مەست
بۆم تێکە لە بەفر و کرێوە مەیگێڕ!
باگەرم دابێ خانەی ڕوح
لە بن کراسی شینی ڕەنگامە
بگێنێ کۆتری سەربال ڕەنگین
لەسەر هەرچی بەرد و گیایە
لە هەرگوێ چەم و ڕۆخ ئاوی دنیایە
دەنگیان خۆش دێتە گوێ:
بەخێرهاتی عومەری خەیام بۆ هەولێر
لە بناری سەفینەوە هەتا ئەوسەری زاگرۆس
هەمووی ڕەز و ترێیە
کوپەیەکی پڕاوپڕ لە مەیە ئێرە
هی منەو بۆنی کە
مەرج نییە پیربوون دەلیلی کاملبوون بێ
گوڵ لە تافی لاویدا کاملە.
بەخێر هاتی شاعیری مەجلیسی خواوەندان
هەموو بەفری ئێرەم خستووەتە ناو بادەی چوارینەکان
هەرسارد نابنەوە هالاویان لێ هەڵدەستێ

ئەوە جێگەی ڕوحی تۆیە
من تێیدا سەرخۆشم
ڕۆحی تۆ خۆرە لە ناو پیاڵەدا.
ڕوحی تۆ ئیلهامە لەو خاك و خۆڵەدا
بۆنیان بکە، خەیام وتی
هەر دەنکێکی بۆنی مێخەکی بەرباخەڵێك و
هەر چنگێکی ئێسك و پلووسکی بێ سەر و شوێنێك
دوو هێشووی مەزەدار بێنە
لەو گۆزەیە کە ڕوحی منە بیانخەوێنە
کە بەئاگا دێن:

دوو تیر و دوو کەوان، دوو شیر و دوو قەڵغان، دوو دەف و دوو دەفژەن، دوو دەرگە و دوو دەرگەوان، دوو تاق و دوو پاسەوان، دوو ئەسپ و دوو سوار، هەر ئەسپە و زینی خۆی، هەر سوارە و جلی خۆی، هەر جلە و نەخشی خۆی، هەر نەخشە و ڕەنگی خۆی، هەر ڕەنگە و ژنێك دەیخوازێ

سواری من لە پێشی سوارانە لۆلۆ مەمۆ
ڕەنگی من لە پێشی ڕەنگانە هەی مەمۆ
لێ دنیا نەوەکی جارانە لۆ مەمۆ.

تێبینی:

- ئەدوارد فیتزگیرالد (١٨٠٩-) یەکەم شاعیری خۆرئاوا بوو کە ٧٥ چوارینەی عومەر خەیامی کردە ئینگلیزی.
- ڕۆمانی سەمەرقەندی ئەمین مەعلووف باسی چەند لایەنێکی ژیانی خەیامە.
- (جیهان) ژنە شاعیرێکی سەمەرقەندییە لە ڕۆمانەکەی مەعلووفدا.
- هەندێك ڕستە و وشەی چوارینەکانی خەیامم سەرلەنوێ بەکار هێناوەتەوە و خوێنەر لەناو شیعرەکەدا دەیانبینێ.
- سوودم لە شێوازی (هەزار و یەکشەوە) وەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو شتە جیاوازانە لە کوپەیەکدا.

# مامزە کوژراوەکانی حاجری

دەستنووسێکی کۆن – ساغکردنەوە و داڕشتنەوە

داستانی هیجری من شەرحی بەنووسین ناکرێ

پێت دەڵێم چۆنە، ئەگەر چاوم بەچاوت کەوتەوە

حاجی قادری کۆیی

تاجە گوڵی غەزەلێکم چنیووە
لە ناویاندا
تۆخترین گوڵ هی ئازارە
کە جوانی دەیبەخشێ

ڕەنگەکان کە دەپلیشێنەوە
تۆختر دەردەکەون
وەکی:
گیای شوێن پێی ئەسپەکان و
هی تەنیشتیان.
پێویست بەچاوێکی تیژ ناکا
بۆ جوداکردنەوەی
داری بەرسێبەری چڕ و
هی بەر هەتاو
کە لەشی دەتریوێنێ
دەمار دەمار.

**بەدەستێك**
**کە پەپوولە**
**پەڕەی گوڵی**
**پێ هەڵدەداتەوە**
**من کتێبی «مامزەکانی**
**حاجری» دەکەمەوە:**
**کە شیعر هات**
**هەموو شت بەتاڵە**

تەمەن بەشی ئەوە ناکا

ئەو هەموو جیاوازییە ببینی

مرۆ جارێك دڵی دەشکێ و نائومێد دەبێ

تا ئەو ڕۆژەی بمێنێ.

ئەو بازە بەرزتر هەڵدە

ئەستێرەی تۆراو

دوور دەڕوا لە شەودا.

* حاجری: بەناوبانگترین شاعیری هەولێر بوو لە سەردەمی موزەفەرەدین کوکبریدا.

دەرکی بەختیان گرتووە سەگ و سوار

کوژراوە مامزی حاجری.

بۆ پرسە هاتوون چواینەی قافیە سوار

بزر بووە دەر و دیوار

توند دەستم گرتووە پێیانەوە

هەتاکەی دەتوانم بیانپارێزم

لەو بەرزییە نەکەونە خوار.

مێرگی خوێن لە من

شین دەچێتەوە

هەر بەو ڕەنگەوە دەمێنێ

دەستی لێ نادەم

تا ئەو ڕۆژەی ئاشی ڕەقیب

بەهەوەسی هەرزە دەگەڕێ.

ئەو هەموو زیندانە بۆ چییە

بۆ حوکمی کەسیك

**لە پەڕی یەکەمدا:**

**تۆوی هەڵاڵان دەباری**

**ڕۆژیان**

**هێندە لێ خۆش دەهات**

**خوا خوایان بوو**

**شەو نەیێ**

**کەچی نازانم بۆ تۆ**

**ئەو هەموو ئاوازە**

**کافوورەت**

**گۆڕییەوە بەتاریکی؟**

تەمەن قولانجێکی ماوە.
لەوپەڕی مەستیمە ئەو کاتەی
بانگم دەکەن: وەرە پڕ بوو!

هەندێك جار دەڵێم بڕۆم و سەرنەکەمەوە
بەشوێنێك
بەردەرگەی پڕە لە خەفیە و
بەهاری پڕە لە دڕکی حەسوود
بن بەردی پڕە لە مار

بڕۆم و زمانم
لە شەویلاکمەوە دەربێنم
فڕێی دەمە ناو دەریا
چیم داوە لەو هەموو
ڕەهوانی ڕیایە
لەو هەموو قافیە بێ عەهد و وەفایە

– فەرقی چییە باسی خەت و خاڵ
بۆ من و فەرەنگ و هیندییەك؟
فەرقی چی بوو فرمێسکی
ماڵئاواییمان؟

هاوڕێی من بوو حاجری (ئیبنو
خەلەکان)
هاوڕێی شەیتانی شام و
گۆرگیس وەردە
ماوەیەکیش زیندان بوو لای سوڵتان!

**قسەی نێوانمان**
**بەکوردی بایە**
**چ عەیبی دەبوو**
**ئێستا**
**لە بن دیواری قەڵا**
**پاساریش**
**لە بیریان دەبوو**

**دەموچاوت**
**چۆن بناسمەوە**
**لە ناوی عالەم و**
**خەڵکیدا**
**لە کێ بپرسم**
**ماڵی تۆم نیشان دەدا؟**
**دار و بەرد**
**زمانێك دەزانن**
**کە منداڵی**
**لەلایاندا**
**جێی هێشتووە**

له مێرگی مامزه کوژراوەکاندا
دەنگ و سەدایەك دێتە گوێم
پێم دەڵێ: حاجری!
پێشت دەربەندی نووسینە
پشتت هەزاری بەهەزار
کەس لەو بەینە
سوار نییە بەختی
ڕەوان نییە بەگۆترە
چریکە و چرینی
بمێنێ لەوێدا
مشك و جانەوەر دەتخۆن.

ئەی برووسکە!
ئەگەر هاتییە ماڵەکەم لە هەولێر
بپرسە:
ماڵی مانگ لە کوێیە؟

وەڵام: خەت و خاڵ لە دەرێ هەرچی بن
لە ژووری ڕەنگیان جیایە

دەنگی پێی سەبا دێ
لە بەردەرگەی یەکەم ماڵی منداڵیدا
کێ لەوێیە کێ؟
خەدیجە بەجلکی جارانی دێتە دەرێ
پێکەوە دەڕۆین
شاران دەگەڕێین

**کەسی**
**تێدا نەماوە**
**ئەو ماڵە**
**کەچی**
**کوکوختی**
**بەرپەنجەرە و**
**بنمیچی بەرنادەن**
**پێ دەچێ**
**بۆنی**
**کەوا و سەڵتەی**
**کەسێك**
**مابێ**
**بەبزماری**
**دیوارێکەوە.**

**دەرگە**
**خەفەتی زۆرە**
**ئەرێ**
**بۆ دەستێك**
**نایکووتێ**

هەرکێ چاوی پێمان دەکەوێ
ئەگەر دۆست بوو
گەز گەز باڵ دەگرێ
ئەگەر دوژمن بوو
لە جێی خۆی دەمرێ.

وەسفی جلەکان:
کراس دەڵێی پارچەیەکە لە ئاسمان
بەڕۆژ پڕە لە ئەستێرە
ئەوەی دیارە تریفەیە
یا هەورە
دوو پێی بچووکی خستووەتە
ناو پێڵاوی زەوییەوە.

**گوێیەک**
**هەستی خۆی**
**ڕاناگرێ**
**لەو دیوویدا؟**

بۆ نووساوی بەزەردەی ئێوارە و
ڕەنگی خوێنەوە
ئەوانە زۆر جار دووبارە دەبنەوە
لە شتی تردا
ئەوەت مەبەست بێ کەنییە
لە هیچدا.

مندالی من و مامزی حاجری
یەك تووخمن
وەکی یەك دەکوژرێن.

**هەواڵی**
**خەفەتبار**
**پەنجەرە دەیدا**
**بەڕێبوار**
**باخچە دەیدا**
**بەهەرچی**
**باڵندەیە**
**هەواڵی خەفەتبار**
**مردنی گوڵە!**

پرسە: لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژ ئاوا
یەك پرسە بۆ مانگ و
یەك پرسە بۆ خۆر
دادەنرێ.

شەوێکیان لە زیندان
هەرچی شتی ڕووناك هەیە
هێنامە ژووری
تاریك داهات دەوری سوڵتان.

«بیبەن بیدەن لە دار»
«بیکەن بەپەند بۆ گەورە و بچووك»
کە دیتیان
خوێنم چووەتە ناو چراوە
سەریان شۆڕ کرد
تیلماسکی ڕووناکی کشابوو
بەقاچ و قوولی
جەلادیش هەڵگەڕابوو.
هەر سەردەمە و کوپەی ڕوحێکی غەریبە
دەشکێ
حاجری لە چەند لا شکاوە.

ئێستا تۆ چی شتێك هی خۆتە
کام کتێب؟ لە مەرگم بپرسە
گۆڕم لەوێ کەوتووە بێ ناز
هێندە تار و بێ حەواسە
گیاشی لەسەر شین نابێ

**سێ بەشی خۆر**
**هی شاعیر و**
**پێغەمبەرانە**
**بەشێکی هی خەڵکی**
**ڕووبەرێکی کەمی ئاسمان**
**هی ئەم و ئەو**
**ئەوی تر هی باڵندە و**
**فڕندانە**

**تەماشا**
**لەسەر تەبەشی گەردوون**
**دوو خاڵ**
**دەبریسکێنەوە**
**دڵنیام هی چەپی**
**دەمینێ**
**هی شیعرە ئەو خاڵە**
**کەس نەیکا بەهی خۆی.**

دەمێکە ڕۆیشتووم لەوێ نەماوم
هەڵی دە ئەو پیاڵەی لە دەستتە
ئەو کەمەی ماوە لە بنی
عومرم هەمووی بە هەدەر چوو
لە پاراستنی

لەلای ڕاستەوە تەماشای ئاوێنەی
مردنم کرد
لاسکی نێرگسێك ڕووابوو لە بنی
بەبۆنی ئەو گوڵە شەیدام
بەو شێوەیە حاجریم بەڕێ کرد
تا بەردەرکا
کە گەڕامەوە
ژوورەکەم ببوو بە باخچە
بۆ وەرزی تازە
خۆی ڕووت کردبووەوە.

## گەلاکانی ڕۆژ

نالی:

بایەك خۆی لە ڕووی خۆر دەسووێ.

حاجی قادر:

پرسیارێکی ناقۆڵا

لە ناو دەیان وەڵامی سواودا.

جزیری:

دەشێ لەش ئاقیقی بێ

بەڵام ڕوحی ئاقیقی...؟

مەولانا:

پاپۆڕی نوح بوو

نازانم بۆ سەرنەکەوتین؟

بابا تاهیر:

یەك کەس جوانترە لە هەمەدان!

حافز:

بەشەراب مەست نابم

شتی تر زۆرن بۆ مەستبوون.

ڕامبۆ:

سەری خستووەتە سەر دەریا

ئاو پڕ بووە لە ماسی ئەو.

بۆدلێر:

قەشە نەبوو

شیعر کردبووی بەقەشە.

مەولەوی:

سەرشاتە دوور نەبوو

چەقی ڕوح بوو.

گۆران:

بەفرێکی کەلیخان

لەناو پەرداخی شووشەدا

نەدەبووە ئاو.

خانی:

لە نێوان مەم و زیندا

کامیانم؟

شێرکۆ بێکەس:

تەمەن دەستی ناگاتێ

چەند ژیانێکە لە بن چاکەتێکی شیندا

# گەڕان بەدوای پوونگ لە نیوەشەودا

ئەنجامدانی: د. موحسین ئەحمەد عومەر

* ئایا کاتێکی دیاریکراو یان مەراسیمێکی نووسین لەلای ئێوە هەیە؟

– شیعر بۆخۆی کات دەدۆزێتەوە. هەندێ جار بەیانیان دەنووسم، یا شەو شیعری واش هەیە دوای سەفەر و ماندووبوون نووسیومە. گرینگ ئەوەیە بەردەوام خولیای نووسین بی، ئەو کات هەست دەکەی چۆن کات وابەستەی شیعر دەبێ. ئەوەی گرینگە لە پرۆسەی نووسیندا چڕکردنەوەی کاتەکانە، مەلەکردنە لەناو بەخوڕترین ئاودا. بەڵام مەراسیمی نووسین جیایە، ئەوەیان پێوەندیی بەشوێنەوە هەیە، شوێنی نووسین. وەکی چۆن باڵندە پێویستی بەسووچێکی ئارامە بۆ دانانی هێلکە، ئاژەڵ پێویستی بە قوژبنێکی ئارامە بۆ دانانی بێچووی، شاعیریش پێویستی بەشوێنێك هەیە بۆ نووسین. هەر شاعیرە و لە هەڵبژاردنی ئەو گۆشەیەدا تەرزێکە و جۆرە تەشقێك دروست دەکا. هی وا هەیە گوڵێك، جا ئەو گوڵە دەبێ هەر ئەو ڕەنگ و جۆرە بێ کە ئەو دەیخوازێ، یا چرایەك، یا هەر شتێك ببێتە مایەی دڵنیایی لە نووسیندا، لە بەردەمی خۆی دادەنێ. من بەو شێوەیە پابەندی شوێنێك و جۆرە تەشقێکی دیاریکراو نیم. جاری وایە لە ژووری کارکردنم دەنووسم یا لە ژووری خوێندنەوە و نووسین لە ماڵەوەدا. پێشتر لە شوێنێکی تر نووسیومە کە من تەنیا کاغەزی سپی و سوچێکی ئارامم بەسە لەگەڵ مێزێك، مەرج نییە کورسی دانیشتنم هەبێ، هەندێ جار لەسەر ئەرز دەنووسم؛ بەڵام مێزێکی نزم لە بەردەممدا. دواتر کە دەستم پێ کرد ئەوانەش بایەخیان نامێنێ، لەو ساتەدا کە بێ ئاگایی زاڵە تەنیا وشەکان و ئاوازێکی سیحراوی دەمینێ.

* چۆن دەنووسن؟ بەگشتی هاندەرێك یان مۆتیڤێکی تایبەتی وەك وێنەیەك، تابلۆیەك، کتێبێك بۆ دەستکردن بە نووسین دەتانجوولێنێ؟

– چۆنیەتی نووسین گرفتێکی ئاڵۆزە بەتایبەتی لە سەردەمی قاتوقڕیدا. بەر لە

نووسین هەموو کات شتێکی نادیار هەیە، وشەیەك یا دیمەنێك یا ئاوازێك. مەرج نییە ئەو شتە لە ئیستادا بێ، ڕەنگە کەوتبێتە بن دوورترین ڕۆژانی منداڵی، یا هی کەسێکی ترە و بەڕێکەوت دیومە.

شیعر بەگێڕانەوە دروست نابێ، بەبینین و موعایەشەکردن دەخوڵقێ. کە شیعری (گۆڕستانی گەورەم)م نووسی لە پێشەوە هەر تەنیا ئەو ناوەم لە خەیاڵدابوو. ئەو ناوە وەك ناونیشانێك بوو، منی بردە ناو مۆزەخانەیەکەوە، لەوێ بەڕێکەوت دڵداری شاعیرم دی و دەیان دیمەنی سەیر و سەرسوڕهێنەری نیشانم دا.

کە گەڕامەوە هەستم کرد گەشتێکی پڕ لە ماندووبوونم کردووە بەناو دنیای مردوواندا. ئەو شیعرە لەو دیمەنانە دروست بوو کە لەسەر شەقامی بەردەمی گۆڕستانی گەورەی هەولێردا بینیبووم، ئەو هەموو سەرنجانە کەڵەکە بووبوون و دواتر گەڕان بەدوای پرسیاری چارەنووسدا لە دەوری خۆی خڕیانی کردەوە.

شیعری (حەج)م بەتەرزێکی تر دروست بوو. یەکەم جار وشەی حەج! جا ئەو وشەیە لە کوێ دەهات؟ من کە بۆ سخۆم هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەوە نەچووە وشەیەکی لەو چەشنە بێتە ناو شیعرەکانمەوە، کەچی لە ناکاو ئەو وشەیە هات، چی لێ بکەم؟ دەبێ کەسێك چووبێتە حەج؟ ئەو کەسە کێیە؟ لە کاتی نووسیندا بینیم (نالی)یە بانگم دەکا تا ئەو ئەشقە خواوەندانەی ئەو ببینم و گەواهیی گێڕانەوەی بۆ بدەم. سێ بەشی ئەوەی ڕوو دەدا لەناو شیعردا مەنتیقی شیعر ئەگەری خوڵقاندنیان دێنێتە گۆڕێ. جیاوازیی شیعر و پەخشانیش لەوەدایە کە بەدوو مەنتیقی جیاواز کار دەکەن و ئەوی بۆ شیعر دەلوێ زەحمەتە لە چیرۆك و ڕۆماندا جێیان ببێتەوە. چونکە شیعر ئیشارەتە بۆ جۆرە ژیانێك نەك ژیانەکە خۆی. ئەوە ڕۆمانە کە وردەکاریی ئەو ژیانە دەردەخا. کاتێك ڕۆماننووسێك سوود لەو ئیشارەتانە وەردەگرێ بۆ دەرچوون لە کۆت و بەندی مەنتیقێکی دیاریکراو دەوترێ ڕۆمانێکی شاعیرانەیە. من دەقی وا بەسەرکەوتوو و گونجاوتر دەزانم بۆ سەردەمی ئێستا کە ڕووداوەکان

هێندە چوونەتە ناو یەکتری و ئاڵۆزبوون مەحاڵە بەزمانی پەخشان لەیەکیان جیا بکەیتەوە، هەر دەبێ پەنا بۆ شیعر ببەی بۆ گەیاندنیان بە خاڵی هاوبەش.

* ئایا لەلای ئێوە بۆ نووسینی شیعرێك، بابەتێك پرۆسەیەکی درێژخایەن هەیە یان ڕاستەوخۆ سروش و ئیلهام هاندەری نووسینتە؟

– سروش و ئیلهام هەن وەلێ ئەو دووانە بەبێ بوونی پرۆژەی دامەزراندن لە شیعری تازەدا هیچ نابەخشن. تەماشای ئەزموونی ئەو شاعیرانە بکە کە پشتیان بەلایەنێکی ئەفراندن بەستووە و هەر لەو شوێنە سەرەتاییە ماونەتەوە کە پێی دەوترێ ئیلهام. دەبینی ئەنجامیان کەوتنێکی کتوپڕە و زوو دەپووکێنەوە. لە هەمان کاتدا پرۆسەی درێژخایەن حاڵەتێکی موجەڕەد نییە. دیوار تەنیا بە بەرد دروست ناکرێ، پێویستی بەئیلهام و سەلیقەیە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەیان، بەو شێوەیە شیعریش، جیاوازی نێوان دیوار و شیعر ئەوەیە یەکیان پرۆسەی دروستکردنە ئەوی تر خوڵقاندن، ئەگەرچی هەندێ جار بەشاعیر دەوترێ وەستای دانا وەکی ئەلێوت لە وەسفی ئەزرا پاوەندا بەکاری دێنێ. لای من شیعر کاغەزی تارووتە، ئەو کاغەزەی میسرییەکان بەکاریان دەهێنا بۆ زانینی ئاستی ئاوی نیل. ئەو ئاوانە دەبێ هێندە بەرز ببنەوە تا بتوانرێ ئاستیان بپێورێ، نەك هێندە بن کە دەستیان تێ هاوێی نیوەی پەنجەکانت بەدەرەوە بن.

ئەو شیعرانەی تەنیا پشت بەئیلهام دەبەستن ئەو ئاوە ئێجگار تەنکانەن کە زوو قەوزەیان لێ دەنیشێ و دایان دەپۆشێ و هەر ئەو جۆرە ئاوانەیە کە زوو بۆنی گەنیویان لێ دێ.

* شەو و ڕۆژ گرینگییەکی هەیە بۆ خەیاڵی شاعیر. لەلای ئێوە و وشە مانای چییە؟

– هەریەك لە شەو و ڕۆژ ڕیتمی جیاوازی خۆیان هەیە. ئەگەرچی پیلان و خیانەتەکان لە ڕۆژی ڕووناکدا جێبەجێ دەکرێن، بەڵام لە شەودا، لە پشت پەردەی تاریکییەوە نەخشەیان بۆ دادەنرێ. ئەگەر ڕۆژ لەشی گەردوون بێ ئەوە شەو ڕوحیەتی. ڕۆژ ماڵی مرۆیە، ماڵێکی ناجێگیر و کاتی، کەچی شەو بەهەشتی خەونەکانیەتی، ئەبەدی و بەردەوامە بەتایبەتی کەتخووبی ئەو و

مردن لە زۆر شوێندا تێکەڵی یەکتری بوونە. لەناو هەموو شەوەکاندا شەوی مردنی مەسیح لە پێش هەموو شەوەکاندایە و درێژترین شەوی مێژووە تا مرۆ دەمێنێ.

* لە ژیانی ئێوەدا شتێکی تر هەیە جێگەی شیعر بگرێتەوە؟ ئایا دەتوانن واز لە شیعرنووسین بهێنن؟

– شیعر بە بڕیار نانووسرێ و بەبڕیاریش وازی لێ ناهێنرێ. ژیان بەبێ شیعر تامی نییە وەکی چۆن میوە بەبێ شیرینییەکەی تفت و تاڵە. من شیعرم خۆش دەوێ تاکە سەلوا و تاکە پەناگەیە بۆ مانەوەو خۆپاراستن، نازانم سبەینێ چۆنە؟ کە خۆشەویست تۆرا و جێی هێشتی چی دەکەی؟ بیر لە دوو شت دەکەیتەوە، مردن یا ژیانێکی تری ناچاری.

مەرج نییە کە لە ژیانی خۆتدا بەخت یارت بوو لە شیعریشدا هەروابێ، هەندێك جار ئەو دوو ژیانە تەواو پێچەوانەی یەکن، خۆش بەحاڵی ئەوانەی هەردووکیان دەست دەکەوێ .

* ئێوە هەست ناکەن تا ئێستا شارێکی ئەدەبی نییە بارتەقای ئەو دۆخەی کە مرۆڤی کورد تێدا دەژی، مەبەستم لەمە شیعر و بواری تری نووسینە؟

– ئەوەندە پێوەندیی بەشیعرەوە هەیە دەتوانم بڵێم ئەو بۆچوونە ئەوەندە ڕاست نییە کە دەوترێ لە ئاست ڕووداوەکاندا نەبووە. شیعری کوردی لە پێش هەموو ژانرەکانی تردایە و ئامادەیی خۆشی هەبووە. ئەو بۆچوونە بۆ شەستەکان ڕاست و دروستە، کەچی لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە جۆرێکی ترە. مەرج نییە شیعر بە پێوانەی ڕووداوەکان بپێورێ. شیعرەکانی گۆران چ پێوەندییان بە ڕووداوە گشتییەکانەوە هەیە؟ هەروەها شیعرەکانی مەولەوی و نالی و کێ و کێ. ئەو جۆرە شیعرانەش پێوەندییان بە ئەزموونێکەوە هەیە کە سەرچاوە سەرەکییەکەی شاعیر خۆیەتی. (خەیام) شاعیرێکە هی هەموو بەشەر، کەچی ئەگەر لەو شیعرانە ڕامێنی هەندێ ڕووداوی وا دەبینی کە هاوبەشن لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا و ئەوی تر هەموو بەشەر هاوبەشن تێیدا. بۆیە کە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە و باس لە ڕووداوەکان و شیعر دەکرێ وا زەن دەکەم ئەو

جۆرە تێگەیشتنە لە شیعر هەڵەیە و ئەو شیعرانەی پێوندییان بەڕووداوەکانی ڕۆژەوە هەیە مەرج نییە شیعربن، هەرچەندە من ئەوەشیان بەرەهایی باس ناکەم و دەکرێ ئەوەشیان هەبێ، بەڵام پێوانەکەی شیعری پێ دەپێورێ شیعرییەتە نەك شتی تر .

پێم وایە ئەوەی لە کولتووری کوردیدا ئامادەیی نییە فیکرە، لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیان مەترسییەکی گەورەیە.

* بیرەوەری و ڕابردوو یانی چی؟ ئەمانە چ کاریگەرییەکیان لە بەرهەمهێنانی شیعری بەتایبەتی و ئەدەبی بەگشتیدا هەیە؟

– شتێك نییە پێی بوترێ کەرەستەی شیعر، شیعر لە وشە دروست دەکرێ و بەس. ڕابردوو بەشێکە لە بوونی شاعیر و ئەزمونی. ڕابردوو وەکی خاك وایە بۆ ناشتنی تۆوی نوێ، بەڵام خاك هەروا و بە خۆرسکی تۆوی تێدا ناروێ، ئەگەر نەکێڵرێ و خۆش نەکرێ و بژار نەکرێ، بەرهەمی تازەی تێدا ناڕوێ، من زەمەن بەو شێوەیە دەبینم. تەماشای زەوییەکی بەیار و کێڵگەیەکی خزمەتکراو جیاوازییان چەندە. شیعریش ماندووبوون و هیلاکی و قوربانیدانە، هەر لە خۆیەوە دروست نابێ و گەشە ناکا. نەمامێك دەڕوێنی دەبێ خزمەتی بکەی. ئەی تۆوی شیعر لە هەستی گەرموگوڕی مرۆدا بیڕوێنی؟من لەوانە نیم کە ڕابردوو دەپەرستن ئەو هەر هێندە بە کەڵکەکە ئێستا پەرەی پێ بدا و ئامادەیی من بنوێنێ، ئەگینا ڕابردوو کەسانی تر دروستیان کردووە و هیچ فەزلێکی منی تێدا نییە. ئەوانەی ڕابردووپەرستن باوەڕیان بەبەردەوامی نییە. پێیان وایە مێژووی مرۆ لە خاڵێکدا دەبڕێتەوە، من خەون بە مرۆی سوپەرمانەوە دەبینم و هەردەم شەڕم لەگەڵ ڕابردووەوە بۆ تێپەڕاندنی. بەڵام ڕاستییەك هەیە پشتگوێ ناخرێ کە مێژووی بەشەر گەنجینەیەکی گەورەیە و لە بەردەمدایە و خۆم بەواریسی ئەو کولتوورە دەزانم کە لە یەکەم قەترەی خوێنی هابیل و یەکەم هەست بە گوناهکردنی قابیلەوە دەست پێ دەکا. هەموو ئەو کولتوور و زانیارییانە لە ڕێی گەورەترین داهێنانەوە کە کتێبە بۆ من ماوەتەوە. بەڵام بۆ شاعیر تەنیا. کتێب بەس نییە، وردبوونەوە لە مرۆ و هەڵسوکەوت و جۆری

بیرکردنەوەی هەندێك زانیارییم پێ دەبەخشێ کە لە کتێبان تۆمار نەکراوە.

* کەم نووسین و کەم بڵاوکردنەوە و ناوبانگ...ئەوانە چۆن لێك دەدەیتەوە، کاریگەرییان بەسەرتەوە چی بووە؟

– لە ناوەڕاستی حەفتاوە کەم کەمە شیعرم دەنووسی و زیاتر دەمخوێندەوە. تووشی گرێیەك بووبووم تا ئەو ساڵانەی دوایی بۆم نەکرایەوە، پێم وابوو ئەوەی دەینووسم دەبێ بەراوردی بکەم لەگەڵ ئەوەی نووسراوە، ئەگەر شتێکی تازەی تێدا نەبێ،چ پێویست بە نووسین و بڵاوکردنەوەیان دەکا. ئەو بەراوردکردنە ئەگەرچی سوودی هەبوو، بەڵام خراپییەکەی ئەوە بوو تا ماوەیەك زمانی قەڵەمەکەی بەستبوو، دە ساڵان دەرکەوتنی دواخستم. ئەوسا لەناو شیعری کوردیدا دەنگی جیاواز کز بوو، ڕیتمی شیعرەکان لەیەکتر دەچوون. هەر لە سەرەتاوە من بڕیارم دا لە دەرەوەی پۆل بفڕم، بەڵام چۆن؟ جیابوونەوە قوورسترین کارە بەتایبەتی لە شیعری کوردیدا کە ئەو ئەزموونانەی هەبوون کەمبوون ئەو کەمەش زۆر لە یەکتری نزیك بوون. لەتیف هەڵمەت و عەباس عەبدوڵلا یوسف دوو دەنگی جیاواز بوون، بەڵام من سەرسام نەبووم بەو ئەزموونانە. دەمزانی شتێك هەیە لەو دوو ئەزموونەدا بزرە، کەلێنێکی بەرچاو هەیە لە نێوەندیاندا ، ئەویش فرە ڕەهەندییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ وشەدا، کۆکردنەوەی چەندین دەنگە لە پەنا وێنەیەکی شیعریدا بەمەرجێك خزمەتی پڕۆژەی دامەزراندن بکا لە دەقدا. پێشتر ئەو لایەنە لە هەندێ دەقی کوردیدا بەجۆرێك لە جۆرەکان دەرکەوتبوو، لەوانە لە مەم و زینی خانیدا، لە هەندێ قەسیدەی نالیدا، لە شیعری کۆچ و برایمۆکی شێرکۆ بێکەسدا. یەکەم قەسیدەی کە بەو ئاقارە نوێیە بردوومە، قەسیدەی (گورگ) بوو لەو دەقەدا سوودم لە بنیاتی مەلحەمە وەرگرتبوو لە دامەزراندنی قەسیدەکەدا، چەندان ئەفسانەی جۆراوجۆرم بەکار هێنابوو، ڕەمز و هێمای چڕ، بەڕیتمێکی خێرا و تێکەڵێك لە زمانی ئەفسانە و ڕۆژانە، وێنەی سەرسوڕهێن، هەموو ئەوانەم کۆ کردبووەوە لە قەسیدەیەکی ٣٣٦ڕستەییدا، کە زیاتر قەسیدەی پەخشان بوو. دواتر ئەو قەسیدەیەم بەناوی (سووتانی

ڕەنگەکان) بڵاو کردەوە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری قەسیدەکەم گۆڕیبوو، بەشێکم لێی لا بردبوو، دواتر لە سەردەمێکی درەنگتردا بەناوی (گورگی زریانی قورمزی) نووسیمەوە و بڵاویشم کردەوە لە دیوانی (هەوڵێك بۆ کوشتنی کات)دا. ئەو جۆرە پرۆژانە زۆر جار لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە، هەندێ جار وام دێتە بەرچاو کە هەموو پرۆژە شیعرەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووم لەو قەسیدەوە سەرچاوەیان گرتووە، یان هەر ئەو قەسیدەیە بەچەندان جۆری جودا بینووسمەوە لە شوێن و کاتی جودا و هەمەڕەنگدا. لەو دەقەوە زمانی شیعریم دەرکەوت، زمانێك کە سێ بەشی لە ژووریدایە، لەناو ئووقیانووسە تاریکەکانی خەودا و بەشێکی کەمی دیارە و هێدی ئەفراندن لەو بەشەدا دەجووڵێ بۆ دیارخستنی زیاتری.

ئەو زمانە خۆی لە ڕستەی چڕ و ئاوێتەدا بەرجەستە دەکا و زەمەنەکان تێکەڵاو دەکا و لەو تێکەڵکردنە، هەروەها تێکەڵکردنی چەند شوێنێك بەمەبەستی دروستکردنی شوێنێك لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتدا، ئەو شوێنەی لە ئایندا پێی دەوترێ (پاکژەگە)، ئەوە خەیاڵی شاعیر و شوێنی شیعرە.

بەو شێوەیە چەشەی شیعرم گۆڕا ئەو گۆڕانە کەم تا زۆر پێوەندی بە دۆزینەوەی تی. ئێس. ئەلیوتەوە هەبوو. کە من ساڵانێکی دووروو درێژ کەوتبوومە ژێر کاریگەریی شیعرەکان و قەناعەتە شیعرییەکانی بەتایبەتی دۆزینەوەی هاوکێشەی بابەتی بۆ هەست و سۆزەکانی تاك.

ئەو ساڵانە بوو کە ئەدۆنیس (مفرد بصیغە الجمع)ی بڵاو کردەوە، ئەو کات ئەو کتێبە شێوازێکی تازەی نووسین بوو. ئەو جۆرە دەقانە لەناو شیعری عەرەبیدا نەنووسرابوو. ئەو جۆرە بایەخدانە بەتەکنیك جێگەی سەرسوڕمانم بوو، پێشتر ئەو فەزا ئاوێتەیەم لە شیعری فەرەنسیدا خوێندبووەوە، بەتایبەتی لە ئەزموونی ڤالێریدا. ئەوانە هەموو وایان لێ کردم جارێکی تر بەشیعری کوردیدا بچمەوە، ئەو گەڕانەوەیە بە مەولەویی ناساندم، لەو ساوە شەیدای شیعری ئەو شاعیرەم. مەولەوی هەموو سروشتی کردووەتە بەشێك لە خۆی، هەندێ جار ئەو شاعیرە خواپەرستەم وەکی مولحدیکی گەورە دێتە

بەرچاو، جا بۆ وا نەبێ ؟ هەر شاعیرە و لە پرۆژەی ئەفراندندا هەڵسوکەوتی خواوەندانە دەکا و بوونی ئەو دەسڕێتەوە. من شتێکی ئەو تۆم نەکردووە تا ئیدعای گەورە بکەم، شتێکی بچووکم کردووە و هەوڵم داوە لەوانی تر جیاواز بێ. بایەخم بەشتە بچووکە پەراوێزخراوەکان داوە و خۆم لە بابەتی زەق و قەبە پاراستووە، پێم وایە ئەو جۆرە بابەتە لە بواری فەلسەفەشدا باویان نەماوە.

* ئەفسانە و سەرلەنوێ خوێندنەوەی کەلەپوور و ئەدەبی بەر لە خۆت چۆن دەبینی؟ چییان بەتۆ بەخشیوە؟

– لە چرکردنەوەی وێنەکاندا سوودم لە ئەفسانە وەرگرتووە، لە هەندێ ئەفسانەی میللەتان کە بەشی زۆری لە تەورات و کتێبەکانی جیمس فرێزەر و ئەفسانەی کوردی وەرگیراون، لەوێوە هاتوومەتە ناو ئەو ساتەی تێییدا دەژیم، وەکی ئەوەی ڕەگی ئەم ساتە درێژ بووبێتەوە و بۆ ئەو زەمەنە و دەماری مرۆ و دیاردەکانی سروشت گەنجینەی ئەو هەموو دیاردە کەڵەکەبووانە بن و هەر هەڵی دەیتەوە دوڕ و گەوهەری زۆرتر دەربکەێ. شیعر وەکی مرواری لەناو هەناوی ئەو دیاردانە، ئەو هەستانە شاراوە نییە، شیعر درەوشانەوەی ئەستێرەیە نەك ئەستێرە خۆی.

لەو سەرلەنوێ خوێندنەوەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هێشتا سەردەمی خانی لەناو ئێمەدا برەوی هەیە، شیعر و پەیامی نەتەوایەتی زۆر تێکەڵی یەکتر بوون. ئەگەر چی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ئەزموونەی خانی تێ پەڕیوە و زۆر لەو سەردەمە دوورکەوتووینەتەوە، کەچی هەندێ جار شاعیران دەگەڕێنەوە بۆی، دۆزینەوەی بیانووویەك بۆ دەربڕین لە پەنای ڕەمزێکەوە. شیعر و پەیامی نەتەوایەتی دوو شتی جیاوازن، سەردەمی ئەوە بەسەرچووە کە شیعر زمانی نەتەوە و هۆز و بێ، زمانی شیعر بۆ خولقاندنی پرسیارە، بۆ وەڵامدانەوەیە لەلای تاك لەوپەڕی ڕاستگۆییدا، لە کاتی ئەوپەڕی تەنیاییدا. هەر لەو گەڕانەوەدا وەکی مەلێکی عاشق بەسەر لقەچوار وەرزییەکانی سەر شاتە نیشتمەوە، ئەوانیش مەست بوون بەشیعری مەولەوی، لەناو هەر کۆمەڵە

گەلایەکدا هێلانەی شیعرێکی ئەو هەبوو. بۆنی پیاسەی ئێوارەکانی لە نزیك گوند دەهات... دواتر لە ڕۆژگارێکی درەنگتردا بەفیعلی سەر شاتەم دیت. لەو سەردانەدا زیاتر هەستم بەگەورەیی مەولەوی کرد، کەسێك لەناو ئەو هەموو تاوێرە بەردانەوە ببێ بەزمانحاڵی با، ببێ بەگزنگی بەیانی لەسەر ڕووی لێزەویدا. هەر لەو سەردانەدا خولیای مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووم ئاوی نەسرەوتی هەردەم ڕژاو لە پەنا بەرد و تاوێران گیر ناخوا، هەرچەند برژێ هێندە زیاتر گەورە دەبێ وەکو سوارە دەڵێ، تا نەگا بەزەریا ئارام نابێتەوە.

* زۆر جار دووبارەبوونەوە بەمانای مەرگی نووسین دێ، ئەمە چۆن لێك دەدەنەوە؟

– کە دیوانەکانی خۆم دەخوێنمەوە و سرنج لە شیعرەکان دەدەم هەست دەکەم کە زیادەم دووبارەبوونەوە و خۆ جوێنەوەی تێدایە. شاعیر دەبێ ڕەخنەگری خۆی بێ، ئەو باشتر کەموکورتییەکانی خۆی دەبینێ و بەجورئەتەوە بەدوای چارەسەریاندا بگەڕێ. هەر لەبەرئەوەشە ئێستا زۆر بەوریاییەوە دەنووسم و هەوڵ دەدەم خۆم لە دووبارەبوونەوە ڕزگار بکەم ، ئەگەرچی هەر شاعیرە و لە ئەزموونی خۆیدا بەوە تاوانبار دەکرێ کە شیعرێکی هەیە و هەموو ژیانی ئەو شیعرە دەنووسێتەوە. ماوەیەکی زۆر (سووتانی ڕەنگەکان)م لێ بووبووە مەراقێکی بەردەوام و بەزەحمەت لە بازنەکانی ڕزگارم بوو. من ئەوەیان بەعەیبی هیچ ئەزموونێك نازانم، گرینگ ئەوەیە لە شوێنێکدا گیر نەخۆم و چەق نەبەستم و هەوڵ بدەم ئەو سووچەی گرتوومە پەرەی پێ بدەم و مەملەکەتی شیعریی خۆمی تێدا دابمەزرێنم.

* ڕۆلان بارت تیورییە ئەدەبییەکەی لەسەر ئەوە دامەزراندووە کە ئەدەب و هونەر تەنیا لە کاتی مومارەسەبوونی هەیە، واتە تەنیا لە کاتی نووسین و خوێندنەوە و گفتوگۆ، ئەمە چۆن لێك دەدەنەوە؟

– پڕۆسەی نووسین و خوێندنەوە قورسن، هیچیان لەوی تر کەمتر نین. پێم وا نییە ئەوەی مومارەسەی خوێندنەوە دەکا کەسێکی بێ ئاگا بێ بگرە دیوێکی تری تای تەرازووی داهێنانە. خەیام لە ڕێی ژمارەیەك چوارینەوە چیی خوڵقاند؟

بەدرێژاییی چەندان سەدە، هەر لە سەردەمی خۆیدا تا ئەمڕۆکە نزیکەی دە سەدە دەبێ، واتە زەمەنی خوێندنەوە بەرفراوانترە لە زەمەنی نووسین، قەسیدەیەك کەچی بەرۆژێك یا دووان، هەفتەیەك یا دووان دەنووسرێ کەچی ڕەنگە تا ئەبەد بخوێندرێتەوە و شتی تازەی لێ دەست بکەوێ. هەردوو پرۆسە پێوەندییان بەناوەی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام خاڵی نین لە کاریگەرییەکانی دەرەوە و کاریگەریشیان لەسەر دەرەوە هەیە. بۆ نموونە ڕۆمانەکانی کافکا تا ئەمڕۆ پڕفرۆشترین کتێبن لە گێتیدا، ئایا ئەو هەموو خوێنەرە لەختوخۆڕایی کافکا دەخوێننەوە؟ پێم وا نییە ئەوە پرسیارێکی سادە و ڕووکەش بێ. ئلیۆت دەڵێ: من ماوەیەکی زۆر تەنیام حەزم لە خوێندنەوەی بەشی (دۆزەخ)ی کۆمیدیاکەی دانتی بوو، کەچی تەمەن هەڵکشاو ئەزموونەکانم دەوڵەمەنتر بوو ئینجا حەزم لە پاکژەگە و بەهەشتەکەی بوو. ئەوەیان سادەترین لێکدانەوەن بۆ ئەو پرسیارەی کردم. من خۆم تا هەشتاکان تاك و تەرا شیعری نالیم خوێندبووەوە، زیاتر حەزم لە گۆران بوو. بۆ ئەوەی شارەزاییی تەکنیکی دەربڕین بم نالیم خوێندوە ئینجا مەولەوی. بەڵام ئەو ملیۆنەهایە کافکا بەو هەموو زمانە دەخوێننەوە بۆ مەبەستێك نییە و بەس بگرە بۆ فرە مەبەستە. ئەنجام ئەدەبی کافکا جۆرە لێکدانەوەیەکی تایبەت بەخۆیان دروست کردووە و ڕەمز و ئیشارەتی خۆیان هەیە و خانەی تایبەت بەخۆیان هەیە لە ئاگایی مرۆڤایەتیدا، ئایا ئەو جۆرە کاریگەرییە هەر لە تخوبی خوێندنەوە ماوەتەوە یا چووەتە ناو مێژووی ئاگاییەوە.

نووسینەکانی رۆلان پارت بەسەر چەند قۆناخێکدا دابەش دەکرێن، هەر لە بوونگەرایی و پاشان مارکسیزم و ئینجا بنیاتگەرایی، لە سۆسیۆلۆجیاوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی تا لەشیکردنەوەی دەق و لەزەتی دەقدا گەیشتە چڵەپۆپە. من خۆم زیاتر حەزم لە نووسینەکانی دواییەتی کە بایەخ بەمەزهەبی لەزەت دەدا. ئەوجۆرە تەماشاکردنەی دەق پاکبوونەوەیە لە زیادەکانی زمان. ئەو کە لە پیشەوەی ئەوەی کردە ڕەوتی بیرکردنەوەی کە بایەخ بەنووسین و دەق بدا نەك ئەوەی دەینووسێتەوە، ئەم جۆرە بیرو بۆچوونە شێوازێکی نووسینی هێنایە کایەوە کە بایەخ بەشتەکان بدات بۆدەرخستنی مرۆ نەك هەڵڕشتنی

کەفوکوڵی ناخ.

ئەو تەوژمەی نووسین لە ڕۆماندا دەرکەوت و گەیشتە ناو عەرەبەکانیش، بەتایبەتی محەمەد خزەیری چیرۆکنووسی عێراقی، بەڵام لە شیعردا ئەو دیارکەوتنەی بەخۆوە نەدی. ئەو جۆرە بیرکردنەوە زاتیداهێنەر لە زاتێکی ڕووتەوە دەکاتە زاتێکی مێژوویی، زمانیش بژار دەکا لە هەستی ڕووتی ڕاستەوخۆ. بەڵام ئایا زمان بوونەوەرێکی ڕووتە؟ نەخێر ڕەگی هەر وشە و ڕستەیەکی لە پشت زماندا درێژ بوونەتەوە، هەر وەکوپارت خۆشی ئاماژەی پێ دەدا و نووسین بەهەڵتۆقینی تۆو وەسف دەکات لە ناونەسەقی کولتووردا. هەر خوێندنەوەیەکیش تەحەدایە بۆ یادەوەریی خوێنەر و دەقی تازەش بۆیە دەخولقێ بۆ ئەوەی لەسەر جەستەی دەقی کۆندا بژی.

ئەمن لە خوێندنەوەی ئەزموونی ئەو جۆرە بیریار و ڕەخنەگرانەوە شتێك دەبینم بەداخەوە لەلای ئێمەدا نییە، ئەویش بایەخدان بەلایەنە جیاوازەکانی کەولتوورە بۆ دەرخستنی هەندێ لایەنی بیرو و بۆچوونی خۆیان، وەکی پارت لە باسکردنی مۆدەی جلوبەرگدا، ئایا ئەوە بەشداریکردن نییە لە دروستکردنی کولتوورێکی دەوڵەمەند. کەچی لای ئیمە کە کەسێك ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسێ خۆی نقووم دەکا لەناو دەستەواژەی وشك و خۆی دووردەخاتەوە لە ژیان، کەچی ئەدەب بۆ خۆی باخچەیەکە لە چەقی ژیاندا .

* دواشت، شیعر، ئەدەب بەگشتی سوودی چی هەیە ئێوە چ سوودێك لەمەدا دەبینن؟

– ئەمن ناتوانم سوودی شیعر بژمێرم، ئایا سوودی فڕین چییە بۆ باڵندە، یا سوودی ئاو چییە بۆ ماسی؟ شاعیریش بوونەوەرێکە لە شێوەی ئەوانە، نیوەی خواوەندە و نیوەی تری باڵندە یا ماسی. هەندێ دەڵێن شیعر پردە، یا پاکژگەیە، هەیە بە چرای وەسف دەکا. هی تریش هەیە بە خەیاڵی پووچ و بێ مەعنای دەزانێ و پێی وایە شەیتانەکانیان لە دۆڵەکاندا بەدوایانەوەن و ئیلهامیان پێ دەبەخشن. شیعر و شاعیر هەر چییەك بن لەو گەردوونەدا هەن. بەلای منەوە شیعر بەهەشتە، خەونی پێوە نابینم بگرە تێیدا دەژیم، ئەوانەی کە دەگەنە بەهەشت ئیتر ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دۆزەخیان لە بەردەمدا ڕەش دەبێتەوە.

# بازاڕی بۆنفرۆشان

## پیاوێك لە ڕەنگ

بێ ئاهەنگ  و بێ هەرا و زەنا
بێ كێكبڕین  و مۆم كوژاندنەوە
لەژێر ئاسمانێكی شیندا
پەنجام  تێ پەڕاند.

لە وێستگەیەكەوە بۆ ئەوی
لە باخچە و شەقامێكەوە بۆ ئەوی
لە هۆڵ و ساڵۆنێكەوە بۆ ئەوی
لە دەرگەیەكەوە
هاتمە دەرێ  و لە دەرگەكانی ترم دا
بازم بەسەر هیچ شتێك نەدا
بەناو قوڕ و لیتەدا ڕۆیشتم
بەناو بەرد و دڕكەڵاندا
هەرچیم هاتە ڕێ كردم بەهاوڕێ
نەبەرگی پێغەمبەرایەتیم لەبەردایە

نەتاجی شاهانە
نەشمشێری بریقەدار
شەڕکەرێکی عاشق لەسەردینی بولبول
تەنیا خوێندنە چریکەم
سۆز و ئاوازە تفاقم.
بێ ئەوەی ڕۆژ گەرمایی خۆیم پێ ببەخشێ
یا شەو لە جۆلانەی تریفەی خۆیدا بملاوێنێ
بوومە برادەری هەردووکیان
هەردووکیانم گرێ دا بەخۆمەوە.
دەستم شل بوو هێندە دەرگەکان بکوتم
چاوم خێل بوو لە چاوەڕوانیدا
نەمزانی تەمەن هێندە وابەستە بەساڵەکانییەوە
هیچم لە یاد نەماوە لە شەڕەکانیان
کە بەگەرمای هاوین
بەبڕبڕەی پشتم هەڵدەگەڕان.
کاری من بریتی بوو
لە تەماشاکردنیان.
ئێوارەم توند گرتووە بەخۆمەوە

نووساندوومە بەڕوحمەوە
دەکرێ لەبری ناوم
بەشاعیری ئێوارەش بانگم بکەن.
کە جار جار چۆلەکەیەك
لەناو پووش و پەڵاشدا دەفڕێ
وشەکانم دادەخورپێن
دەشڵەژێ ئاوازی ناو ڕستە و تەماشام
هەموو دەنگ و سەداکانم بیرناچێتەوە
ئەو دەنگەم
ئەوە کاری من بووە
لە ماوەی پەنجا ساڵدا.
هیچ شتێك ڕەنگی بەفر ناگۆڕێ
ئەو ڕەنگەم لە بیرە لە هەر کوێ دیبم
لەبەر ئاوێنەدا
لەناو مووە سپییەکان دەردەکەونەوە
پەڕ و باڵن
چڵ و چێوی هەزار هەزارن
بارانی عەشق لێیان دەدا
تەڕیان دەکا

دەبریسکێنەوە

دڵ پڕ دەکەن لە گریان.

درەخت لقی چەندە زۆر بێ

ئاسانترە شکانی

ئەوە حیکمەتی تەمەنە بۆ هەمووان.

لەوەتەی خۆم ناسیووە

دارکونکەرەی مانام لەشێوەدا

سەرم سوڕماوە

ئەو هەموو خەونە چۆن بگێڕمەوە؟

هەر لە سەرەتاوە

دێوێك بەری ئاوی گرتبوو

بیکوژە دڵشادا.

من پاڵەوان نیم

ڕێگەی خۆم گۆڕی

بەشوێنی بڵند و عاسێ هەڵزنام
لەدوندی دوورتردا ئاوم دۆزییەوە،
دێو نەیگاتێ!
تەمەنی کەڵەشێرم
وا بەستەی خوێندن و بەیانییە
بەو ناز و نیعمەتەوە
نەك بەسەر مریشکدا فسین.
ڕۆژی لەدایکبوونم ناوەڕاستی هاوینە
دوای پەنجا ساڵ
لە ڕێی ڕۆژژمێری کۆنی مەلایەك و
پاشان لە ڕێی کۆمپیوتەر
تەلیسمی ئەو ڕۆژەم شکاند
کە کاتبی نفووس
لە ناسنامەدا تۆماری کردبوو
بەدرۆی ئەوبێ
هەموومان نەوەی یەکی حەوتین!

ئەو هەڵەیە دەبوو ڕاست بکرێتەوە
لێوی نووقاوم دەبوو بکرێتەوە
لە سێیەم رۆژی ئابدا
کە کەلووەکان سوور دەبنەوە لە دەمی شێردا
لەبن پەلکی دارمێوێکدا
هێشووە ترێیەکی رەش بووم
لەناو کوپەکاندا تامم گرت و رەنگم لێ نیشت
لە پیاڵەکاندا بریسکامەوە
مەستی هەر مەیخانەیەك منی بەدەستەوە
ئاهـ و نزای هەر عاشق و
هەر بریندار و
غەدرلێکراوێك بەرزم دەکاتەوە
نوخبی هیوایەك.
لەهەڕەتی لاویدا کێوی سەفین جولاّ
ئاگرێك لەوێوە دەرکەوت و خۆی نیشان دا
فەلەکناس وێنەیان نەدیبوو

بەڕەنگ ناسییانەوە
پۆلووی لە خۆڵەمێشدا نوستوو
گەرمای ئاب پێستی سووتاندبوو
ڕەشتاڵەییم هی ئەوە
هی برادەرایەتیمە لەگەڵ خۆر
هی نزیکییە لێی.
لە ئاوێنەدا هەموویان دیارن
دۆست و ئەغیار
مووی ڕەش و سپین
کامەیان دۆستن کامە ئەغیارن؟
هەرگیز لە بیرم ناچێ
بێ هەراوزەنا
بێ کێکی تەمەن و مۆمی ساڵەکان
لەناو ئەو هەموو ڕەنگە شینەدا
کە ئاسمان بەدیاری هێنابووی
بۆ ڕۆژی لەدایکبوونم
باوەشێکم لێ برد بۆ خۆم
هەتا ماوم هەر ئەو ڕەنگە لە خۆم دەگرم
هەر بەو ڕەنگە دەمناسنەوە.

هەولێر/٢٠٠٦

## لە بەرزاییی شوورەی چیندا

سالّی ٢٢١پ.ز ئیمپراتۆر کین شی هوانگ
ئیلهامی لە مانگەوە بۆ هات:
ئاسمان چەند پان و پۆڕ بێ
تریفەی منی تێدا جوانترە.
هەر ئەو شەوە، سیحری باڵندەیەك چووە
لەشی ئیمپراتۆرەوە
بەرد چووە خەونیەوە:

هەرچی شتی سەرسوڕهێنە
لە مندا جێگەی بووەتەوە
وەکی ئەوەی پەیکەری خواوەندەکانی گریك و
ئەهرامەکانی میسر بەتەنیا بەردی کەڵەکراوبن
جودا لە خەونی تەریووی وەستای کارامە و
پەیکەرتاشی چنگ بورکان و
کۆیلە و ئەسیری شەیدای ئازادی.
سالّی ٢٢١پ.ز ئیمپراتۆر کین شی هوانگ
لەسەر بەردێکی گەورەدا
پەڕ و باڵی باڵندەیەکی کردەوە

بەرەو رووی مانگ هەڵی دا،
بۆ کوێ دەفڕێ، ئەوێ دەکەم بەشوورەی چین!

لە حیکایەتی کۆندا، پاشا و سوڵتان
هەرچییان ویستبێ حەڵاڵ بووە بۆیان
کەچی، وەکی پەرداخی ژەهر بنۆشن
وا ژیانیان جێ هێشتووە.
لەبن شوورەی بەرزی چیندا
تاج و مێزەری ئاوریشم و کەوشی زیوویان
بازن و ئەنگوستیلەی نقێم گەورە
قسەی پەشم و سەربووردەی بێ تامیان
لەو شوێنانەدا کەوتبوون
کە پێیدا دەڕۆیشتم.

هەوری خەیاڵێك هاتەخوار
دای لە پەرچەمی تەماشام:

ئەریٚ ئەو هەموو دیوارە
بەسەر قوتە و ملەی شاخدا تیٚ پەڕیووە،
یا شان و ملی دڵداران؟
بەسەر بەرد و قوڕدا کەوتووە، یا بەسەر خەمی نازداران؟
لەبن شوورەی بەرزی چیندا
ئامۆژگاریی وەنەوشەیی کۆنفۆشیۆس و
هی سووری ماو!
گۆی مەمکی بڕاو، دەست و پەنجەی قرتاو
راز و سکاڵای مۆزە و تامپل
گۆرانییە خەمگینەکانی رۆخ رووباری زەرد
هەر یەکەو شتێکیان لەسەر دەست دانابوو
بیانبە لەگەڵ خۆت
سەفەری ئەو دوورە
زۆر شتی لەو جۆرەی پێویستە.

بەپشتی پەکیندا سەرکەوتم تا سەریٚ
مانگ برادەرێکی کۆن و جێی متمانەیە

بەخۆڕایی نەبووەتە قیبلەی عاشقان
من ئیمپراتۆر کین شی هوانگم!
دەچمە خەونی گەورەی چینەوە
خۆم ون دەکەم لەناویدا.
دیدە هێشتا تەوا کز نەبووە
خولیا هێشتا تەواو کپ نەبووە
چریکەی مەلێك پێم دەڵێ:
ئەگەر هەموو شتەکانی وڵاتی من
بەبچووکی بناسرێنەوە
شوورەم بەگەورە و بڵندی!

لە پەنجەرەی فڕۆکەوە،
مانگ ڕووت بووبووەوە ڕووت ڕووت
خۆی نووساندبوو بەقەدی شوورەوە
هەورێکی تەنکی مەیلەو نارنجی
هەردووکیانی داپۆشیبوو
خەریك بوو بچنە پەردەوە..

ئەی کین شی هوانگ!

شوێن پێتم لەسەر رووی مانگ لێ دیارە،

دەتوویست بەرەو کوێ سەرکەوی؟

لە بەرزاییی شوورەی چیندا

هەرچی پاشا و سوڵتانە

لە چەند م٢دا جێیان بووەتەوە

ئەو هەموو رووبەرەی کە ماوە

هی ئەوانەیە بێ ناون

کەس نازانێ مردوون یا ماون؟

ناوەڕاستی حوزەیرانی ٢٠٠٥–پەکین

# یارەكانم

ر

ڕێواسی بن بەفر

هێندەی پەنجەكانی

ناسك نییە

پەڕی قووە

بۆ شەوی درێژ

دەیكەمە سەرین

ڕوح لە شوێنی دوور هاتووەتەوە

لەشێكی پێویستە

حیكمەتی تێدا بشارێتەوە

ج

جوانی بە مردنەوە نووساوە

بەموو لێی جیا نابێتەوە

دەچمە سەر بڵندترین ترۆپكی مەرگ

تا هەموو جوانی ببینم

لە گۆی مەمكێكدا

كە پەنجە بەس نییە

بۆ دركاندنی

دەمی خۆمی پێوە دەنێم

ژ

ژێی ناسکترین با دەلەرێتەوە

شتێکم دێتەوە یاد:

پێی ژنێك

گەرمتر لە ئاگردان

ت

خۆی و ئاوێنەی شەڕیانە:

خۆشەویستی

چ زوو پیربوو

لە نێوانیان؟

ش

شەو دڕکەڵانە

جێگەی هەردووکمانی تێدا نابێتەوە

بەڕووتی

م

لەش خۆی دەگۆڕێ

لە جوانترین شێوەدا

ماسییەکە

لە ئاوی ڕوونی چاودا

و

غەریبی جلێکی ئاگرە

گۆمی باوەشێك دەیکوژێنێتەوە

کە دێیتەدەر

کڵوکۆت دامرکاوە

پ

پیاو لە بەردەمی خۆردا

بەچۆکدا دێ

ژن دەیخاتە هەناویەوە

گ

بەفر یەك مەتر باریوە
خۆم خزاندووەتە ئەشكەوتێكەوە
سەرما هەر چەند هێرش بێنێ
رەق نابمەوە،
گەرماییی لەشێك لێم دەدا

ن

گەردوون دوا حەرفی دامێ
هێلانە یەكەم حەرفی
لە نێوانیاندا باڵندەی تەریوم
لەیلا بەحەرفی مەجنوونی
مانگ بەشێوەی خڕبوونی

دەمبەستێتەوە

بەژنێك

لەوم بیستووە: من و بەفر

زۆر شتمان لە یەكدی دەچێ

لە منی ببیسە: تۆ و ئاگر

زۆر شتتان لە یەكتر دەچێ

ز و ك و ئەوانی دی

لە پەنجەرەی هەورەكانەوە

دەستم تا نیوەی ژیان هێناوەتە دەرێ

پرووشكی هەر بارانێكی بەركەوێ

دەزانم هی ژنێكە

خودایە!

تەمەن ڕێگە دەدا

نمەی هەموویان لێم بدا؟

لە دەرگەی هەورەکانەوە دێمە دەرێ

یەکەم ڕێژنە

کەڵەگەتێکی ئەسمەرە

عەجەب!

پێشتر ئەو جوانەم نەدیوە؟

شاخی رووتم لا جوان نەبووە

یەکەم جارە

ئەو هەموو باڵایەم

بەڕووتی لا جوان بێ

## دەفتەری بۆنیان

ت

ساڵی بۆنبڕانی گەورە
شووشەیەکم پڕ کرد لە بۆنی
خاك پێی زانی
بردنی بۆ خۆی
هەموو یەکەم بارانی ساڵ
بەشەماڵێك
بڕێکیم بۆ دەنێرتەوە

ر

بۆنی شەو جیاوازە لە هی ڕۆژ
ئەوانەی هەر تەنیا جارێك دێن
بۆنێکیان هەیە
ئەوانەی زۆر دێن
هەزار

م

بۆنی خۆر بۆنی خودایە

یەك بۆنە

چ من هەڵی مژم

چ پەپوولەیەك

ژ

کانی کە نزیك لووتکە بوو

بۆنێکی هەیە

هەر چەند چووە خوار

بزر دەبێ

لە مێرگ و نزار

ج

نا یەك بۆنی ئێوارە دێنێ

لە هەر خوداحافیزییەکدا

ئەو بۆنە دێتە لووتم
کە یەکەم جار
من هێنامە ماڵەکەم و
نەمهێشت بزر بێ لە شار

ب

عەتری بەفرنووس
لە هەر لاوە بێ
مانگ لەوێ هەڵدێ

و

دەنووکی پایز چەقیوە
لە پێستی ژنێك
لەو شوێنە بۆنێك دێ
دەیدا لە پەلکی دار
رووت دەبێتەوە
درەختی باڵا
بەنەشئەی

گ

بۆنی یەکەم چرایە
کە لە گوندێکی بنار هەڵدەکرێ
یا یەکەم ئەستێرە
یەکەم نامە
توندە وەکی یەکەم باوەش
یا یەکەم ماچ

ش

بۆنی خۆخ باخ هێناویەتی
یا مەمکی
بۆنی شەپۆل هی پرچی ڕووبارە
یا هی یارە

ن

بۆن پڕی ناو جێگەیە
خۆشترینیان هی گیایە
کە لەشی ژنێك شێلاویەتی
بەپشت و لاڕانی

له باخچەی بۆنەکاندا بۆنێك دیار نییە

دەمرم لە بۆی

زێڕۆی بۆنفرۆش لە تەك هەر بۆنێکدا

رۆژێکی هەفتەی نووسیوە:

بۆنی گێلاس هی سێشەمە

چوارشەم هی فەریکە قەزوان

هەڵووژە پێنج شەموان

یەکەم باران هی هەینییە

شەموو هی بۆنی ئەکاکیا

یەکشەم هی نەعناع

لە دووشەمدا بۆنی ئاگری دێ

لە هەرمێ

## یارەکانم

هەر یەکە و میوەی دارێکن

هەر یەکەو باخێك

بۆنیان دەڕوا بەناو مێرگ و لێڕەوار

تامیان

دەنیشێ

لەسەر پەلك و قەدی دار

دەوریان دەدەن

مار و مێروو و باڵدار و بێ باڵ

بۆنی ژن تێکەڵی هەر بۆنێك بێ

دەناسرێتەوە

لەسەر ئەو بۆنە لە بەهەشت دەرکرام

ئێستاکێ، تێکەڵی هەموو شت بووە

لە کوێ دەردەکرێم؟

## بازاڕی بۆنفرۆشان

شۆستە پڕە لە بۆنیان بەپرچی چنارەکانەوە
بەنووکی پەنجەی خەنەیی
بەسوورە هەناری گۆی مەمکیان
هەڵیان داوە ژنەکان
ئاشنام بکە پێیان
لە دوورەوە هاتووم بۆ کڕینیان.

شار پڕە لە بۆنی یاخیبوون لە تووکی خۆخی مانادا
فەرهەنگی شیعرم پڕە لێیان
کەس نایان کڕێ.
شار پڕە لە بۆنی شەڕ
ئەو بۆنە هەرزانە
لە دەسکی شمشێری دەدەن
شەڕکەران وەختێ دەچنە مەیدانی جەنگ
لە ڕدێن و سمێڵی خۆیانی دەدەن
عاشقە درۆزنەکان وەختی دەچن بۆ جێ ژوانێ
کڕیاری زۆرە
شووشەی بەقڕانێ!

بۆنی سەفەر بەخێرایی پەرت دەبێ کەس خڕی ناکاتەوە
هی چیلکە و لقی شکاوە
بۆنی خنکاوە
مەلەوانێك بەباسکە مەلە هێناویەتی
یا دز و جەردە
لە قەمسەڵە و جانتای شاندا دزیویەتی.

لە بازاڕی بۆنفرۆشاندا
بۆنی چەند دڵۆپ بارانێك ماوە
تینوویەتی گۆڕیتیەوە بەمەرگی
نەیخواردووەتەوە
هەڵی گرتووە لەشیشەی شیندا
لە دڵی رووبار شاردوویەتیەوە.
سوپاس بۆ باران!

بۆنی خوێی لەو دوورەوە هێناوە
لە خاکی شیعردا
لە دەستی رژاوە.

نمە نمە لەسەرخۆ لێم دەدا
بۆنێکی خەمگینم لێ دێ
دەنگێکی خەمگین،
لەوانەی باخە کۆنەکان
لە چۆڵەوانیدا دەیبەخشن بەبا
یا هی ئەو ماڵە تەمومژانەی
هێشتا لێیان تێر نەبووبووین
کە جێمان هێشتن بۆ باڵندە و جنۆکە و خێو.

بۆنی ئێستا لە ڕابردوو دێ
بۆنی داهاتوو لە ئێستا
ئێستا بۆنی خۆی لێ دێ
گیا لە ڕۆخی باریکی بەتاسووقە و پەرۆش دەڕوێ.

مێگەلی هەورەکان روویان لە باکورە
بۆنی شۆڕشیان لێ دێ
سوور وەکی دەنگی گێلاس
دڵم بۆنیان دەکا
دەعبا لموزیان دێننە پێش
بۆنی باکور بۆنی خوێنێکی پاکە
لە هەر شتێکی بدەی
سەرتاپای دەخرۆشێ.

بۆنی دێویێك دێ لە باشوور
برینێکی لە پاشپانیدایە
بۆی تیمار بکەم دەبێتە کۆیلەم!
قودیلەی خەیاڵ دەسووتێ
ئەو بۆنە بۆنی منداڵی نییە!
دێویش هی ناو حیکایەت و
هی شەوانی زستان نییە!

بۆنی بێگانە دەنیشێ لەسەر پەراسوو
توووند دەنووسێ بەگەرووەوە
هەتا زووە رزگار بە لێی.

بۆنی بەهرە کزەیەکی لێ دێ خۆڵەمێش لادەدا
بۆنی پشکۆ دەردەکەوێ لە ئاراستەی روحەوە
سوپاس بۆ ئاگر!
حیکمەتی گەشبوونەوەی دامێ
بەیانییەکانم پێ گەرم کردەوە
لە بەستەڵەکی قافیە و
وشکە سەرمای ماڵی کێشدا.

بۆنی بەختەوەری و ئومێد پڕ پەلکی پان و باریکە
لە قەد و لە لاسکەوە دێ
ئەویش لە ڕەگی گرتووە
رەگیش لە خاکدا ماندووە.

بۆنی دنیام خڕ کردووەتەوە لە دەنکە خۆڵێکدا
لە پووشکە و خەیاڵێکی باریک
بەدەنووکی وشەیەکەوە
دەیبەم لە هەر کوێ بڵندە
هێلانەیەکی لێ دروست دەکەم لەبۆ منداڵی

پڕ لە خەون و خولیا
لافاوی نووحیش هەڵبکا نەیگاتێ.

شار پڕە لە بۆنی ژەهری ڕەش
ژەهری سوور
شین، نارنجی مۆر
ژەهر لە ترسی ژەك و شیر
لە ترسی بەفر هەرگیز سپی نییە.

شار پڕە لە بۆنی گەنیو
ئەوە ماڵیانە
حەوشە و دیواریان پڕ جیقنە
باڵندە هەر بەحەواوە بەبۆنی تۆڕ دەکەون
گوڵەکان بەبۆنی پایز
بیانبەم بۆ کوێ لەگەڵ خۆم
شاری بۆنە ڕاستەقینەکان لە کوێیە؟

# سروشتی هەستدار

چەند بستۆکەیەك ماوە بۆ بەیەکگەیشتن
پێستی مەجاز داماڵە
بەرەو لووتکەی دوورتری مانا هەڵکشێ
بچییە هەر جێیەك دەتگەمێ.
ئاینم دەرچوونە لە دژ و رەهابوونە
بەجوانی گوڵەوە باخچەم خۆش ویستووە
بەخوێندن گۆپکەی زمان پشکوتووە

ئەو دینە ئەنجامی بینینە
تخووبی پڕە لە زەردی شێتبوون
کە ئێوارە دەیدا لە نەشئەی ئەندێشە
پەرت دەبێ جوانی
لەناو خانەی بوون
ترسم تەواو رەویتەوە
دڵنیام لەوەی دەیگەمێ.

دیمەنێك دێتە ناوەوە
لە یەکەم دەفتەری منداڵییەوە
بەقەڵەمێکی رەنگاوڕەنگ کە شین تێیدا زاڵە

مەرج نییە ئەوەی دەتەوێ
لە ڕەنگدا دەرکەوێ
هەندێك جار کە ڕەنگ نامێنێ
کزەبای مانایەك هەڵدەکا
پێشتر نەیداوە لە لقی هیچ شتێك
لە ڕووی هیچ بستە زەوییەك
لە سەر و قژی هیچ کەسێك.
لەو دیمەنە ورد دەبمەوە:
دوو هێڵی تەریب یەکتری راودەنێن
لوول دەخۆن بەدەوری شینێکی ئاویدا

ئەوەیان بۆ سروشت دەگێڕمەوە.
لەڕووبەرێکی سپیدا هەندێك خانوو

ژمارەیەك تارمایی دەست باریك
لاق باریك سەر خڕ و بچووك
لە نزیكماڵەكان..
خەیاڵی منداڵی دەیانشوبهێنێ بەمرۆ
هەر لەبەرئەوەی لەسەر دوو پێ ڕاوەستاون
دەستیان لەسەر عارد بووایە
دەمووت مێروون هی رەش و گەورە
ئەوەش بۆ منداڵی بەو هەموو لاساییەوە.

درەختێك بەشانی گردێكەوە
كەس نازانێ خۆخە، هەرمێیە، یا هەنار
بەلالووكە یا گێوژە یا چنار
قەدی قاوەیی و سەر و گێلاكی كەسكی تۆخ
لە سەردەمێكی درەنگتردا
تەمێك لەبن پەردەی تەماشاوە نیشتە سەریان
كوا دار كوێی كەسكە؟
ئاو چی شینە؟

سپی بەفر کوا؟
رووناکی دەڕژایە خانەکانەوە

ئەوسا تێ دەگەیشتم،
خەم باریووە بەسەر ئەرخەوان
لە ڕەنگی مۆری چارۆگەی دیارە
ناو دڵی پڕ خوێنە گێلاس فرمێسکی سوورە
چنار خرۆشاوە لە چاوەڕوانی سەوزدا
هەر لە ماڵ دەرکەوێ یار
ئەو دەکەوێتە لەنجەولار
رووبار کوێی شینە؟
ئەوە رەنگی مەستبوونیەتی
پرچیشی کە پەرێشان و بڵاوە

نیشانەی خولیایەتی
دڵی سپییەکی شیرییە بەدەمی دەریاوە.
رەنگ حاڵەتەی نەوەستاوە

هەر کاتەو بەجۆرێك

لە هەر شوێنەو تەحرێك

مەرج نییە زەردی هەر هی خەزان بێ

بەهاریش هی ئەوە نییە متمانەی تەواوی پێ بکەی

لە کەسك و سوور و ئاڵدا

ئەوەی نیشانی دەدا

زۆر جیاوازە لەوەی لەناو دەماری پەلکەکان دەیشارێتەوە

لە خەودا کە دەیبینی شەرابییە

لە لاویدا رەشە

کە پیربوو پیازی

بەیانی بیبینی شتێکە و ئێوارەی ناکامی شتێك

شەو هەر مەپرسە

لەناو پێخەف و جێگەوە.

رەنگ فەرهەنگی روحە

پڕە لە مۆسیقا

پڕ لە وشەی تەماوی

لێکدانەوەیان دژوار و گرانە

دەرکەوتنیان زەحمەت و عاسێ
هێندە کورتبین و لەخۆبایی مەبە پێیان
هەموو تەمەن بەشی دیتنیان ناکا.
من دەڵێم چەند بستۆکەیەك ماوە بیانگەمێ
هەڵەیەکی گەورەیە دەیکەم،
شکۆمەندی لە خاکدا نییە
لەسەر خاك دەبینرێ
لە مانای سەنگین و لە شێوەی سەنگیندا
پێستی مەجاز داماڵە گەلۆ!
ڕەنگەکان کە تەواو تێر دەبن ناسکییان لە کیس دەدەن

پڕیان مەکە لە مانا
پەپوولەی فڕینیان دڵگیرە بەحەواوە
نەك عومر و بەقایان
حیکمەتی دانایی دانێ

چیت داوە لە یەقین

ژیان بەو شێوەیە جوانە،

کە نازانی چۆن و چی دەکا و چۆن دەڕوا

شێتییەك دەمینێ لە پشتی پەردەوە

دنیا بەو شێتییە جوانە

تکایە ڕەشی مەکەوە

تکایە

تکایە

تکا.

## یەکەم دوایار

سی و یەك ساڵ لەمەوبەر، وەکی ئەو کەسەی
دوای مەرگی دۆستێکی، لە گۆشەیەکدا بەکزی دانیشێ
لە ماڵێکی لاتەریکدا
بێ نەخشەی پێشوەخت و هیچ جۆرە مەبەستێکی دیاریکراو
بەڵێنم بەخۆم دا:
درێژە بەو جەنگە بدەم
کە پێشتر دۆڕاندبووم!
یەکەم جار بنی زمانم هەڵکۆڵی،
ئەو رستانەم لە ڕەگەوە
دەرهێنا
کە چەشنی ئەنتیکەی دانسقە لەموزەکاندا
لە پشت شووشەی جەللاتینی دەست و دەم بەستراو
نەدەمردن نەیاخی دەبوون
بۆچیمە رستەی وا؟ هەڵگژامە سەریان
پووش و پەڵاشی تەماشام ئاگریان تێ بەربوو
لە بەرانبەر وێنەیەکی نەبینراوی مەرگی خۆمدا
بۆچیمە وشکە تەماشا؟ کەوتمە لەناوبردنیان
جەنگ بەو دووانە دەکەم: زمان و خەیاڵ!

وەکی ئەوەی رووبار دەیکا
بەهاژە و کەفچڕین لە جێی عاسێ و نادیار.
ڕەشنووسی ئەو هەورانەم سووتاند
کە بۆ کەسێك و بۆ مەبەستێك و بەڕیتمێك و
ئاوازێك
چووبوونە ئاسمان
شیعر جەنگە لەگەڵ کۆکەسێك
لەگەڵ کۆمەبەستێك
بەکۆ ریتم و کۆئاواز.
هەی ڕوحی باریکتر لەبا، با شۆڕبینەوە
بابچین
هەتا ئەو جێیەی بزر دەبین لەخۆدا!
ئەو خواری خوارەوە زەنەك و گومانە و پڕ ئەفسوون
داری ئێجگار پڕ سیحری تێدایە، بۆن خۆش و بۆن ناخۆش
هەردووکیان بەکەڵکن بۆ مراز

وەکی مرۆ لچکی ڕوحی خۆیانی لێ گرێ دەدەن

دەیکەنە جۆلانە بۆ پشوودان

هەر دارەو سێبەری دەدا لە مەملەکەتێك

بۆنی دەڕوا بۆ چەندان

لەو خواری خوارەوە تەماشای ڕەگی خۆم دەکەم بەحەواوە

دڵی خۆم بەو قسەیە داوە

کە شمشاڵ بەدڵی کون کونی

خۆی وتبوو:

ئەوەی دێتە ژووری

چەن قات زیاتر و پەشێوترە

لەوەی دەچێتە دەری

مرۆ تا دەمری

ناتوانێ هەموویان بژەنێ.

با بچین با بچین با بچین
هەتا شۆڕبینەوە ئاسمان نزیکترە لێمان
تا ئەو ئاستەی لە لق و پەلم گیر دەبێ پەراسووی
تێکەڵ بەخاك و خۆڵم دەبێ
کە سەرلەنوێ شین بووەوە
شێوەمان لەیەکتر دەچێ!
سی و یەك ساڵ لەمەوپێش، لەناو بەلەمێکی شکاو
کە نەمدەزانی بەرەو کوێم دەبا
لەسەر گازی پشت راکشابووم
لەو باڵندە سپییانە ورد دەبوومەوە
کە چووبوونە خەونی (بۆدلێر)ەوە
باڵیان لەسەر برژانگی جێ مابوو
بەو باڵانە فڕیم تا ئەوپەڕی گوڵستان
ماڵی گوڵە بەدەکان!
گوڵە بۆنخۆشە بەدەکان!
باڵندە ئارامی دەبەخشێ تێکیشی دەدا
ڕزگارمان دەکا وەکی کو بە چڕنووك دەمانکوژێ
لەبەر خۆم دەموت و دەموتەوە:
باڵندە ئارامی دەکوژێ

بەچڕنووك ڕزگارمان دەكا
لە ناكاو، ماسیگرێك تۆڕی  پڕ ماسی بەدوای خۆی
رادەكێشا
ئەوانە ئێمەین!
خوا بەدوای خۆیەوە رامان دەكێشێ!
جێ قولابی راوچی دیارە بەقورگمەوە
بۆیە هەرچی دەیبێژم ئازارم پێ دەبەخشێ.
سی و یەك ساڵ بەری، دەموت لێرە كەس نامناسی
كەچی ئەو هەموو وردە ماسییانە
گشتیان كەس بوون خزم و ناسیاو
خۆم و خۆم و خۆم
ماوەیەكی زۆر هیچم نەنووسی
وێنەی خۆمم لە بەرچاو بزر نەدەبوو،
لەناو تۆڕێكی دڕكاوی گەورەدا!
شەوێكیان، كەسێكی سەر و ریش مەیلەو نارنجی
بەسەر پشتی حووتێكی سپییەوە

گەیشتە کۆڵانی (بیرێژیان)

وا مزانی باپیرم لە خۆشناوەتییەوە پەلی عەیشێی گرتووە

دەیهێنێتە شار

خۆرێکی خورمایی بەسەر شانیەوە

کە دەستی بەئاستەم دەجووڵا

رووناکی دەکەوتە سەر ئەرزی

هەی بەخێرهاتی وەبان چاو..

هەفتەیەك لەلام بوو لەو ماوەیە،

کەمێکی پێ بەخشیم و زۆری برد لەگەڵ خۆی

لەوانە: دۆستایەتی لەگەڵ چیا

کە ئەو بەپشتی نەهەنگی دەشووبهاند

خۆت هەڵدەیتە سەری دەتبا.

پاشان پشتێنی پشتی بابمی بەو مارە دەچوواند

کە لەوەتی دنیا دنیایە لە مرۆ نابێتەوە

دەمێکە هاودەنگن
چارەنووسیان بەیەکەوە گرێ دراوە
دەبێ دانی پێدا بنێین:
ئەو لەبەرمە لە بەهەشتێ دەرکراوە
ژیان چەند لێکمان دوور بخاتەوە
مردن دەمانگەیەنێتەوە یەکتری
لەو شوێنانەی کە بای زەرد هەڵدەکا
ئێسك و پرووسك رادەماڵێ
بن هەر بەرد و پنچکە گیایەك بگەڕێی
یەك دووانێکیان چاوەڕوانمن لەوێدا.
سی و یەك ساڵ لەمەوپێش، شەوێکی سارد
پیاوێکی سپیلکەلانەی قژ کەوتوو بەلادا
لە سیبیریاوە بەڕێی کاکێشان
بەسواری گالیسکەیەکەوە کە رەوەسەگێك رایان دەکێشا
گەیشتە یەکەم ماڵی بەفرنووس
بەو زمانەی کە دوو کەسی ناسیا و قسەی پێ دەکەن

بردمە ژووریێ: فەرموو
ئەوەش هەر ماڵی خۆتە
تکایە دەرگە توند داخە
لێرەش جەنەڕاڵە سوورەکان دەستیان دەڕوا
ئەو زیندانەی لەوێ دروستیان کردووە
بۆ ئەنتلیگنسیا و شاعیرانی نەهلستی
سوچێکی گەیشتووەتە ئێرە
کەڵکی نەماوە مەملەکەت
پڕبوو لە پیاوە پووچەکان!
پیاوە پووچەکان!
پیاوە هەرە پووچەکان!
ئەوانەی سێبەری قەڵەڕەشن لەسەر زەوی
خۆیان بەسەد تەرز و سەد تەحرەئۆین گۆڕیوە
بەکڵاوی گوڵینگە بەسەریان باوەڕ مەکە

بەکراسی ئاوریشم و بۆینباخی ئاماڵ شین و بەپێڵاوی
چەرمی ئیتاڵی و
بەبۆن و جەنتای بۆس و
قایشی پێستی تیمساحیان باوەڕ مەکە
پیاوە پووچەکان گوڵاڵە سوورە نین
کاتی هاتنی ئەو جۆرە گوڵانە بەسەرچووە.
سی و یەك ساڵ لەمەوبەر تێ گەیشتم ئەو شەڕە نابڕێتەوە
لێرەش کۆتایی بێ

لە جێیەکی تر سەرهەڵدەداتەوە.

سی و یەك ساڵ لەمەوبەر سی و یەك ساڵی تەواو

کە ویستم رزگاربم لەوەهمی قەفەس

هونەری چرینم بەجۆرێك گۆڕی

کە ڕاوچی بەمەلێکی بەستەزمانم تێ نەگا

وەکی فڕندەیەکی بەسام

سەرەتا لێم دوور کەوێتەوە

کە مەوداش کەتە بەینمان

بەئاسانی نەگیرێم

وەکی ئەو کەسەی لە خشپەی مێروو راچڵەکێ

خوێنەرم هۆشدار کرد: ئەوەی روو دەدا نە لافاوی نوحە

نەهی تسوونامی، نە شەڕی قابیلە و نە هی ناپلیۆن

جەنگێکە لەناوەخۆ، خۆت لەگەڵ خۆتدا، یا خۆتی بەتەنیا

لە بەرانبەر کۆدا.

من کە لەگەڵ خۆم دۆڕاندم

نایبەمەوە لە هیچ کوێدا.

## حەلاج

لە دوورەوە، بەتەنیشت رووناکییەوە تارای نهێنی لادەدا
دۆستێکی کۆنە تازە دێ
ختورەی ئەوە دەکەم شتێك روو بدا
یا ئێوارە رێگە نەدا بگا
تاریکی شێوەمان لە یەکتر بزر بکا.
ئەگەر منت دی ئەو دەبینی
روویەکی لە مندایە هەزاری لە مندا بزر
رەنگێکی لە بووندایە هەزاری تێدا بزر

شینێکە شینی وا نییە لە هەرچی دەریایە
رەشێکە قەترانی
سپیکە ئەو رەنگەت نەدیووە لە ژەك و شیر و

لە هەرچی بەفر و کاغەز و پەمۆدایە

ئەو دڵە سپییەت لە کوێ بوو؟

ئەو هەموو سپییەت لە کوێ بوو؟

هەندێ جار مردن ئاوازێك دەژەنێ هیچ نایەك لەوپەڕی خەمگینی

نەیژەنیووە

تەلی هیچ سۆزێك بەو چەشنە نەلەریووە

یا رەنگێك دەرێژێ هێشتا ژیان نەیناسیووە

مردن زۆر شتی فێر کردووم

بەر لە ئەو کەس پێی نەوتووم

مۆریکە چ قەیدی

سۆریکە، قاوەیی

مایل بەزەردێکی کاڵە لەو زەردانەی

سپێدە لە بیری چووە بیخاتە گلێنەی خۆرەوە

هێزی رەنگ لە ئەودا رەهایە

بتەوێ بیژەنی هێزی دەنگ لە ئەودا خودایە

تەیروتواڵ بەو نەشئە دەگەڕێن لە چڵدا

بتەوێ بێدەنگ بێ سەنگینە

کامە گابەردی چیایە
لە ئاستیدا شەرمەزار و ریسوایە
لە دوورەوە پێ دەنێ بەسەر تەمی تەماشا
جوانی لە هەرچوار لاوە تێی ئالاوە
کراسی وەرزێکی لەبەرە سروشت نەیدووریووە
پانتۆڵی رووبارێك، ئاو نەیکردووەتە بەری
بەپێخاوسی وەکی بلێی سایەقە بێ
دوو لەتی مانگێکی کردبێتە سۆڵ
بەوپەڕی دڵنیاییەوە هەق دەردەکا لە گۆپکەکانیدا.
ئەی خودای کوژراو بەسەر سێدارەکانەوە!
ئەی هەقی نەوتراو بەسەر لێوی سەدەکانەوە!
بێ هیچ جۆرە گومان و هیچ دوودڵییەك
بێ ئەوەی چاو لە ئاست شمشێردا بگری
بەناو درك و داڵی گومان و سەرلێشوان
بەناو زۆنگ و هەڕەتی نائومێدیدا
پێ هەڵبێنە و وەرە پێشێ
بەرگەی ئەو دوورییە ناگرم

خۆتم لێ ئاشكراكە

ئەوەی تۆ دەتوانی بیبەخشی

پاشماوەی هیچ شتێك نییە،

لەوانەی هەریەكەو لە پشت مەبەستێكەوە بەرهەمی هێناوە

یا لەتێكی لێ كردووەتەوە لەسەر تاق و ناو كتێبخانەی داناوە

وەكی ئەنتیكەی دانسقە و بەهادار

خۆی بەخاوەنیان دەزانێ

های لەبەر بای گەمژەی ناو پووشوپەڵاش

بەئاستەمۆكە دەجووڵێ

ئەو تەنە بێ پێز و وشكانە هەڵی دەگرێ

بێ بەهرە پەرش و بڵاویان دەكا

نازانێ چۆن خڕیان بكاتەوە

هێزی تۆ هەڵبكا لە هەر شتێكدا لەبن و بۆتكەوە هەڵی دەتەكێنێ!

من و تۆو پەیمانمان بەستووە

سادە وەكی پەلكی گیا!

یا بەرد و زیخ کە ئاولێیان دەدا!

یا وردە ئەستێرە کە شەو چەند تۆختربێ جوانتر دیارن!

کەلێنی چاوەڕوانیم پڕ بووە لە گوڵی کێوی رووت

کە رەنگیان چی وای کەمتر نییە لە ئاگر لە کاتی کڵپەسەندندا

هەر چەپکێك لەوانە پاڵەوانی حیکایەتێك،

لەوانەی بەهەناسەی گەرمەوە

لە لێواری مردن دێنەوە

هێناویانە بۆ کۆشی ژنێك
ئەویش لە بەرپێی ڕاخستووی
کە گەیشتی ئەو هەموو بۆنە دڵگیر و سەرسامانە
بەقاچ و قوول و مەچەکت هەڵدەگەڕێن
شەپۆل دەدەن بەرەو قووڵایی
لافاوی بۆن هەڵدەکا
تۆ بەسەر لافاوەوە کەشتی نوحی
ئەو زەوییە بۆ بەختەوەری تۆ دروست بووە
ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی تێ خراوە
دوای تۆ کێ بڕوا لەسەری؟

بەهەیبەتێکی لە ڕادەبەدەر و بێ فیز
تەمی ساختە لابدا لە ڕووی
فریای چی بکەوم بۆ پێشوازی چی بێنم لەگەڵ خۆم؟
هەرچی هەمە بەشی بستۆکەیەك ناکا
ڕاییخەم لە بەرپێی کەسێك،
کە نازانم بۆ مردن دەڕوا یا لەوێ دەگەڕێتەوە.

## مۆزەی برۆنزی

**بۆ کەرەمی رەش ......**

**رەنگی وی گرتووە ولات!**

...... لە شوێنێکدا،

کە ئەوەی رووی داوە بۆم ناگەڕێتەوە

بەدڵی شکاو

لە ناوەڕاستی ژیاندا

دەپەرمەوە.

ئەوانەی لەسەر تیغ وەستاون

بۆنی شەوێکی درێژیان لێ دێ

شەوێك کە هەموومانی بزر کرد

لە رێی کاکێشانیدا.

پەریڤان شتێك بوو لە شێوەی منداڵی

کەرەم دەڵێ، بەشی زۆریم لەگەڵ خۆم بردە ولاتان!

هەندێکم دا بەکرێکارەکانی هێڵی ئاسن

نێوانی ئێرەو ئەرمینیا
پڕە لە گولاڵە سوورەیان
بەشێکیم دا بەگوڵفرۆشەکانی مەیدانی پۆشکین
برێکیم نارد بۆ زیندانەکانی سیبیریا
پاشماوەیان
بەسەر تەڵبەندی ئۆردووگاکاندا
بەفر دایان پۆشیووە
ئەوەی ما
لە چاوی کەژاڵی ژنەکان دا
لە مێخەکبەندی بەرۆك و
لە کەمەری منداڵەکان لوول دراوە
ئەوانەی لەسەر شەقامەکاندا
بانگەشە بۆ گەورەکان دەکەن

له گۆڤاری نیوز سپۆرت و

ئیرۆتیك و

خێزانی بەختەوەردا

شار پڕە لێیان.

له شوێنێکدا..،

که وڵات تەواو دوور کەوتووەتەوە

له قەرەباڵغی کەنار و گۆبەند و هەرا

رەنگێکی برۆنزی ئاوەڵ رەش پەیدا بوو

دڵم پێی خۆش بوو، رەنگی خودایە!

وڵات ئەو رەنگەی گرتووە.

رەش دینە دینۆمەسحەفێ بینە

دەستی خۆتی بەسەردا بینە

هیچ شوێنێك لە یەریڤان شیرنتر نینە

بابێ من ئێزدی ئەز هیچ دین نینە، کەرەم دەیوت

کەفی سوور بەلا لێویدا دەهاتە خوار

مامۆستای گوند کۆمۆنیست بوو

راپۆرتی له دژی بابم نووسیبوو

سوپای سوور هات سوپای سوور

خانووی مە قوڕ بوو قوڕی سوور

تفەنگی کۆنیان، دۆزییەوە

بابیان، بردم بەیەخسیری!

تفەنگیان برد بەیەخسیری!

لە حەکۆوە تا گورجستان بەفر بوو بەفری سوور

خەیاڵ بوو ئەویش سوور

پەڕی سوور

کتێب بوو بەرگ سوور.

لە سیبیریا دوو کتێبم لە دژی نازییەکان نووسی:

ئەوان کێن؟

باوەڕیان پێ مەکە

بۆنی مسکی وڵاتیان لێ نایێ

بۆنی گیای بن پێی  و

بۆنی خودایان لێ نایێ

ڕووسیا بەهەشت بوو بۆ حاکم و میران
زیندان بوو بۆ غەیرە ڕووس و
ئازادیخواو بۆ فەقیران.
لە ڕۆژێکدا،
تفەنگم دۆزییەوە بەشانی شووشە بەندێکەوە
لە مۆزەی شاردا
لە ژێریدا، بەئاوی زێڕ هەڵکەندرابوو:
باپیرانمان
بەو چەکانە
بەرگرییان لە ڕووسیا کرد!
ڕستەیەك بوو خۆی دەکوژاندەوە
گۆڕ بوو لەبەر ڕەشەبا
فیشەك و فیشەکدان
ئێسك و پرووسك و خۆڵەمێش.
تفەنگی بۆ چییە بۆ چیینە تفەنگ؟
من و باران بەراورد بکە
ئەویش پارچەیەك زەوی خۆی هەیە
لە کاتی بارینددا

کوا مەملەکەتی بارینم؟

کوا حەکۆ؟

وەی لە من وای لە من

جارێك پەرێزی هاوینم سەد جار زریانی باکور

زارکم بەمۆری نهێنی ستالین گیراوە

بابیکەینەوە بیکەینەوە

لە مۆزەی برۆنزدا، کوا تابلۆ و پەیکەرم؟

لە فارگۆنە ساردەکان باریان کردم

لە ئۆردووگا دوورەکاندا

لەگەڵ دز و جەردە و یاخییان،

ئێمە چەند خێزانێکی کورد بووین
وای لە من

دمدم دەڕوخێ بەسەر جەنگاوەرانی
رووسیا دەڕووخێ بەسەر سەرکردەکانی
هەر لەتێکی بەدەنووکی داڵێکەوە
هەر پارچەی بەچڕنووکی ئەژدیهایەکەوە
بێ دوودڵی
ئەو بەشەی خۆم
دەدەمە منداڵێك
لەگەڵ خۆی گەورەی بکا
کە برسی بوو بیخوا
منیش لە وەهمی وڵات و
کۆماری سوور رزگار بکا.

## دەنگی کاتژمێرەکە

دەنگی کاتژمێرەکە دێ دەنگ کاتژمێرەکە
لەبن تاشە بەردەکانەوە
پەلکی بچووکترین گیا سەرسام دەکا
لە ئەزەلەوە دەڕژێ
بەبەرزایی و نشێواندا دێتەخوار
دەنگ و سەدای دەگاتە شار
هەموو شت بەئاگا دێنێ:
راکەن..
زووکەن.. وادەیەتی
بەیانی سپی دەکا لە سیمای باخچە و درەخت سپی دەکا
سەر و قژمان، ئەو کاتەی بەفرێکی پڕ سیحری باریووە
لە دوا زستانی تەمەندا
ئەو دەنگە، ئێوارەیەکیان سەر شەقام مۆر دەکا بەپیاسەکانەوە
مۆر دەچێتە ناو مووخی بوونەوە

شەوێکیان گەردوون سوور دەکا بەفرمێسکەکانیەوە

سوور هەڵدەگەڕێ باشوور

تۆختر لە ڕەنگی باکور

ئەو دەنگە گەوهەری لەش بەرجەستە دەکا لە دەنکە خۆڵێکی خەمگیندا

ڕوح بەرهەڵدا دەکا ناگیرێتەوە

زەمەن بەو پووشوپەڵاشە ناپێورێ

کە بەری جۆگەیان گرتووە

بەو خوێنە بەراورد دەکرێ کە لە وردترین دەماردا ترپە ترپیەتی.

دینگ دینگ هەموو سەرە سەعاتێك هەمان دەنگ

هەمان قسە دەڵێتەوە

هەمان چەکووش دەوەشێنێ

هەمان دەنووك نەرمەی گوێ دەگەزێ

تك تك

دینگ دینگ

دوو شت عاسێن و زەمەنیان گیر کردووە بەخۆیانەوە

ماچ، کە ئەوسەری بوونی خرۆشاندووە لە زەماوەندی

مردنیش بەگاوانی.

ئەو پرتەقاڵە مۆر بووە بەدارەوە

ئەو هەموو خەونە زەرد بوون لە چاو زەردێکی پیازی

تك تك خودایە!

دینگ دینگ ئامان!

تەلی کامە ئەفسوونە دەلەرێتەوە

چ قورگێکە دەیبێژێ ئەو ئاوازە

کە دەڵێی سەبایە تەم و لێلایی لادەدا لە ڕووی خۆر.

دەنگی کاتژمێرەکە دێ دەنگی کاتژمێرەکە
شتێك خڕ دەکاتەوە گرینگتر لە چریکە
گەورەتر لە خۆی
ئەو شتە توونـد دەمانگرێ بەخۆیەوە
بۆ وا بەستەبوون جۆرەها لیچی کوشندە دەردەکا
قاچ و قولمان تێی دەئاڵێ
دەست و پەنجە و شان و ملمان
تەماشا و بیستن و خەوبینینمان
بەر لەوەی جوانی لەدەست بدا
بەدوو لاقی باریك و گۆچانێکەوە
تك تك
دینگ دینگ بەرەو ماڵی خوا دەبێتەوە
لە سێبەری تووتڕکێکدا گەمارۆی خۆی دەدا
لە دوا دیمەندا بەخۆی وەدەدا
خۆی خۆی دەکوژێ.

# گۆرانیبێژە ئەسمەرەکە

گۆرانییە ئەسمەرەکان

## گۆڕینی ڕەچەڵەك

بڕیارم داوە: ئەوەندەی تەمەن ماوە
ببمە هاوڕێی هەمووان، بەئازا و ترسنۆکەوە
بەپاکیزە و شەڕانگێز و
عاقڵ و شێتەوە
دڵم جێگەی رقی تێدا نەماوە
پەلکێك دەتوانێ بیکاتە هاوەڵی
مێروولەیەکیش دەتوانێ
بیکا بەجێگە ژوانی خۆی.

## تامی ڕوح

ئەوەی لە نەوەی پەلکە زوو زەرد دەبێ و هەڵدەوەرێ
ئەوەی دەچێتەوە سەرچڵ
سەرکێش و غەرا دەبێ و دەشکێ
هەموو رۆژێ دارهەنارێك
هەمان حیکمەت دەڵێتەوە:
ڕوح لە تامی دەنکمدایە
ئەو دەمینێ.

## ڕەحمەت

زەوی بۆ ئەوە دروست بووە
مرۆ بەسەریدا بڕوا
ئاسمانیش بەکوڵ بگری بۆی.

## نەغمەی شین

مۆسیقاژەنی ڕوح سپی
عومرێکی بەسەربردووە
بێزارە لە ئاوازی زەوی
ئەو چەند ساڵەی ماوە لە تەمەنی
دەریا دەژەنێ.

## گۆرانی شار

بەو هەموو رەنگە خەریکە کوێر دەبم
بەو هەموو دەنگە کەڕ و
بەو هەموو ئاژاوە و هەرایە لاڵ
ڕوحم بەرەڵا و ئازاد بکە با بفڕێ!
شار ئەو کاتە جوانە
کە جورئەتی جێ هێشتنیت هەبێ
هەمیشە باڵ لێك بدەی
بەردەوام هەڕەشە بکەی
ئەگینا زیندانە.

## شاعیر

ئەوەندەی بگەڕێ بەشوێن وشەدا
ماڵی هەموویان دەناسێ
دەزانێ لەبن کامە بەرد
لاسکی تەڕ و پاراویان دیارە
یا کام ئاو پڕە لە گەرایان
هێندەی دەنووسێ
وەکی کوێری لێ هاتووە
ئەگەر فووش لە چرای بکەن
بەپەنجە دەبینێ.

## فەلسەفەی شیعر

بیرکردنەوە لە دەرەوەی شتەکاندا گێژەلووکەیە
لەناویاندا گیر بخۆی ترسێکی گەورەیە
چۆن تخووبیان دەبەزێنی؟
ئەوە پرسیاری شیعرە و کۆتاییی فەلسەفەیە.

## ئەی دڵ!

ئەی دڵ، چیت بەسەر هاتووە
چ شتێك رووی داوە، تا نەتوانی رووبەڕوو
تەماشام بکەی؟
هەر جارەو بەبیانوویەك خۆتم لێ دەشاریتەوە
جورئەتی تەماشا بنووێنە

نهێنی بدرکێنە

ئەو هاوڕێیەی خۆت لە مەرگ ترساوە

ژیری بکەوە، دەست بەسەریدا بێنە

تازە چووەتە کەژاوەی بووکێنییەوە

بەتاری زیوینی قافیە و

ئاوازی ئاودامان درێژی کێشەوە

تەڕبووە پێی بووکی یەکشەوە

بەخوێنی وشەکانی

فریای بکەوە

ترساوە لەخشپەی پێی نەناسراوێك

کە لەودیویماڵەکەیدا بۆ هەلێك دەگەڕێ

بیهێنە ژوورەوە

ژیری بکەوە

با لە سەرمان رەق هەڵنەیێ.

# شیعر بوونەوەرێکی کێوی نییە(*)

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

دڵشاد عەبدوڵڵا یەکێکە لەو شاعیرە بەرچاوانەی لە ساڵانی حەفتایەکانەوە دەینووسی، بەڵام لە هەشتایەکاندا ناسرا، هەرچەندە تا ئێستا چەندان کۆمەڵە شیعری خۆی بەچاپ گەیاندووە، ئەگەرچی رەخنە و لێکۆڵینەوە بەپێی پێویست کاری لەسەر دەقەکانی نەکردووە، بەڵام لەناو نەوەی شیعری خۆیدا شاعیرێکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

بێجگە لەشیعر وەك نووسین لە زۆر بواری تریشدا کاری کردووە و خۆی تاقی کردووەتەوە. لەوانەش: رەخنە و بیرورا دەربڕین و گۆشەنووسین و رۆژنامەوانی. کۆواری (رامان) ئەم شاعیرەی بەسەرکردەوە و سەبارەت بەشیعری شاعیرانی حەفتایەکان و وەچەی خۆی و زۆر باسوخواسی ئەمڕۆی رۆشنبیریی کوردی دواندمان و ئەنجام ئەم گفتوگۆیەی لێ کەوتەوە.

---

(*) سەرنووسەری کۆواری (رامان) لەگەڵ شاعیر سازی داوە لە ژمارە (١٠٣)دا بڵاو کراوەتەوە.

* چۆن خۆت لە جیهانی نووسین و شیعردا دۆزییەوە، هەر رێککەوت بوو، یان؟

– ئەوەندەی من زانیبێتم و تا ئێستا بۆم روون بووەتەوە، شتێکی ئەوتۆ لەناو خێزانەکەماندا نەبوو یارمەتیدەر بێ بۆ خوێندنەوە و نووسین. خێزانێکی هەژاری نەخوێندەوار، ئەگەرچی باوکم و دایکم خەڵکی هەولێرن، بەڵام هەردووکیان لە بنەماڵەی جووتیاربوون، باوکم تا ئەو ساڵانەی دوایی خەریکی کشتوکاڵ و شینایی بوو، دایکیشم کچی پیاوێکی باخچەوان بوو. هەردووکیان نەچوونەتە قوتابخانە، باوکم بەخۆی خۆی فێرە خەرفەکان کردبوو، بەحونجە هەندێك وشەی دەخوێندەوە و بەس، بەڵام لەناو بنەماڵەکەماندا کەسێکی ئازا و قسەزان و بەڕێز بوو. دوو کەسی گرینگ هەن لە ژیانی مندا کە رەنگە ئەو بەهرەیەی منیان لە سەرەتاوە خرۆشاندبێ، ئەوانیش داپیرم–دایکی باوکم– کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر شیعری میللی و گۆرانی لەبەربوو، هەموو جارێك گوێی بەو ئاوازانە ئاو دەدام و هەر قسەیەکم بکردبا، ئەو دەیکردە شیعر و چەند رستەیەکی دەوت، کاتێك ویستم بنووسم زۆرجاران ئەو رستانەی ئەوم دەهاتەوە یاد و لە گوێمدا دەزرینگانەوە. ئەوەی تریان کارەکتەری سۆفی خدری باپیرم– بابی دایکم– بوو کە پیاوێکی ڕوحانی ئێجگار نیشتمانپەروەر بوو، بەدەلیلی ئەوەی یەکەم کوڕی لە تەمەنی کەمتر لە ١٨ساڵیدا ناردە شاخ و کردی بەپێشمەرگە و تا حەفتاکانیش یەکێك بوو لە پێشمەرگە پارتیزانەکان. سۆفی خدر فێری شتێکی زۆر سەیری کردم، ئەویش ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو ئەو شتانەی هەن ببینرێن، چاو توانایەکی دیاریکراوی هەیە بۆ دیتن. ئەوەی بەچاوی دڵ دەبینرێ سەیروسەمەرەترە و باشتریش دەمێنێتەوە و کاریگەریشی زیاترە. یەك لە قسە پڕ حیکمەتەکانی ئەو هەموو جارێ کە پێیان دەوت، سۆفی بۆ ناچیتە حەج. دەیوت، حەج دێتە لای من. ئەو زۆر شەو قسە و باسی ئەو تارمایی و هێزانەی بۆ دەکردم کە لەودیو بینراوەکانەوە دێن و دەیانەوێ زەفەری پێ ببەن، بەڵام چونکە نووری خوا دڵی روون کردووەتەوە هیچیان پێ ناکرێ لەگەڵی و

هەردەم بەسەریاندا زاڵ دەبێ. ئەو دوو کەسە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەدنیای ڕوح ئاشنایان کردم، بەڵام کەی دەستم بەنووسین کرد.

لە خوێندن لە قۆناغی ناوەندی بووم، کە هەستم دەکرد شتێك هەیە لە ناخمدا پەنگ دەخواتەوە، نەخوێندن دەتوانێ وەڵامی بداتەوە، نەقسەکانی مامۆستاکان... هەستم کرد لەناو وانەکاندا دەرسێك هەیە نەمخوێندووە، کتێبێك هەیە لەناو کتێبەکانی قوتابخانەدا نیمە. جارێکیان بەڕێکەوت دەفتەری ڕەشنووسی شاعیرێکیان دامێ کە خوێندمەوە، ویستم لاسایی بکەمەوە، نەمکرد، چونکە ئەوانەی ئەو زۆر سادە بوون. ماوەیەك کەوتبوومە خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی (نالی) و (حاجی قادری کۆیی) و پاشان (کامەران موکری) و (جەمال شارباژێڕی) جگە لەوانە مەولوودنامە و هەندێك نامیلکەی تریشم خوێندبووەوە و قورئانیشم خەتم کردبوو لای مەلا شەریف لە مزگەوتی شێخ مستەفا و بیستبووشم کە شێخ وتوویەتی، جۆرێك لە شیعرییەت لە قورئاندا هەیە. کەوا شیعرنووسین شتێکی ئاسان نییە، ئەوەی لەو دەفتەرەدا خوێندمەوە ئەوە نەبوون کە مەبەستی من بپێکێ و ئەو هێزی شیعرەی لە قورئانیشدایە هێزێکی لە ڕادەبەدەرە، بۆیە لە سەرەتادا لە ئاست شیعرنووسیندا تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەك بووم.

ئەو قۆناخە هەستی خۆشەویستی لە دڵ و دەروونمدا جۆشی دەخوارد، چەند کچێك لە گەڕەك و ناسیاو بووبوونە مایەی جووڵاندنی ئەو هەستە، کەچی لە بەرانبەریاندا تووشی دڵەڕاوکێ بووبووم. ئایا شەرم تووشی ئەو حاڵەتەی کردبووم. تا شەوێکیان لەناو دەفتەری خوێندندا و لە دوا لاپەڕەدا شتێکم نووسی، ئێستاش نازانم چۆن جورئەتم کرد و ئەو ترسەم شکاند.

* تۆ وەك شاعیرێك لە قۆناغەکانی نووسینی شیعرتدا، خۆت بەقەرزارباری کێ دەزانی؟ کێ تۆی هانداوە و دەستگیرۆیی کردووی؟

– لە هەولێر، ئەو کاتەی دەستم پێ کرد، چەند شاعیرێك هەبوون، دیارترینیان (عەبدوڵڵا پەشێو) بوو، بەڵام هەمووکات ئەو نەوەیەی ئێمە گلەیی ئەوەمان هەبووە کە ئەوانەی بەر لە ئێمە هیچ شتێکی ئەوتۆیان بۆ جێ نەهێشتووین و

بەهیچ شێوەیەکیش هانی ئێمەیان نەداوە. بەپێچەوانەوە کەمتەرخەم بوون لە ئاست نەوەی دوای خۆیاندا. ئەوان نەك کولتوورێکی شیعریی باشیان بۆ جێ نەهێشتین، بگرە ئەوەی هەشبووە شێواندوویانە. لە هەولێر کولتوورێکی دەوڵەمەند هەبووە، بەڵام بەکوردی نەبووە، ئەوان لەبری ئەوەی کۆی بکەنەوە و خوێندنەوەی خۆیان هەبێ لەبارەیان تووڕیان هەڵداوە و روویان کردووەتە جۆرە کولتوورێکی تر. جگە لە (پەشێو) هەموو ئەوانەی تر کە لە هەولێر شیعریان دەنووسی نەیانتوانی ببنە جێگەی سەرنج، پەشێویش لەبەرئەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی سنووردارە، ئەویش بۆ ماوەیەك فریام کەوت، بەڵام خۆی ئەگەر برادەرایەتیمان نەبووایە، ئامادە نەبوو بەدوای دەنگێکدا بگەڕێ لەناو نەوەی دوای خۆیدا. لە دوای نەوەد و هەشتەوە کە لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس) لە یەك دەزگادا کارمان دەکرد، سوودم لە هەندێك شەخسیەتی شیعریی ئەو دیوە. تاکە شتێك کە پێم وایە لە هەموو شتەکانی تری شێرکۆ جوانترە ئەو سووتانە بەردەوامەیەتی بۆ شیعر، بۆیە زۆر بەداخەوە لەناو کورددا کەمتەرخەمییەك لە پێوەندی نێوان نەوەکان هەیە. من ئەگەرچی ئەزموونێکی ئەوەندە دەوڵەمەندم نییە تا بتوانم شتێکی ئەوتۆ بۆ ئەوانەی دوای ئێمە دەستیان بەنووسین کردووە بکەم، بەڵام تا ئێستا لە هەر شوێنێکدا بۆم لوابێ دەستی چەندانیانم گرتووە و هاوکاریم کردوون. ئەگەر لەناو کورددا دە شاعیری گەورە هەبێ بۆ من باشترە لەوەی دوو سێ شاعیر هەبێ، ئەو کات منیش کە ویستم بنووسم سانسۆری ئەو دە شاعیرە بەسەرمەوە دەبێ و لە جیاتی دوو ئەزموون سوود لە ئەزموونی دە شاعیر وەردەگرم.

* ئەدەب و داهێنانی ئێمە لە ئاستی میللەتێکدا نییە و زۆر سست و لاوازە، هەن پێیان وایە ئەم سستییە پێوەندیی بەپەککەوتەیی و ئیفلیجی بنیاتی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە. تۆ پێت وایە کە هەر دەبێ ئەدەب و داهێنان رەنگدانەوەی ئەم دواکەوتووییە بن، یان تەکانی خۆی بدات؟

– ئەم پرسیارە فرە لایەنە، هەندێکیان پێوەندییان بەو واقیعەوە هەیە کە میللەتەکەمان تێیدا ژیاوە. شەڕ و بەرگری لەخۆکردن چەند قازانجی هەبووە کە

نەیهێشتووە کورد لە فەوتان ڕزگاری بێ، ئەوەندە و زیاتریش زەرەری لێ داوە. نائارامی و ناجێگیریی سیاسی کۆسپی گەورەی خستووەتە بەردەم گەشەسەندنی کولتوور و ئەدەب و هونەر، بەڵام ئەوانە بیانوو نین بۆ سستی و لاوازی ئەدەب و داهێنان. بەشێکی ئەو واقیعەتە پێوەندی بەجۆری تێگەیشتن لە ئەدەبیشەوە هەیە کە ماوەیەکی زۆر وەکی پاشکۆی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت تەماشا کراوە و کاتێك ئەو دووانە هورووژمیان هێناوە هەندێك لە ئەدەبیان تەواو دەستبەرداری ئەدەبەکەیان بوون و بەتەواوی تەرخان بوون بۆ بواری سیاسی، کەچی نەئەمیان ماوە و نە بەتەواوی ئەویشیان بووە وەکی (ئیبراهیم ئەحمەد و ئەحمەد هەردی) کە دوو قەڵەمی زۆر گەورە بوون لە ئەدەبی کوردیدا، کەچی چوونە ناو دنیای کاری سیاسییەوە و ئەنجامەکەشمان لە بەرچاوە.

* کەواتە، پێت وا نییە شیعر و شیعرییەت بەکەڵکی سیاسەت بێ، ئەی سیاسەت چەند ئاسۆی بەردەمی شاعیر بەرفراوان دەکا؟

– سیاسەت دوور نییە لە ژیانی هەموومان، هەر لە کۆنەوە لە سەردەمی گریك و رۆمانەکانەوە، لێرەش لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانلی و ئیماراتە کوردییەکان سیاسەت هەبووە، خەڵکیش کەم تا زۆر بەشدارییان تێدا کردووە. ئێستاش سیاسەت پێوەندی بەژیانی رۆژانەی هەموو خەڵکەوە هەیە، بەڵام بیرکردنەوە بەڕیتم و سیستەمی سیاسی بۆ ئەدیبێك کارەساتە، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە شاعیرێك کە سێبەری خواوەندە لەسەر زەویدا بەپێوانەی سیاسەت، واتە دابەشکردن و لەتکردن مرۆڤ بپێوێ. پێوانەی شاعیر بۆ مرۆڤ خۆشەویستییە نەك ئینتیمای سیاسی.

* پێتان وایە خوێنەر بەشێك بێ لە پرۆسەی داهێنان. ئایا لە کاتی نووسینی قەسیدەیەك خوێنەر چەند ئامادەگی لەلات هەیە؟

– کاری هاوبەش نییە، خەونی هاوبەش هەیە. جارێ من پێم وایە خوێندنەوە و خوێنەر شتێکە و رەخنە و رەخنەگر شتێکی ترە، دوو حاڵەتی جیاوازن. من زۆر بایەخ بەخوێنەر دەدەم تا ئەو ئاستەی خۆشم خوێنەری دەقی کەسانی ترم و بەچاوێکی پڕ بایەخ تەماشای بەرهەمی ئەوان دەکەم، پاشان من و خوێنەر

زەمەن هەردووكمان دەگۆڕێ، لە یەك باردا نامێنینەوە. هەردەم خوێنەر لە زیادبووندایە و زەمەنی خوێندنەوەش لەگەڵ هەڵكشانی زەمەنی داهێناندا فراوانتر دەبێ. ئێستا ئەوەی (نالی) دەخوێنێتەوە سەد قات لە جاران زیاترە، فرە خوێندنەوەش بۆ نالی هەیە، كەچی جاران لە نێوان ژمارەیەكی زۆر كەمی خوێنەران قەتیس مابوو، بەڵام رەخنە پێوەندی بەشار و بەوەعی سیاسی و كۆمەلایەتی و ئەدەبییەوە هەیە. خوێنەری باش لە كوێرەگوندێكیش هەڵدەكەوێ، كەچی رەخنەگری باشی تێدا هەڵناكەوێ.

من كە دەنووسم بیر لە خوێنەر ناكەمەوە، بەڵام دڵنیام كە خوێنەری زیرەك لە شوێنێكی دەقدا ئامادەیە و شتی جودای لێ هەڵدەكرێنێ و ئەنجام دەق دەكاتە دەقێكی جیهانی.

* لەناو شیعردا (زمان) سووڕی ژیانی خۆی هەیە، هەر لەوێوە زمان لەناو شیعردا نوێ دەبێتەوە، زمان لە شیعری تۆدا چۆن مامەڵەی لە تەكدا كراوە؟

– پێم وایە زمانی شاعیر هەردەم لە بوركان نزیكترە، لە هەناوی زەوییەوە دێتە دەرێ، وەكی هەور نییە بەسەر زەویدا بكشێ. زمانی شیعری تازەش جیاوازە لە زمانی كۆنی شیعر، ئەو زمانی گێڕانەوە و خیتابی بەسەردا زاڵبوو، كەچی زمانی شیعری تازە زمانی سووتانە، زمانی وردبوونەوە و رانانە، هێزی ئیحابەخشی تێدایە بۆ پاكبوونەوە. دوو قۆناخیش لە پاكبوونەوەی زمانی كوردییدا هەیە، یەكیان لە چلەكاندا كە هەوڵی پاككردنەوەی زمان درا لە دەرێ، ئەو كاتەی لە وشەی بێگانە پاك كرایەوە، هەوڵی دووەم لە هەشتاكاندا لە رێی دۆزینەوەی زمانی ناوەوە بوو، زمانی خەون و بێ ئاگایی و تخووب تێپەڕاندن، زمانێك كە پێشتر بەو شێوەیە نەنووسراوە. ئەوەی زمان ئەنجامی دەدا لە پرۆسەی خوڵقاندندا جیاوازە لەوەی كە هەبووە، چونكە ئەگەر فۆتۆی هەمان ئەو شتانە بكات كە هەیە ئەوە جووینەوەیە، دوای ئەو هەموو مێژووەی داهێنان ئەگەر تەماشا بكەین رۆژ بەڕۆژ كارەكە قورستر دەبێ. بەر لەوانیش ئەگەر شاعیرێك بینووسیبا ئاسانتر بوو لەوەی دوای ئەو دەنووسێ.

* باشە تۆ خۆت بەرانبەر زمان گرفتت هەیە. ئایا هەست دەكەی زمانی كوردی

توانای هەبێ ئەوەی دەتەوێ بیڵێی؟

– زۆر جار بۆ خۆم بیرم لەوە کردووەتەوە، جارێ زمان بەرهەمێکی گەردوونییە، هەر تەنیا مرۆڤ لە دروستکردنیدا بەشدار نییە، ئەگەر ئەو وشەیە خورد بکەمەوە، دەبینی زمانی شەو جیاوازە لە هی ڕۆژ، هی ناوچە ساردەکان جیاوازە لە هی ناوچە گەرمەکان، زمانی قۆناغی منداڵی و گەورەییش.. زمانی شار و لادێ.. کەسێك کە لە ئەستێرەیەکی ترەوە بێ بەهەمان زمان لەگەڵمان نادوێ کە ئێمە لەسەر زەویدا پێی دەدوێین. دەتوانین زۆر وردەکاری لەو شێوەیە باس بکەین. لە بەرانبەر ئەوەشدا زمانی حاڵەتە نادیارەکان و کەشفکردنی مەجهولیش هەیە کە زۆر جاران لە شیعرەکانی (نالی)دا تەواو بەرجەستە بووە.

لە دەوری تۆیە ئەی خورشیدی پڕتەو بەخشی شەو گەردان
کە نالی وا لە حالاتی میحاقی ماهی نەو دایە.

مەسعوود محەمەد (لە دەوری) پێ ڕاستترە کەچی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (لە دووری) نووسیوە، دەورەکە مانا و دەلالەتی گەورەتر دەدا، ئەوەم مەبەستە لە زماندا و گرفتی شاعیر لەگەڵ زماندا گرفتێکی ئەزەلییە، چونکە تاکە بەربەست لە بەردەمیدا لە حاڵەتی وتن و نەوتندا زمانە.

زمان پشت بەکۆمەڵێك پێوەندی دەبەستێ، ئەو پێوەندییانە لای شاعیر هەردەم لە تازەبوونەوەدایە. کاتی خۆی لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمدا لە سلێمانی، دارهەنارێك هەبوو، کاتی گوڵکردن، یان پایزان دیمەنێکی هێندە جوانی دەنواند کە دڵی دەکردە دەنکە شیرینەکانی، هەرچەندە ویستم ئەو دیمەنە بگوازمەوە ناو شیعرم نەمتوانی، چونکە لە شیعردا ئەو دارهەنارە نامێنێ و تێکەڵ بەژمارەیەك پێوەندیی تر دەبێ، بۆ نموونە ڕەنگە ببێتە نامەیەکی پێچراوە کە سروشت بۆی خستوومەتە پۆستی وەرزەکانی، تا کە خوێندمەوە سەرلەنوێ بەجوانی خۆی وابەستەم بکاتەوە، یان هەر شتێکی لەو چەشنە، گرینگ ئەوەیە هەمان دارهەناری ناو سروشت و لە هەمان حاڵەتدا و لەناو تۆڕی ئەو پێوەندانەدا نامێنێ کە لە سروشتدا هەیە.

لەوەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە زمان بەشیعردا یەك ئاراستەی نییە و یەك دیویشی نییە، وشەکان ئاوێنە نین، ئەویش بن، یان کۆماوەن، یان قۆر ئەوەی دەینوێنن هەر ئەوە نییە کە هەیە، لێرە قسەیەکی ڤالێریم دێتەوە یاد کە دەڵێ، ماسی دەسکردی سروشتە، بەڵام (حۆری دەریا) کە نیوەی کچە و نیوەی ماسی دەسکردی خەیاڵی مرۆیە. لێرەدا نابێ بایەخی ئاوازی ناو شیعر لەبیر بکەین کە زۆر جاران ئەو دەبێتە مایەی دروستکردنی جۆرە پێوەندییەك کە هەرگیز بێ ئەو دروست نابێ.

زمانی کوردی نزیکە لە سروشت، بۆیە دەبینین وەکی ئەو یەك رەهەندی تێدا زاڵە، بەڕاستی من لەناو ئەو فەرهەنگە یەك ریتم و یەك رەهەندیەدا هەست بەنامۆبوون دەکەم، بۆیە یەکەم هەوڵی تازەبوونەوە بەرزگاربوون لەو حاڵەتە دەست پێ دەکا، بەو نامۆییە دەست پێ دەکا. پێشتر لە شوێنێکی تر نووسیومە: ئەو چەقۆیەی سێوێکی پێ قاش دەکرێ هەمان چەقۆ نییە کە بەدەست قەسابێکەوەیە ئەویش هەمان چەقۆی دەست دوکتۆرێك نییە. چەقۆی ناو جامخانەی دووکانێك ئەو چەقۆیە نییە کە لە شەوی تاریکدا بەدەست بازوو توونەدێکەوە دەبریسکێتەوە، ئەویش ئەو چەقۆیەی دەست بازوو بلوورییەك نییە کە لە چێشتخانەدا ئارووی پێ قاش دەکا.. ئەو لە هەر شوێنێکدا لە پێوەندیدایە لەگەڵ ژمارەیەك کەرەستە و کەسی ترەوە، لەگەڵ چەنگاڵ و کەوچك و قاپ و سفرەوە کەسی ترەوە، لەگەڵ چەنگاڵ و کەوچك و قاپ و سفرەوە جیاوازە لەوەی بەتەنیا و لە شوێنێکی تردا بەتەنیا و پڕە وەحشەتە. لە شیعری کوردیدا چەقۆ بەکار نەهاتووە، ئەگەریش بەکار هاتبێ بەسەر ملی ئیسماعیل پێغەمبەرەوە بووە، یان بەسەر ملی قوربانییەوە، واتە هەر بەدەست زاڵم و دەسەڵاتدارەوە بووە وەکی ئەوەی، دیمان بەدەست شێخ زاناوە، ئەی کە ژنێکی نازەنین سەری هەوری پیاز و ئاسمانی سووری تەماتەی پێ شەق دەکا و شەوی باینجانی پێ ئەنجن دەکا؟

* ئێوە لەو شاعیرەن کە زۆرتر لەناو (مانا)، بەواتایەکی تر بڵێین لەناو مێژوودا، کار دەکەن، ئەو جۆرە کارکردنە چەندێ لەگەڵ ئەو رایە یەك دەگرێتەوە کە

شیعر نووسین زیاتر ئاگرکردنەوەیەك بێ لەناو زماندا؟

– ئەو جۆرە سەرنجانە رەنگە لە دیوانی (حەج)ەوە دروست بووبێ، کە من پێم وایە ئەوەش وانییە. دیوانی حەج هیچ پێوەندیی بەمێژووەوە نییە. نووسینەوەی سەرلەنوێی داهێنانە لە رێی دروستکردنی پێوەندییەوە. بەکارهێنانی تەکنیکێکە بۆ رزگاربوون لە هەندێك جۆرە دووبارەبوونەوە. با هەندێك لەو حاڵەتانە روونتر بکەمەوە، من کە قەسیدەی حەجم نووسی، کە یەکێکە لە شیعرەکانی ناو دیوانەکە، سەرەتا هیچ بیرکە و مانایەکم لا نەبوو جگە لە وشەی (حەج) خۆی. لەسەر کاغەزێکی سپی نووسیم بەبێ ئەوەی نیازی شیعرنووسینم هەبێ، هەندێ جار بۆ خۆم وشە دەنووسمەوە و لێی ورد دەبمەوە، شیعرییەت لە کوێدایە. دەشێ ببێتە شیعر. هەر لەخۆمەوە کەوتمە نووسینی رستەی یەکەم (سڵاو لە بەردێك، بەردێك کە رەنگی شەوێکی درێژی، بیابانی خڕ کردووەتەوە لەخۆیدا..) ئیتر رستەی تری بەدوای خۆی راکێشا. کاتێك زانیم تووشی حاڵەتێکی نائاسایی هاتووم و خەریکە وەسفی کەعبە بکەم، زانیم بەهەڵەدا چوونێك لە ئارادایە، چۆن رزگاربم. پێویستیم بەهێزێکی وا هەبوو کە مەنتیقێك بداتە دەرچوونم. وەکی چەخماخە (نالی) هات و رزگاری کرد، ئەوەیە وەفای داهێنەران کە ناهێڵن پشتمان بکەوێتە زەوی زوو فریامان دەکەون و بەرزمان دەکەنەوە. ئەوجا دەمێنێتەوە، ئایا من لە وەعیەوە ئەو کارەم کردووە، نەخێر نیوە وەعی و نیوە بەنائاگایی، هەر هێندە وەعییەم هەبووە کە نالی ماوەیەك لە چیای عەرەفە ژیاوە و دوورکەوتووەتەوە لە زێد و کەسوکار و باقی ئامادەبوونی ژنە شارەزوورییەکە حاڵەتی هاوبەشی نێوان من و نالی–یە. ئایا ئەوە چ پێوەندی بەمێژووەوە هەیە. ئەوەی دڵدار و حاجری و مەولەوی و خەیامیش هەروا. ئەوە سەرلەنوێ خوێندنەوەی عەشقی ئەوانە، نووسینەوەی ئاینێکی تازەیە لە ئەشکەوتی عەشقی ئەواندا کە دوا جار عەشقی هەمووانە. بۆ ئەو رایەی بەڕێزتان کە من لەناو مانا کار دەکەم، رەنگە ئەوە ڕاستییەکی تێدابێ، لەو سەردەمی بێ ماناییەدا دۆزینەوەی مانا کارێکی زەحمەت و دژوارە. (ئەنوەر مەسیفی) زۆر شتی نووسی و بەبێ مانا حیساب

دەکرا، دوا جار مردن مانای بەخشی بەو هەموو بێ ماناییە. دڵنیام جۆرەها مانا خۆیان مەڵاس داوە لەبن دار و بەردی ڕۆژەکانماندا چەندی بگەڕێین زیاتریان دەدۆزینەوە.

پاشان من لە گەڕان و پشکنینمدا بەدوای ماسك و دەمامکێك دەگەڕێم بۆ خۆم بەکاری بێنم بۆ ئەوەی تووشی دووبارەکردنەوەی خۆم نەبم، زۆر لەو حاڵەتی خۆ جووینەوەیە دەترسم. ئەوەی لاشم روونە ئەوەیە کە مانا نابێتە شیعر. ئەگەر شاعیر نەتوانێ لە پرۆسەیەکی شیعریدا بەرهەمی نەهێنێ، واتە لە دەرەوەی شیعرەکەدا بوونێکی بەو چەشنەی نەبووە. با پێشت بڵێم، من ئەو جۆرە شێوە کارکردنەم لە چییەوە هەڵێنجاوە، ڕێك سوودم لە شێوازی تازەی کارکردنی شێوەکاران وەرگرتووە. من خۆم زۆر سەیری تابلۆی هونەرمەندانی ئەورووپا و دنیا دەکەم، لە هونەری تازەی ئەورووپادا جۆرە شێوازێك هەیە کە کەرەستەکانی ناو ژیانی مرۆڤ وەکی کورسی و ساردکەرەوە و پانکەو تەلەفزیۆن و چی و چی دەکاتە کەرەستە و بەشێوەیەکی تر دایان دەنێ، یان دەیانگۆڕێ و دەیانخاتە حاڵەتێکی ترەوە بۆ ئەوەی مانا و دەلالەتێکی تر ببەخشن.

* بۆ ئەوانەی کە ناحەزی شیعری نەوەی ئێوەن چی دەڵێن، کە پێیان وایە زمانەکەتان کە شیعری پێ دەنووسن سەقەتە؟

– لە کوێ وایان وتووە. ئەگەر مەبەست نووسینە، من شتێکی جیدیانم نەخوێندووەتەوە. جگە لە هەندێك بوختان کە دوژمنانی تازەگەری لە هەشتاکانەوە دەینووسن. ئەوان هەر بەتەنیا پەلاماری زمانی ئێمەیان نەداوە، بگرە خوێنیشیان حەڵاڵ کردبووین، کاتێك کە دەیانوت ئێمە دژی کولتوور و زمان و ئاین و نەتەوە و چی و چین. ئەوانەی ئەو جۆرە قسانەیان لەختوخۆڕایی هەڵدەبەست بەشێکی هەرە زۆریان لەداوو دەزگاکانی بەعسدا کاریان دەکرد، یان کۆنەپەرستە پووچەکان بوون، ئەوانەی خۆیان هیچیان پێ نەبوو، ئەگینا ئێمە هیچ کاتێك دژی کۆن نەبووین، بگرە دژی کۆنەپەرستی بووین. یەکەم بەرهەمی (من و جەلال بەرزنجی و عەباس عەبدوڵڵا یوسف) کە

دامانە مدیریەتی رەقابەی عێراق تا موافەقەت لەسەر بڵاوکردنەوەی بکەن لە ١٩٧٨ کە ئەو کات وابوو، نووسراوێك و دەقەکانمان ناردبوو بەناوی ژمارە (٣) کە وەڵامیان داینەوە نووسیبوویان: ئەوە کارێکی تەخریبی تەدمیرییە!! کێ خوێندبوویەوە؟ بەدڵنیاییەوە ئەو ئەدیبە کوردانەی چاوساغییان بۆ بەعس دەکرد. بەبێ ئەوەی پێ بزانین فایلێکی رەشیان بۆ ئامادە کردبووین. ئێمە دیوێکی تریشمان هەبوو کە لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بایەخێکی ئەوتۆمان پێ نەدەدرا، چونکە بانگەشەی ئەوەمان دەکرد کە نابێ ئەدەب پاشکۆی سیاسەت بێ و بچێتە سێبەری چەکەوە، ئێمە دەمانویست شیعر لە جۆرە وا بەستەبوونێك رزگار بکەین کە بەدرێژاییی نیو سەدە گرفتار بوو پێیەوە. ئەویش بینین بەچاوی سیاسەتەوە، نە چاوی شاعیر شتێك دەبینێ کە زەحمەتە چاوێکی تر بیبینێ، بەڵام ئێمە دژی سیاسەت نەبووین، دژی فاشییەت بووین لەبیرکردنەوە و کەلتوور و رەوشتدا، کەسمان ئامادە نەبووین بەهیچ جۆرێك مساوەمە لەگەڵ بەعسی بکەین. بەو ئەندازەیەی ئێستاش (خەزعەل ئەلماجدی) ماوە کە یەکەتی نووسەرانی بەغدا ویستیان کۆڕێکمان بۆ ببەستن و لە هەمان رۆژدا یادێکی تایبەت بەفەڵەستین هەبوو، ئەو کات حەمید سەعید سەرۆکی یەکەتی نووسەرانی عێراق بوو، لە رێی خەزعەلەوە داوامان کرد کە ئەو لافیتەیەش هەڵبگیرێ کە پێوەندی بەو یادەوە هەیە، ئەگەرچی ئێمە رێز لە بۆنەی میللەتێك دەگرین، بەڵام شیعری خۆمان ناخەینە ناو چوارچێوەی هیچ بۆنەیەکەوە، شاعیرەکان جەلال بەرزنجی و هاشم سەڕاج و باوەکر و من بووین و ئازاد مەولود و مەحمود زامداریش هەریەکە شتێکیان لەبارەی ئەزموونی ئێمە نووسیبوو. کەچی بەسوپاسەوە سەرۆکی یەکەتی نووسەران رێزی لە داواکەمان گرت و کۆڕی بۆنەکەی خستە کاتێکی ترەوە.

* رەنگە لەگەڵمدا هاوڕابیت کە شیعر وەك هونەرێك لەو سەردەمەدا بەتەنیا و دوورەپەرێز لە هونەرەکانی تر ناژی. ئایا وەك شاعیرێك چەند سوودت لە هونەری شێوەکاری وەرگرتووە؟

– سەردەمی تازە سەردەمی تێکەڵابوونە، هەموو هونەرەکان لە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی تەکنیك و دەربڕینی تازەدا شیعریان دۆزیوەتەوە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە مرۆ و فراوانکردنی ئاستی دەربڕینی و وێناکردنی حاڵەتە چەخماخییەکان کە تەنیا شیعر فریای وێناکردنیان دەکەوێ. شیعریش سوودی لە تواناکانی ناو ژانرەکانی تر وەرگرتووە، بۆ نموونە شیعر سوودی لە شێوە دەربڕینەکانی دراما وەرگرتووە بۆ دەرخستنی سیمای کەسایەتییە شیعرییەکان و بەکارهێنانی وزە و توانای دەنگەکان لە ڕێی دیالۆگ و گفتوگۆی ناوەوە، هەروەها لە کۆنەوە شیعر سوودی لە مۆسیقا وەرگرتووە بۆ داڕشتنی سۆناتا و سوودیشی لە سینەما بینیوە بۆ وێناکردنی حاڵەتە شیعرییەکان و سوودی لە تابلۆ و شێوەکاریش وەرگرتووە بۆ چۆنیەتی دەرخستنی تۆنەکانی ڕەنگ و دۆزینەوەی رووبەری ڕەنگدانەوەکانی ڕوح و دۆزینەوەی زمانی موجەڕەد و لە چەشنی ئەوانەی کاندنسکی دەیکا لە بەکارهێنانی ڕەنگدا.

من خۆم حەزم لە شێوەکارییە و ئێستاش زۆر جاران کە تەنیا دەبم لەگەڵ خۆمدا تەماشای ئەلبوومی شێوەکارەکان دەکەم و زۆریش حەزم لە هونەری تەعبیرییە، بەتایبەتی گۆگان و حەزم لە تابلۆ خەون ئامێزەکانی شاگالە، ئەو دوو هونەرمەندە یەکیان فێری رستەی بازوو ئەستووری بەر گەرمای جوانی کردووم وەکی چۆن خۆی لە ژنەکانی تاهیتیدا ئەو جۆرە سیحرەی دۆزییەوە. شاگالیش هەردەم خەونی گەڕانەوەیە، ئەو بۆ وڵات و من بۆ منداڵی. لەناو پەیکەرتاشەکانیشدا حەزم لە تابلۆ باریکە درێژەکانی (جیا کومیتیە) و لە هونەری کوردیشدا بەشێك لە تابلۆکانی (ئیسماعیل هەیات و جەزا بەکر و قەرەنی جەمیل و مەدحەت کاکەیی). پێوەندیم لەگەڵ ئەواندا خۆشە، لەناویاندا (مەدحەت کاکەیی) زۆر نزیکە لێمەوە و هەر جارەی کە دێتەوە وڵات کاتێکی زۆری لای منە. مەدحەت گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی توانا و ئەزموون و شارەزاییە.

* هەن پێیان وایە ئێوە لە تەنزیرکردن بۆ شیعر نوێخوازترن وەك کە لە تێکستی

شیعرەکانتان، ئێوە چی دەڵێن؟

– بەشێکی یەکەمی وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەران بەجێ دێڵم، پێم وایە ئەگەر شیعرەکانم زۆر لە پێش تەنزیرەکاندا نەبن هیچم بەهیچ نەکردووە، چونکە لە بنەڕەتدا من خۆم وەکی شاعیر دەبینم نەك تەنزیرەکردن بۆ شیعر.

* راستە ئەو نەوەیەی ئێوە کە هاوتەمەنی شیعری تۆن زۆر لەبارەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم قسە دەکەن، بەڵام تا ئێستا دەقێکی سەر بە پۆست مۆدێرنیزمتان نەنووسیووە؟

– بەشی زۆری شیعرەکانی (بەختیار عەلی و کەریم دەشتی و هاشم سەڕاج) پۆست مۆدێرنیزمن ئەگەر بەو پێوانەیە بیانپێوی، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی گرووپی هەولێر لە هەشتاکاندا شیعری مۆدێرنیزمن، بەڵام شیعر بەو پێوانەیە ناپێوری، ئەوە کاریگەریی ئەدەبی فارسە پەڕیوەتەوە ئێرە تاکە پێوانەی زیندووی شیعر شیعرییەتە نەك هیچ شتێکی تر.

* (روانگە) تەوژمێکی ئەدەبی بوو، وەك خۆیان دەڵێن یار و نەیاری زۆر بوو، هەن پێیان وایە لە جووڵاندنی گۆمی ئەدەبی کوردی کاریگەریی خۆی هەبووە و هەیانە زیاتر بەگوتارێکی سیاسی دەزانن وەك لەوەی گوتارێکی ئەدەبی بێ، ئێوە چی دەڵێن؟

– موغامەرەی (روانگە) گەیشتە شوێنێکی داخراو، چونکە لە بنەڕەتەوە دیدێکی ئەدەبی هاوبەشی نەبوو، بگرە بێزاربوونێکی وەستاو. بەیانی روانگە لە ڕووی ئەدەبییەوە زۆر لاواز بوو، دواتر دوای ساڵێك جۆرێك لە مێزگرد توانییان لەوێ بەشێك لە بۆچوونی ئەدەبی خۆیان بەیان بکەن، بەڵام بەڕاستی (روانگە) گۆمەکەی هەژاند و جموجۆڵێکی ئەدەبی دروست کرد. داینەمۆی جوڵانەوەکە (شێرکۆ بێکەس و حوسێن عارف) بوون. ئەوانەی دژی بوون کۆنەپارێز و هەموو ئەوانەبوون کە پێیان وابوو ئەدەبی کوردی دەبێ لە ئاشی واقیعییەتی سوشیالیستی بکات، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە زیانێکی زۆری لە ئەدەبی کوردی دا. روانگە جیهانبینییەکی تازەی لە پشتەوە نەبوو، ئەوانەی باسی رەهەندی سیاسی دەکەن لەو تەوژمەدا ئەگەر مەبەستیان ئەوەبێ کە ئەوانەی

بەیانەکەیان ئیمزا کردووە تەسەوری سیاسییان هەیە ئەوە راستە و عەیبەیش نییە، چونکە ئەوانە ئەمڕۆش لە ڕووی سیاسییەوە ئەدیبانی سەر بەمیللەتی خۆیانن و لەم رووەوە هیچ لەکەیەك لە ژیانیدا نییە.

* قۆناغی شاعیرانی سەردەمی گۆران بۆ خۆیان خاسیەت و جیاکەرەوەیەکیان لەشیعری خۆیان بەجێ هێشتووە، سەردەمی روانگە و سالانی حەفتا خۆیان لە قۆناخی گۆران بەجیاواز دەزان، دەکرێ بزانین بەشێوەیەکی گشتی خاسییەتی جیاکەرەوەی شیعری ئێوە دوای ئەوان لەچیدا دەبینین؟

– جارێ دەبێ رستەکە بخەمە باری تاکەوە، چونکە ئێمە ناوی گرووپمان لێ نرا، بەڵام گرووپ نەبووین، کۆمەڵە شاعیرێك بووین جیهانبینیمان لەیەك نزیك بوو، خۆ ئەگەر وانەبوایە ئەو بەیانەی بڕیاربوو بینووسین دەمانتووسی. ئەو کات لە هەشتاکاندا پێم وابوو کە داهێنان کارێکی فەردییە و بەکۆ ئەنجام نادرێ، بەتایبەتی شیعر. لە هەشتاکاندا وەرچەرخانێك لە زمان و تێگەیشتن لە شیعر رووی دا، کاتێك ئەوروپا لەلایەن ژمارەیەك شاعیرەوە دۆزرایەوە وەکی کیشوەرێکی گەورەی داهێنان نەك وەکی هێزێکی سیاسی و ئابووری. یەکەم قۆناخی تازەگەریی سەردەمی (گۆران) لەژێر کاریگەریی ئەدەبی عوسمانی بوو، تەوژمی دووەمی تازەگەریی ئەوروپا بوو، کە دیارترین خاسیەتەکانی دوورکەوتنەوە لە زمانی خیتاب و زمانی کۆ بوو، لە ڕێی دۆزینەوەی زمانی ناوەوە تەعبیر لە زەمەنێك کرا کە سەرچاوەکەی زاتی مرۆ خۆیەتی نەك دەرێ. پاشان ئایدیۆلۆجیایەك لەئارادا نەما، پەنجەرەکان بەڕووی مرۆ کرابوونەوە نەك ئایدیۆلۆجی. ئەگەر سەرنج بدەی لە کوردستاندا دوای نەوەدەکان ئەوروپای سیاسی و دیموکراتی دۆزرایەوە، کەچی ئەوروپای عەقڵ تا ئێستا بەزەحمەت دەگا. بەربەستەکان زۆرن، ئاین و کولتووری توندوتیژی، ئازادی و داهێنان ئەوروپای خرۆشاند، لای ئێمە ترس لە هەردووکیان هەیە. لە هەشتاکانەوە لە هەندێك لەو تابلۆیانە درا و حەرام کراوەکان هاتنە ناوەوە لەوانە باسکردنی لەش و لە ئەدەبیشدا رێبازی هونەر بۆ هونەر کە ماوەیەك لە ترسی رەخنەی شمولی بەترسەوە ناوی دەهێنرا،

کەچی ئەو ڕێبازە زۆر گۆڕانی گەورەی لە ئەدەبی جیهاندا ئەنجام دا.

ئەگەر سەرنج بدەی لە شیعری کوردیدا (مەبەستم شیعری کلاسیکە) زۆر جار بەشیعری لە دژی دەروێشایەتی و شێخایەتی نووسراوە، کەچی لە شیعری تازەدا هەندێك لەو جۆرە کۆت و پێوەندانە لەگەڵ ئەوەی هەن ترسێك هەبووە لە باسکردنیان، ئەوەش بۆ باڵادەسەڵاتی کوێخایانەی سیاسەت دەگەڕێتەوە، کە لە دوای ئازادبوونی کوردستانەوە ئەو جۆرە ترسە بەجۆرەها شێوە و لەناو جۆرەها بەرگی ڕەنگاوڕەنگدا بەرهەم دەهێنرێ.

بەڵام سەبارەت بەخاسیەتی شیعری هەشتاکان پێویستە ئەوەشمان لە بەرچاو بێ، لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی هەشتا لە جیهاندا زۆر گۆڕان روویان دا، لە سۆڤیەت و لە ئەوروپا و لە ئەمەریکا لە چینیش، ئەو گۆڕانانە پڕوشکیان بەر رۆهەڵات کەوت. لە ئەدەب و هونەردا زۆر شتی گۆڕی، کەچی رژێمەکان هیچیان بەسەر نەهات، بگرە تووندتر کران. سەرنجم داوە لە ئەدەبی ئەوروپاشدا کە باس دێتە سەر هەشتاکان باسی ئەو گۆڕانە دەکرێ کە دەکرێ بەقۆناخی تێپەڕاندنی مۆدێرنیزمی ناوبنێین. قۆناخی کرانەوە بەسەر هەموو بیر و بۆچوونەکان و قەتیس نەبوون لە جومگەی یەك بیر و بۆچووندا.

لە دوای نەوەد و پێنجەوە گۆڕانێك لە ئەدەبی کوردییدا رووی دا، بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کات و شکستهێنانی شۆڕش، مرۆی کورد بەرەو ناوەوە تێکشکا، ئەوە جۆرە زمانێکی تری دۆزییەوە، کە زمانی زەمەنی ناوەوەی مرۆیە، زەمەنی گەڕانەوە بۆ ئەفسانە و سەرەتاکان و دۆزینەوەی بەدیل بۆ پاراستنی ڕۆح لە هەر جۆرە رووخانێك رێك وەکی هەمەنگوای لە پیرەمێرد و زەریادا دەڵێ، مرۆڤێك دەشکێنرێ وەلێ ناڕووخێ.

کەچی هەشتاکان ڕۆژگاری تر هاتە پێش، ڕۆژگاری ئیرهاب و خوێن، کە شکست ئەوەشی هاتە پاڵ و لەولاشەوە شۆڕش دەستی پێ کردبووەوە. ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە لە شارەکاندا و لەناو ئەدەبدا رەنگیان دابووەوە. ئەدەبێك کە وابەستەی شاربوو، ئەوی تر وا بەستەی لادێ کە لانکەی شۆڕش بوو. من خۆم لەگەڵ ئەدەبی شاربووم و پێم وابوو کە ئەفراندن چەکێکە هیچی کەمتر نییە

لـه سەنـگـەر لـە کـاتـێکدا کـە هـەردووکـیـان بـوونـیـان هـەبـێ و بـەوپـەڕی مەسئوولیەتەوە کار بۆ پاراستنی ڕوحی میللەتێك بکەن. لە شاخ ترسی شەڕی براکان لە ئارادا بوو، کەچی لە شار براکان بەشێوەیەکی تر جیاوازبوون.

* ئێوە لە زۆر بواردا خۆتان تاقی کردووەتەوە، لەبواری شیعر و لە بواری گۆشە نووسین و ڕۆژنامەوانی، بواری ڕەخنە و نووسین و بیر و ڕا دەربڕین ئایا هـەست دەکـەن شیـعر نـەیـتـوانیبـێ تیـنوویـێتییـان بشکـێنـێ، یـان هـەمـوو ئـەو بوارانەی دەربڕین بەتەواوکەری یەکتر دەزانن؟

– من خۆم بەشاعیر دەزانم، یان حەز دەکەم شاعیربم، ئەوانی تر بیانووییەکن بۆ گەیاندنی پەیامی شیعری خۆم، ئەوە لە ئێستادا و بۆ بەراوردکردن وەکی تر کـاری ڕۆژنـامـەوانـی نـەیـتـوانـیوە لـە شیـعرم دوور بـخـاتـەوە، وەکـی هـەندێك کەسی ئەوەیان هەیە بگرە من زۆر سوودم لێ وەرگرتووە بۆ دۆزینەوەی زمانێك کە پێیەکی لە ئاسمان بێ و ئەوی تری لەسەر شەقام بابێینە سەر ئەوەی ئایا شاعیر ئەمڕۆ هەر دەتوانێ شیعر بنووسێ، نەخێر. من دەتوانم بێ دوودڵـی ڕا و بـۆچـوونی خـۆشم لـەبـارەی دیـاردەکـان، لـەبـارەی ئـەزمـوونـی شیعریی چی و چی تریش دەربڕم.

* چـەنـد ڕەخـنـە ئـاوڕی لـە بـەرهـەمـەکـانت داوەتـەوە. هـەست نـاکـەن (ڕەخـنـە) بەرانبەرتان بێدەنگی لێ کردبێ. هۆیەکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟

– ڕەخنە هەردەم لای ئێمە وابووە ڕوو لە دەقێك دەکا کە ڕووناکی ئیعلامی لەسەر بێ، من ماوەیەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەم لە بەردەست بوو ئێستا کۆوارێك، ڕۆژێك بانگەشەم بۆ دەقێکی خۆم نەکردووە و تەکلیفم لەهیچ ڕەخنەگرێك نەکردووە ئەگەر ڕەخنەگری ڕاستەقینە هەبێ کە شتێك لەبارەی شیعری من بنووسێ. دەقی گران و جیاواز درەنگتر دەناسرێ.

* لە هەشتایەکان کۆمەڵێ شاعیر هەریەکەیان بەتایبەتمەندیی خۆیەوە لەژێر ناوی شاعیرە پێشڕەوەکان لەژێر (ساباتێکدا) کۆکرانەوە، تۆ چەند لەگەڵ ئەو ناونانە بووی. چی لەگەڵ شاعیرەکانی تر کۆیان دەکردیتەوە؟

– ئەو ناوە شاعیرەکان دایان نەهێنابوو، بگرە لە دەرەوەی ئەوان هاتبوو، بەڵام

بەهەق پێشڕەو بوون و شیعری کوردییان لە چوارچێوەی دواکەوتوو و لەدەست داینـاسووره ئەدەبییەکان دەرهێنـابوو.

دیـاره بـەبـاشی دێتـەوە یـادتـان، چـونـکـە بـۆ خـۆشت زۆرجـاران لـەگـەڵـمـاندا دادەنـیشتـی و نزیك بـووین لـە یـەکتـرەوە، ئـەو بـرادەرانـە خـەمـی هـاوبـەشمـان هـەبوو، لە یەکترەوە، ئەو برادەرانە خەمی هـاوبەشمـان هـەبوو، لە گەڕان و پشکنین و سۆراخدا هـاوبەش بووین، سەردەمەکەش وابوو پێویستی بەگرووپ و کۆمەڵ هـەبوو بۆ پـاراستنی یـەکتری، چونکە لە بەرانبەر ئەواندا هێزێکی زۆری کۆنەپارێز و کۆنەپەرست و سەلەف هەبوو. هەر جارەو بەبیانوویەك کە شەڕیـان پێ دەفرۆشتین، تـا ئـەو کـاتەی جارێکیـان خەزعەل ئەلماجدی کە ئەو کات برادەرمـان بوو لە کۆواری (الف بـا ) گۆشەیەکی لەژێر نـاوی (الجیل الثالث مـن الشعـر الـکـردي) نـووسیـبـوو، هـەنـدێك رەخـنـەگـری کـورد کـە کـەوتـنـە وەڵامـدانـەوە، بـاش بـوو، کـەسێکـی غـەیرە میـللـەتی خـۆت بـاسی شاعیرانی میللەتەکەت بکات و تۆ وەڵامی بدەیتەوە وانییە، بزانە رقی ئەوانە گەیشتبووە چ ئـاستێك ئەوەی سەیرە ئەوانەی ئەو کات دژایەتی ئێمەیان دەکرد لەم دواییە و بەتـایبەتی لە دوای راپەڕینەوە کەوتنە نووسین لەبارەی ئەزموونی شیعریی هـەنـدێك لـەو شاعـیرانـەی بـەشاعـیرانـی (پێشڕەو) نـاسرابـوون. ئـەوە ئـەگـەر پەشیمـانبوونەوە بێ ئـاساییە، بەڵام پێم وایە جۆرێکە لە ڕیـایی ئەدەبی.

* تۆش پێت وانییە شیعری ئەمڕۆمـان بەدەست خۆ جووینەوە و لاساییکردنەوە دەنـاڵێنێ، شیعری چاك و شاعیری تـایبەتمەند زۆر دەگمەن و دانسقەیە؟

– لە هـەموو سەردەمەکان شاعیری تـایبەتمەند دەگمەنە. ئەمڕۆ بەهۆی ئەو هـەموو کۆوار رۆژنـامە و نـاوەندە ئەدەبییانەی کە هەن– کە بەشی زۆریـان مەبەستی ئەدەبیـان لە پشتەوە نییە و بۆ پڕوپاگەندەی حزبی هـەن– جۆرە پشێوی و ئـاڵۆزییـەك دروست بـووە. ئـارامـبـوونـەوەی زەحـمـەتـە ئـامـادەبوونی رەخنەش رەخـنـەگـری بـلـیـمـەت و خـاوەن نـەزەرم مـەبـەسـتـە–هـێندەی تر نێوەندەکەی شێواندووە. رەنگە مـاوەیەکی بووێ تـا هـەموو شتەکان ئـارام دەبنەوە و ئەنجام چـەنـد دەنـگـێك دەمـێنـن کـە تـایـبـەتمـەنـدن. بـەڕاستـی ئـەمڕۆ دروستکردنـی

تایبەتمەندی زۆر زەحمەتترە لە جاران.

* زۆر کەس پێی وایە خوێنەری شیعر کەم بووەتەوە. تۆ دەڵێی چی؟

– خوێنەر زیاد دەبێ کەم نابێتەوە، هەتا ئێستا کۆڵەکەی سەرەکی کولتووری کورد شیعرە، بەڵام دەبێ لەو راستییە بگەین کە ئەمڕۆ بەشێکی خوێنەر چووەتە ناو ئینتەرنێتەوە و شیعری کوردیش نەیتوانیوە بپەڕێتە ناو ئەو جیهانە، جگە لە کەمێکی کەم نەبێ ئەوانیش لە ڕێی خەڵکی ترەوە. ئەو دیاردە جیهانییە هەر تەنیا لەناو کورددا نییە. بەپێی دوا ئامار کە کراوە. لە فەرەنسا لەئەمەریکا لە ئیسپانیا و لە زۆر شوێنی تریش خوێنەری شیعر لە زیادبووندان.

* نەوەیەك پەیدابوون کە رەفز دەکەن لەپێناوی رەفز، هەموو ئەوەی پێش خۆیان نادیدە دەگرن و قبووڵیان نییە، پێت وایە ئەو جۆرە یاخیبوونە چەند لە خزمەتی واقیعی رۆشنبیری و داهێنانی کورددایە؟

– رەفزکردنەوە پەیامێکی تازەی لە پشتە، بێ ئەو پەیامە رەفزکردنەوە مەحاڵە، پاشان کێ رەفز دەکەیتەوە. ئەگەر بەر لەوە بەتووڕەیی ئاوڕ لە ڕابردوو نەدەیتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا من سەرلەنوێ خوێندنەوەی رابردووم پێ راستە، ئەوە دەتوانێ بای گۆڕان لە هەناوی خۆی هەڵگرێ. یاخیبوون هیچ مانایەك نابەخشێ.

نەوەی ئێستا نەوەی دابڕانە، نەوەی پۆست مۆدێرنیتەیە بەو مەفهوومەی کە هیچ پێوانەیەکی ئایدۆلۆجی نەماوە بیگرێتە خۆی هەموو ئەگەرەکان لە بەردەمیدا کراون، بەڵام لەبەرئەوەی کولتووری تخووب برین و تێپەڕاندن لاوازە و ئەوانیش خەمەکانیان دیاری کراوە، بۆیە ناتوانن دەقشکێن بن، ئەوە رەخنەی من لەو ناوەیە. بۆیە من لە سەرەتاوە تەئکیدم لەسەر سەرلەنوێ خوێندنەوەی تازە کرد، چونکە کولتوور پێویستی بەو جۆرە خوێندنەوانە هەیە بۆ ئەوەی بۆگەن نەکا و گۆڕانی بەسەردا بێ، ئەوانەی هەڵگری پەیامی تازەشن بیانووی تازەبوونەوە دەدۆزنەوە لە هەناوی کولتووری خۆیاندا.

* تا چەند رۆشنبیری بۆ شاعیری ئەمرۆ بەپێویست دەزانیت. ئایا بەرۆشنبیریی

شاعیرانی ئەمڕۆکە رازیت؟

– چ جۆرە رۆشنبیرییەك پێویستە بۆ شاعیر؟ ئەوە پرسیارەکەیە، ئەگین رۆشنبیری پێویستە. کۆلن ویلسن زانیارییەکانی بەسەر دوو جۆر دابەش کردووە، (هەتاوی) کە ئەوان بەری زانست و عەقڵن، ئەوی تر (مانگی) کە شیعرییەت لەو جۆرەیانە. شیعر لە رۆشنبیری دروست ناکرێ، بگرە لە وشە دروست دەکرێ و ناسینی وشە و سیحر و پەنهانییەکانی ئەرکی یەکەمی شاعیرە، رۆشنبیری لەبەرئەوەی بەرهەمی لێکدانەوەی مرۆیە باش و خراپی هەیە. من جۆرە رۆشنبیرییەك بۆ شاعیر بەپێویست دەزانم کە شارەزای بکا لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە هەستی بەشەر، چۆنیەتی خۆشەویستی و ژیان، نەك تیورەکردنیان. گوتێ دەڵێ: داری تیورەکان زرن، داری ژیان بە بەرەو شەنگ.

رۆشنبیریی ژیان کە پشت بەئەزموونی دەوڵەمەند و شارەزابوون لە گەردوونەوە دەبەستێ ئەوەیان بۆ شاعیر لە هەموو سەردەمەکاندا پێویست بووە. ئێستا بۆ من گرینگ نییە بزانم مەفهومی جیهانگەرایی چییە. گرینگ ئەوەیە چۆن دەتوانم مرۆیەکی گەردوونی بم لە شارێکی بناری سەفینەوە.

شیعر کائینێکی دوورەپەرێز و کێوی نییە، بۆ ژیان پێویستی بەهێز و تەکنیکی نوێبوونەوەیە، ئەوەش بەشارەزایی و موغامەرە دەکرێ. هونەری شیعر زەحمەتە و پوختەی هەموو هونەرەکانی ترە، جووتیارێك ناتوانێ شیعر بنووسێ ئەگەر کەرەستەی تازەی پێ نەبێ بۆ نووسین کە زانیارییەکانە– رەنگە بەحوکمی ژیانی خۆی هەیبێ، بەڵام چۆنی دەڵێ ئەوە پرسیارە گەورەکەی ئەفراندنە.

* ئافرەت لە نووسین و شیعری تۆ چ پانتاییەکی گرتووە. ئایا ئافرەت توانیویەتی لەسەر نەخشەی داهێنان و رووناکبیری ئێمە کاری بەرچاو بکات؟

– بەنیسبەت بەشی یەکەمی پرسیارەکەوە، ئافرەت و پیاو لە عەشقێکی گەورەدا تواونەتەوە و شاعیریان دروست کردووە، بۆیە کە دەنووسم بەزەحمەت زمانی هەردووکیان بۆم جیا دەکرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەی لە زۆر لە دەقەکانماندا زمانی مێ لە تەك نێردایە، من بەزمانی ئادەمێك دەنووسم کە حەوا لەناو

پەراسوویدایە و لێی جیا نەبووەتەوە.

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەش، بەڵێ نەزەند بەگی خانی و کەژاڵ ئەحمەد و لەیلا فەریقی سێ نموونەی بەرچاون.

* تۆ ئەگەر بەچاوی رەخنەوە بڕوانیتە (گۆران) ئەو حزورەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– (گۆران) دیارترین شاعیرە لە شیعری نوێی کوردیدا، ئەوەش بۆ گەنجینە شیعرەکەی دەگەڕێتەوە. جگە لەوەش گۆران ئەزموونێکی ژیان و رۆشنبیری دەوڵەمەندی هەبووە، پەخشانەکانی بەشێکی تری ئەو توانایەی ئەو دەردەخەن. بایەخی ئەو ئەزموونەش لەوەدا بوو کە بەسەر ئەزموونی میللەتانی تردا کرایەوە و خۆی لە قوژبنێکی ئەدەبی میللیدا قەتیس نەکرد. لایەکی تری ئەزموونی گۆران لەو سروشتە ئینسانییەدایە کە لە بەرهەمەکانیدا بەڕوونی دیارە، هەر ئەوەشە هەوێنی هەموو بەرهەمێکی نەمر و دانسقە، من سەرنجم داوە زۆر جار ئەوانەی بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب هەڵدەبژێردرێن باسی ئەوە دەکرێ چەند بەرهەمەکەی رووی ئینسانی تێدایە و مەبەست لێرەدا خزمەتی ئەو ئاشتییە گەورەیەیە کە پێویستە لەمڕۆدا بەرجەستە بێ بەرلەوەی جیهان بگرێتەوە.

هەندێك جار باس لەوە دەکرێ کە قەوارەیەکی سیاسی شاعیرێك دەگرێتە خۆی، بانگەشەی بۆ دەکا، بەڵام دڵنیابە ئەو قەوارەیە سەد ئەوەندە پێویستی بەشاعیرەکەیە. لەوەش بترازێ خۆ ئەگەر ئەو شاعیرە خۆی لە بنچینەوە هیچ نەبێ مەحاڵە ببێ بەوەی دەیانەوێ.

حزبی شیوعی چەندان کەسی تری هەبوو بۆ نەیتوانی چییان لێ بکات و چەندان دار رایەڵی کرد بۆ نەکەوتنیان، بەڵام ئەنجام هیچی بەهیچ نەکرد. (گۆران) پێویستی بەگۆران بوو. ئەوە قەدەری هەموو شاعیر و هونەرمەندێکی کارامە و دانایە کە هەردەم بیانووی نابەجێ بدۆزرێتەوە بۆ لەکەدارکردنیان.

* باس لە کێشەی گەورە دەکرێ کە واقیعی رۆشنبیریی خنکاندووە و رۆشنبیری کورد توخنیان ناکەوێ، بەلای تۆوە ئەو کێشانە لەچیدا خۆیان دەنوێنن؟

– کولتووری توندوتیژی گرفتێکی گەورەی ناو رۆشنبیریمانە، ئەو کولتوورە

خـۆشەویستــی لاواز کـردووە و وای کـردووە کـە دابـەشکـردنـە خـێڵـەکـی و حزبییەکانیش رەگیان بەخێرایی دابکوتن. ئەوەی پێویستە بەر لە هەموو شتێك بیری لێ بکرێتەوە دەرچوون لە پاشکۆیی و بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆییە لەلای رۆشنبیران.

هەندێك جار ئەو پاشکۆبوونە بەرەو کوێرەڕێی بردووین، ئێستا نووسەرگەلێك لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و جیهانگەرایی و ئیسلامی سیاسی و چی و چییەوە دەنـووسن بـێ ئـەوەی سەرەتـایـیـتـریـن بـنـەمـای مـەدەنـیـەت و کـرانـەوە و قبووڵکردنی ئەوی تریان لابێ. رۆشنبیریی کوردی پێویستی بەکرانەوە و گوێگرتن لە بەرانبەرە و پێویستی بەگیانی لەخۆبووردەییە. هەندێك میللەت هـەن لـەگـەڵـمـانـدا دەژیـن لـە وڵاتـدا وەکـی ئـاشووری و کلدان و تـورکـمـان و ئەرمەن.. هیچ جۆرە پێوەندییەکمان لەگەڵ ئەواندا پێ دروست نەکراوە. ئەوە جۆرە ترسێکە لە هەناوی هەمووماندا، دەبێ ئەو ترسە بشکێ. کولتوورێکی ئینسانی هـاوبەش کە جێگەی هەمووانی تێدا دەبێتەوە، ئەوە کێشەی گەورەیە. ئێمە پشتمان لە بەشێکی گرینگ لە کولتووری خۆمان کردووە بەبیانووی ئەوەی بەزمانی غەیرە کوردی نووسراون، ئەوانە پێویستیان بەسەرلەنوێ خوێندنەوە هەیە. بۆ بەرهەمی ئیبنو ئادەم و ئیبنوخەلەکان و ئیبنومستەوفی و کێ و کێی تر بەخۆڕایی بدرێتە عەرەب، هەروەها فارس و تورك، ئەوانە هـەرگـیـز کـولـتـووری عـەرەب نین، ئـەوانـە بـەرهـەمـی شارەکـانـی خـۆمـانن، بەرهەمی هەولێرن بۆ نموونە، چونکە ئەو کات هەر شارەو مەملەکەتێك بووە بۆ خۆی، هەروەها کولتووری ئەوانەی بەفارسییان نووسیوە و لە کرماشان بـوون.. هـتـد. رۆشـنـبـیـریـمـان پـێویستـی بـەڕەخـنـە هـەیـە، رەخـنـەیەك سەرلەنوێ بیخوێنێتەوە و بەهای نوێی لێ بدۆزێتەوە. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە رۆشنبیر جیهانبینی خۆی هەبێ و بەچاویلکەی کەسی تر نەخوێنێتەوە.

* بـۆچـی شاعـیـرانـی ئـەمڕۆ زۆربـەیـان حـەز دەکـەن وەك ئـیـلـیـەت قـاچـێکـیـان لـە مەملەکەتی شیعر و قاچەکەی تریان لە مەملەکەتی رەخنە بێ؟

– تا ئەو بۆشاییەی کە هەیە پڕی بکەنەوە.

# شەوەکانی ئامیتا بەدرێژاییی بابل

# سەرلەئێوارە

بەر لە ″شەوەکانی ئامیتا....″ دەبوو بگەڕێمەوە لای مێژووی کۆن. لەبەرئەوەی لە خەونمدا جەستەی ژنی بەفرم دیبوو چۆلەکەکانی مێژوو بەسەریەوە دەیانخوێند. ئامیتا، یان ئامیتاس، یان میدیا لەو خەوەدا چووبووە دۆخی بەفرەوە و ئەوەش بۆ من شتێکی ئاسایی نییە، هەموو جلەکانی من لەناو بەفردا هەڵخراون و پێ دەچێ بەفر بووبێتە چارەنووسی بارینم. ئامیتا ژنی نەبوخزنەسر کچی پاشایەکی میدیایی بوو، خەڵکی هەمەدان، هەن دەڵێن سەمیرامیس بووە، ئەوەیان کێشەی مێژووە و ئەو دەتوانێ بۆ خۆی ساغی بکاتەوە، بۆ من ئامیتا ئەو شوێنەی پڕکردەوە. پاشای بابل بۆ کچە میدیایی باخچە هەڵواسراوەکانی دروست کرد کە یەکێکە لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی سەردەمی زوو. ئەو مێژووە کۆنە لەبەرئەوەی تێکەڵێکە لە ئەفسانە و سیحر و گێڕانەوە خولیایەکی زۆرم پێیەوە گرتووە. شاعیران بە جۆرێك تەماشای مێژوو دەکەن جیاواز لەوەی مێژوونووسان دەیبینن، لە پرۆسەی خۆ رزگارکردن لە تەونی جاڵجاڵۆکەیی مێژوو شاعیران هەوڵ دەدەن تۆماری شتێکی تر بکەن کە مەنتیقی شیعر گریمانەی سەلماندی پێ دەبەخشێ، ئەویش ئەو مێژووەیە کە رووی نەداوە، بەڵام دەشێ روو بدا و ئێستاش شیمانەی روودانی لە دەست نەداوە، هەروەها لە داهاتووشدا..

جەستەی ئامیتا کە جگە لەوەی جەستەی ژنێکە و بەها و جوانی خۆی هەیە، لای من بووە بە شوێنەواری ئەو مێژووە لە بیرکراوەش کە ئەدەبی نێرینەی کوردی بووە مایەی لەبیرچوونەوەی، جگە لەوەش هەمووکات مێژوو بەچاوی پاڵەوان و سەرکەوتوو بینراوە و کەمتر ئەو مافە بە شکستخواردوو و کەسانی تر دراوە کە

بەلای منەوە ئەویش لایەکی تری ئەو رۆژگارەیە و ئەدەب زۆرجار لەو شۆرەکاتانە باشتر دەخولقێ لەوەی لە جێگەی بەهەرمێن دێتە ئاراوە.

کارکردن لەناو بوارێکی لەبیرکراوی وادا ئێجگار زەحمەت و دژوار بوو، دەبوو بە کتێبە کۆنەکان و ئەفسانە و حیکایەتەکاندا بچمەوە بۆ شارەزایی، بەڵام تەواو ئەوەم رەچاو کرد کە مێژوو فێڵبازە و ئەو بابەتە گەورە و زەقانە زیان بە شیعرییەت دەگەیەنن بۆیە بەدوای شتە پەراوێزەکاندا گەڕام.

هەر لە سەرەتاوە بەبیرمدا هات کە ئەم شیعرە پێشکێش رەمزێکی ئەو دنیا غەدر لێکراو و لە بیرکراوە بکەم کە مارگرێت جۆرجە، ئەو ژنەی لە شەستەکاندا وەکی ژنە ئاشوورییەك چووە شاخەکان و بووە پێشمەرگە دواتر بەبڕیار کوژرا.

بۆ گیانی ئامیتا!

بۆ گیانی مارگرێت!

زەنبەقە تەڕەکانی بەهەشتی شاعیران

شەوەکانمان درەوشاوەیە بە ئەستێرەکانیان.

دڵشاد عەبدوڵڵا

## شەوەکانی ئامیتا بەدرێژاییی بابل

بۆ مارگرێت جۆرج

زەنبەقەی ناو گۆمی بەهەشت

ئەوانە نەوەی تۆفانن

هی سەردەمی دڵتەنگین

″ڕۆژهەڵاتناسێك لە وەسفی كوردەكاندا″

ئەسکەندەر بە گومانە

داریوش هێشتا لە قەڵایە

ئەی ئەو هەموو بەچکە خائینە نەوەی کێن؟

″ئەو چەند دێرە لە ئانابازدا پەڕیوە″

پەپوولەی نارنجی

لە مۆمی غەریبی ئاڵاون

رەگەزی ئێمەن بەسەر ئاگرەوە

"ئامیتا بۆ دۆستێکی"

لە ناکاو

کلووەکان دابارین

بەسەر شوورەی باڵدا

چەند دانەیەکیان بەر کوڵمم کەوتن

شیرینییان خستە زار

فێنکیان کردەوە گوفتار

لەگەڵ یەکەم گەیشتندا

بە منداڵیمدا هەڵگەڕان

---

*بەفر بە دووباڵی شکاو دوای ئامیتا کەوتبوو*

ئەو شەوە هەتا بەیانی

من و بەفر و

بەفر و ئەفسانەی چیانشین

بەفر و منداڵی سەرزەمین

کۆشك و تەلاریان پڕ کرد لە خرۆشین

---

*شمشێر بەدەست و خاقانی و حاشییەکان*

*وتیان بیدعەیە*

*هی وڵاتی غەیرەیە*

*بێ مۆڵەت هاتووەتە مەملەکەت*

*بۆنی مەجووسی لێ دێ*

بەفر چییە؟ پرچی خاوی فریشتەیە

با هەر جارەو هەندێکیان دەتاشێ

هێشتا بە بەریەوە ماوە

عەیامێکی تر دەبارێ

خودایە!

کە تەمەنی کلووت پێ نەبەخشیم

پاکیی ئەوانم لێ مەستێنەوە

---

*رەگەزی بەفر ئارییە*

*بەدفەڕ و ناخودا*

*لەشکر کەوتنە مل پەلدانیان*

*لە چاونووقانێکدا گشتیان*

*سەربڕان*

رابردوو ئاوریشم نییە لە خۆمی بئاڵێنم
کراسێکی دڕکاوییە
لە هەر کوێوە قۆڵی تێ هەڵکێشم
ئەویێم پتر دەکولێتەوە

---

*ئەگەر گۆی زەوی لە لەپی ئامیتا جێگەی ببایەوە*
*وای دەکرد هەمیشە*
*کوێستانی سەر بە بەفری*
*لێ دیاربێ*
*لای ئەو هەموو باخچەی بابل*
*پەنا بەردێکی هەمەدان ناهێنێ*

## شەوەکان

لە شەوی یەکەمدا
هەموو شتی خۆم شاردەوە
لە ترسی ناحەز و زمانی ڕیا
تەنیا شانەیەکی کۆنم
نیشانی پاشا دا

---

*ئەو شانەیە بەفر ناردبووی*
*بۆ پرچی پەرێشان و پەشێوی*
*شانە هەر بەقەد پەنجەی دۆشاومژە هەندەك درێژتر*
*ئێسکی باریکی باڵندەیەك بوو*
*تۆراو لە گوڵزار*
*پەنجەی وەستایەکی دانا نەخشاندبووی*
*بۆنی بن گوێسووەبانەی ئێوارانی*
*گوندێکی بناری لێ دەهات*

پاشا کە تەماشای کرد

سیحری شانە کەوتە سەری

ئەو جۆرانە

شانەی هەنگووینی کونە شاخانن

گەواراو سپینە

هەر دە پەنجەی خۆی تیٚ دەخست

تامیان هەر ئیٚجگار شیرینە

---

پەڕی نەهیٚشتووە غەریبی

بە زەحمەت ریٚ دەدۆزتەوە

*لە نیٚوانی تاڵەکاندا*

بالّی جار*انم* هەبایە، *شانە دەیوت*

دەمگیٚڕای *لەو* دنیایە

رۆژی سەڵایە غەریبان رۆژی سەڵایە
حەشری من لەگەڵ پاشایە

---

*ناحەسن ئەوانەی بێ کەسن*
*ناحەسن ئەوانەی خولیای دوند و بەرزایین*
*ئازار هەمیشە بەرەو سەرترمان دەبا*
*هەر چەندی سەریشکەوین*
*هەندێکمان هەر دەمێنێ*
*بگەین بەوەی دەمانەوێ*
*ئاویش ئەگەر پەنگ نەخواتەوە ناتوانێ سەرکەوێ*

زەوی هەمووی یەك زمان بوو
زمانی قوڕ
کە دەستت لێی دەدا
جێی هەر دە پەنجەت دیار دەبوو
هێشتا نەمەیبوو رستە
نەیبەستبوو وشەکان
نەببوون بە زیخ
زمانی وردە ئاسن و
زمانی ژەنگ لە بابلدا سەریان هەڵدا

---

*قوڕ و لیتەی دوای تۆفانی پێوەیە دەموچاوی*
*دەست و قاچی*
*سیماو رەنگ و*
*دەنگ و ئاوازی ئامیتا*
*هێشتا قوڕینە*

ئەی بەڕێز و ئیلهامبەخش و شکۆ ئەی مەردۆك!

ئەی میری خواوەندان ئەی بەرز و پایەدار!

هەی باوەخودا!

تۆ کە بە هەردوو دەستی زێڕین

کاسەی خۆرت بەرز کردووەتەوە

لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە پڕی دەکەی لە شەراب

لە ئێوارەوە تا بەیانی دەیخۆیتەوە

پیاڵەیان لێ پڕ دەکەی

دەیبەخشی بە هەمووان

ئەی میری رووناکی هەی شەمش!

چاوگی نەمری هەی باوەمیر

مرۆ وا دروستبووە نەتوانێ سەری بەرز بکاتەوە

تەماشای میهرت بکا لە بڵندی

هەی مایەی ئومێد هەی باوەخودا

لەسەر دیواری کۆشکەوە بنوارە

ژنێك

نەخشی تۆی کەوتووەتە سەری

جلی تۆی لەبەردایە

لە رەفتار و جوانیشدا وەکی تۆیە خودایە

---

حەکیم و *لوقمان* هەگبەی *دەرمان* و حیکمەتیان هەڵڕشت

وتیان، پاشا نەخۆشە

*ئەوانەی سیحریان لێ دەکرێ*

*تایەکی گەرم دەیانگرێ*

ئەوەی بن *بەرێ دێننە سەر بەرێ*

با قامیشەڵانی دەجووڵاندەوە
تیرێك لە دیواری بابلی دەدا
وتیان دوژمنە و نزیك بووەتەوە
مردن بە لەشمان فێر بووە
هەر جارەو گرفتێكی بۆ دروست دەكا
هەر جارەو گوڵێكمان دەبا
ماڵی خۆی پێ بۆنخۆش دەكا

---

*شەوێك بە یەكەوە نووستن*
*دوو شەو بەیەكەوە نووستن*
*سێ شەو چوار شەو پێنج شەو*
*شەش لە شەوی حەفتەمدا*
*ئامیتا لەو تیرەی پرسی، كێ دەیهاوێ؟*

ئەوانە هەوری بێ پشتن
نە دەرگەیان دەکرێتەوە نە رازیان دەدرکێ
نە کەسیان هەیە نە دۆست
لە رۆخی فوراتەوە
عومرێکە بازووی گۆج دەیانهاوێ
کەوانیان خوارە
ناپێکن ئەوەی دەیهاوێن

---

*پاشا بەسەر پشتی گایەکی باڵدارەوە*
*ئامادەبوو بۆ فڕین*
*پێیەکانی خستبووە سەر قۆچەکانی*
*ئامێتا وتی: زوو بێیتەوە*
*سێبووریمان بەیەکتر دێ*

له شەوی هەشتەمدا

ئاسمان هەموو ئەفسوونی خۆی

هەناردبوو بۆ ئامیتا

دەستێکی ناپاك دزیبووی

شتێکی پێ دابوو

ئەوی تری بەبا دابوو

---

یەکە یەکە سوێندیان خوارد

کەنیزەکانی حەرەمسەرا

له باخەڵی هەر یەکێکیاندا تاڵێکی دیاربوو

پاشا چاوی کەوتە سەریان

ئەو شەوە خیانەت پەیدا بوو

لە شەوی دواتردا

دەفرێکم دەرهێنا لە شێوەی قومری

لە بەردەمی پاشام دانا

پەڕەکانی سیرامیك و قاچی سەدەف

دەنووکی یاقووتی

ئاوێکی نازکی لێ دەڕژا

دەنکە مرواریی وردی تێ دابوو

ئاوی وا نەبوو لە هەموو بابلدا

بەر لەوەی بیخۆیتەوە دەبێ سوێندی پێ بخۆی

تاماوی بەردی تێ نەهاوێی

---

*لە دیمەنێکدا*

*پاشا ملی دەفرەکەی گرتووە ناهێڵێ بڕژێ*

ئەوەی ماوە تێیدا کەمێکە
ژیان بەو کەمەوە ماوە
خومار و خۆشاو
لەو شوێنە پڕ ئەفسوونانە
کەیل و دڵشکاو

---

کۆمەڵە پیاوێك بە هەموو تەدارەکی جەنگەوە
*لەبن لێوی دەفرەکەدا*
*ریزیان بەستبوو بەرەوخوار*
*ئامادەبوون بۆ شەڕ*
دوژمنی *ئەوان* کێیە؟
*لەگەڵ* خۆیاندا دەجەنگن

دەفر پڕبوو لە جەنگی بێهوودە

لە نەوەی بێهوودە

---

لە ریزی خوارەوە شەڕکەرەکان

بە خۆ و بە ڕمەکانیانەوە

هەموویان مردبوون

لە ناوەڕاستیشدا دوو جار

سەریان بەرانبەر یەکتری قیت کردبووەوە

کلکیان بەیەکەوە نووسابوو

نەوەی ئەوانین

ئامیتا وتی: لوولووین

گووتین

گووتی لوولوو

لە کۆتاییی شەوا دەفر

چووبووە خەونی هەردووکمان

دوژمنێك بوو شەڕی هەردووکمانی دەکرد

زاری حەزیابوو ئاگری هەڵدەدا

ناوی مەنجەنیق بوو دەکولا

بە زەحمەت هاتینە دەرێ

لەگەڵ تاریك و ڕوون

گەیشتینە ئەوپەڕی گەردوون

چووینە سەر کوورەی سپێدە

دەستمان تێی خست

هەریەکەو باوەشێکمان هێنا

ئێستا خاوەنی خۆری خۆمانین
گەرمترینیان
لەناو باخەڵی تۆدایە ئامیتا

---

*بۆنی بەفر نیشتبووە سەر لێوی دەفر*
*بەفر هەمیشە زیندوومان دەکاتەوە*
*ناهێڵێ هەرگیز بمرین*
*بەفر و شەو دوو دۆستی خەمگینن*
*دەچنەوە یەک ماڵ*
*لەناو یەک جێگە دەخەون*
*هەموو شتێکی لە بەفر دەچێ ئامیتا*
*هەموو شتێکی لە شەو دەچێ پاشا*

به قسەکانیان باوەڕ مەکەن
سەرزەمین پڕە لە ریسوواییەکانیان
پڕ بۆدڕی یاسا و رێساکانیان
زاڵمە دنیا بە چنگی غەدرەکانیانەوە
هیچ شتیان لە ئێمە ناچێ پاشاکان
هەتا گۆڕیشیان جودایە
گاڵتەجاڕییە دنیا بە دەستیانەوە
گاڵتەجاڕییە مردنیش بە دەست خواوەندەکانیانەوە
های لە من
های های لە من..(*)

---

*(*) دەفتەری شاعیرێکی سالووک*
*پڕبوو لە هەجوو*
*ئارامترینیان ئەمە بوو*

کتێبێك کوێر ببوو
هێندەی بخوێنێتەوە و تێ نەگا
بە ڕێی هەوراز و نشێودا هەڵگەڕێ و
هەر نەگا
لە کۆتاییدا
خەونی زڕاوبێ لەژێر تاجی پاشاکاندا
پەتکێکی پساوبێ
بە دەستی عەوامەوە ڕاگیرابێ(*)

---

*(*) لە وەسفی مێژوودا ئەمە نووسراوە*
*تاج هەمیشە لە بەرزیدا ڕاگیراوە*
*سەری کەسێك هەڵکشاوە*
*تا پێی بگا*
*نازانم بۆ تاج دەزرینگێ*
*بەڵام ناشکێ؟*

خەون بە دنیایەکی دوورترەوە دەبینم
دووتر لە مەردۆك!
دوورتر لە شەمش!

---

*لە بالاّمبۆ*
*بە منداڵی مۆریمان بە ملی بەردەکانەوە دەکرد*
*نزامان دەکرد شەڕ ببڕێتەوە*
*بابمان بە سەلامەتی بێتەوە*
*هەریەکەو بە خەیاڵی خۆی*
*تیلماسکێکی لەشی دەبەخشی*
*بۆ هەواڵێك کە ڕێبوارێك دەیهێنا*
*کەس نەیدەناسی*
*هەریەکەو خۆی بەلایەکی هەڵدەواسی*
*چەند خۆشبوو تامی منداڵی بە زاری گەورەکانەوە*

لە شەوی دواتر و سالانی دواتردا

نە هەوال ما نە ڕێبوار ما

نە منداڵی

ئەز ئەشقەك دەبێژم بۆیان

گرفتارم بە سۆیان

خۆتانم نیشاندەنەوە گیرۆدەتانم

جەنگم لەگەڵ ئێوەدا پێ بەرپا ناکرێ

جەنگی ئێوەش لەگەڵ مندا ناعادلە

---

*لە شەوێکدا*

*ئامیتا*

*ئەو کتێبەی هێنا گۆڕی*

*کە باسی جەنگەکان بوو*

*جوانترین جەنگ منداڵییە هەموو کات پێمان دەوێرێ*

## کتێبی چوارینەکان

ئەو کتێبە موغێك دابووی بە باوکم بەر لە خۆکوشتنی
ئەویش دای بە من
بە یادی مەرگێك
کە لە هی باڵندە و
لە هی گوڵ دەچێ
لە کاتێکدا ژیانیان شەماڵێك بووە و چیی تر نا
کتێبی وا نەبووە بە هیچ زمانێك

---

*حەرفەکانی دەتوت کلوون*
*بەسەر لکی دار و بار و پەلکی گیا*
*لە هەرلاوە دەتخوێندەوە هەر خولیابوو*
*هەمووی هەناسەی خودابوو*

کتێب لەناو کۆشك و سەرادا هەڵی کرد

با بوو ئەمان با

ئەو جۆرانەی هەموو شتێك رادەپێچی و

لەگەڵ خۆی دەبا

---

دەستم لە هەر وشەیەکی دەدا

مۆسیقا و هەرای هوزارێك بوو

دەیچریکاند و نەیدەبڕییەوە

رستەکانی حەوزی کەوسەربوون هەڵدەچوون

لە هەرلاوە زەنبەقە و پوونگ و نەعناع تێکەڵ دەبوون

شۆڕشی گوڵە کتێب نییە

هێرشی بۆن و بەرامەی سروشتە جەنگ نییە

تەڕبوو بالیفی بن سەرمان بە ئەشکی چوارینە
جێ و بالینگان پڕبوو لە نەشئەیان
بابل سەرسام بوو بە ئەندێشەیان
چەند مەزەداربوون
چ زمانێك رستوونی بە هەودای؟
چ روحێك هەڵی داون بە خولیای؟

---

*ئەی مەردۆك!*
*ئاوی دەماری شیعر برژێنە*
*بەهرەی خۆت بنوێنە*
*دەشتی فورات بە گوڵزاریان بچێنە*
*دڵی ئامیتام لێ مەرەنجێنە*

کتێب ماڵی پڕ سیحر کرد
کتێب وڵاتی کرد بە سیحر
ماڵی کتێب لە کوێیە؟
کێ دەرگەوانیەتی؟

---

موغی گەورە عاشقی گەورەیە
دنیایان نەوەکی هی مەیە
بێ شەیتان و فریشتەیە
ئەو دنیایە چووەتە پێستی ژنێکی هەمەدانییەوە
ئەویش کردوویەتی بە چوارینە و
هەڵی چنیووە بە دەوری خۆیدا
تا بزربووە

ئەو چوارینانە وردە شووشەی خەیاڵی ڕەشەبان
زەردەشتین
کە ڕۆژیان لێ دەدا دەبریسکێنەوە
خەونی درێژیان سروشتە
گریانیان جۆگە و ڕووبارەکانی
گوفتاریان لالەزاری
بیریان بەفری نزاری

---

*پاشا دڵی چووبووە چوارینەکانەوە*
*یەکیانم خستە ناو دەستم*
*هێندەم گووشیبوو*
*کە کردمەوە ڕووناکیی لێ ڕژابوو*
*لە پەنجەکانم ئاڵا بوو*
*هەر ئەو شەوە ناوی من لە ئامیتاوە*
*بووە ژنی لەپ هەتا و*

بەو ناوە بانگیان دەکردم
باڵندە و ماسیی ناو ئاو
هونەرمەند و گۆیندە بە گۆرانی
چوارینەیان دادەگیرساند هەتا بەیانی
لەو خەوەدا هەمووان کوردییان دەزانی

---

*خونچەیەک زمانی کردەوە*
*تا گەورەش بوو*
*هەر زمانی گوڵی زانی*
*دەنگی ئاوێک دای لە گوێی*
*هەر بە ئاوازی ئەو ئاوە*
*دەیچڕی گۆرانی*

ئەسپی سپی غاریان دەدا
لەژێر ئاسمانی لازۆردی
ئەو ئەسپانە بگرنەوە
یەکێکیان ئامیتایە!

---

*هەموو جارێ لە خەونیدا*
*دەشتەکان پڕ دەبوون لە گەنم*
*من بەتەنیا هەموویانم دەدوورییەوە*
*دەمکردن بە شارا*
*هەموو جارێ لە ناویاندا*
*دەسکێك لە هەمووان پڕتر و*
*دەنکەکانی گەورەتر بوون*
*ئەو گەنجەینە ئامیتایە*

له شەوی بەر لە کۆتایی
شەوێکی مۆری قۆڵ درێژ
رێك وەکی کراسی ئامیتا
لە بەردەمی ئاوێنەدا
ئەرخەوانێکی خەمگین بوو
شەوی بەختگرتنەوە بوو
شەوی خەونکردنەوە بوو

---

*ئامیتا لە بەردەم ئاوێنەدا*
*گوناهەکانیش بە ئاسمانەوە دەسووتان*
*وەکی دەنکە گەنم و زیوان*
*ژیان دوو دیوی هەیە یەکیان گوناهە*
*ئامێتا دەیزانی ئەو شەوە شەوێکی درێژە*
*بابل هەمووی لە ئاستیدا*
*سەرەولێژە*

ئەو شووشەیە پەراسووی فریشتەیە کردوومە بە ئاوێنە
چوارچێوەی عاجە
ناوی پڕ سیحر و جادووە
دانە دانەی دووڕ و مەرجان دەردەکەون لەژێریدا
ئەو دۆستە شەرمنە عومرێکە
بە دیارمەوە وەستاوە
هێشتا دڵم لێی نەشکاوە

---

*جار جارە بە دزی تەماشای لەشی دەکا*
*ئەو شوێنانەی پێشتر دیوە، کە فەریك بوون*
*ئێستاش جوانیی جارانیان هەر ماوە*
*ئەوە نەبێ بە ئاستەمۆکە هەندێکیان گەچراوە*

شەوی ئاوێنە یەڵدایە
گۆمی روونی تەماشایە
ئامیتا دەستی پاشای گرت
پێکەوە لە ئاوێ رامان
ماسیی رەنگاوڕەنگ دەرکەوتن
ئەوانە چین؟
منداڵیمن بەدوامدا دێن
هەردێن و زۆر دەبن
هەتا دێن گەورە دەبن
گۆم بەوانەوە جوانە

---

*لێرەوە هەتا زەمان زەمانە*
*ئامیتا لەو ئاوانە نایێتە دەرێ*
*هەرچی پاشایە*
*تا نەکەوێ تاجی داناکەنێ*

ڕێیەك دەبینم تۆزی لێ هەڵدەستێ
ئەوە منم سەفەر دەکەم
ئەی ڕێگەی من لە کوێیە؟
تۆ خۆت ڕێگەی
ئەوانی تر پێتدا دەڕۆن
تۆ دەریای تۆ شەپۆل و گەرداوی

---

*پاشا سەری لە ئاوێنە سوڕما*
*خۆری خۆی دی ئاوا دەبوو*
*دڵ لە دڵ مەدە ئامیتا*
*هەرچەندی پیربم مەیلم زیاترە*
*شەراب چەند کۆن بێ*
*تامی خۆشترە*

شەو هێلانەکی بچووك بوو

جێی هەردووکمانی تێدا نەدەبووەوە

دەنگی فوراتیش کپ نەدەبووەوە

چەند لە یەك دەچن تۆ و فورات

---

*هەموو جارێ هەمان قسە دەڵێیتەوە:*

*ئەو باخچەکانم ئاو دەدا*

*تۆش....*

*حەیف زەمانە*

*جوانیش پیربوو*

*دەگرێ بەهانە*

*لێرەش لە یەك جیابینەوە*

*لەو دنیا یەك دەگرینەوە*

شەوی ئاوێنە تەواوبوو

ساڵی ئاوێنە تەواوبوو

بەفر لە دەرێ نەمابوو

هەمووی هاتبووە ژوورێ

ماڵ هەمووی کریستاڵ بوو

لەش هەمووی کریستاڵ

پاشا هەندێکیانی شکاند

خۆم هەندێکیان

---

*هەر بەو جلە مۆرانەوە*

*ئامیتا چووە گۆڕستان*

*بۆ دیدەنیی خۆشەویستان*

*بەردی کێلەکان هی چیا بوون*

*خۆڵی سەرسنگیان هی دەشت و بەرپیا*

*ئارام بوو ماڵی مردووەکان*

لە کتێبی موغی عاشقدا نووسرابوو:

قوڕ سەرەتایە

بەرد کۆتایە

منداڵی لێ ئاڵایە

---

*لە دیمەنێکی دووردا*

*ئامیتا چارۆگەیەکی سیمداری ڕەشی*

*لە مل ئاڵایە*

*سەری لەسەر کێلێکدا دانایە*

*خودایە بۆ تۆم دوعایە*

*کەسم لێرە نەمایە*

*مردن بۆ من دڵ ئارایە*

پەڕی تاوسێك پەیدابوو

لە نێوان مردووواندا دەنگێك

دەتوت هی نایەکی لازۆردییە

لەوانەی ئاسمان لەوپەڕی تەنیاییدا

بۆ ڕێبوارێکی دەژەنێ

پڕ نائومێدی ژیان کاسەیەکی زێڕ بوو

---

*لە دیمەنێکی نزیکتردا*

*کەس دیار نەمابوو*

*بە تەنیا دەنگ بوو*

*هەر ئەو دەنگە خۆڵی دەنواند*

*لەسەر گۆڕەکان*

*هیچ دیار نەبوو*

*بە تەنیا ڕەنگ مابووەوە لە گۆڕستان*

لە شەوی هەزار و یەکدا

لەش قسەی خۆی تەواو کرد

لە زمانی گوڵدا

کێڵگەکان کە هی پاکیزەیی بوون

کێڵرابوون

باڵندە تۆویان دەهێنا

بەو خاکانەیان وەردەکرد

کە هەمووی جێگە برین و

شوێن پێی وەرزەکان بوو

---

*بەبێ ڕوح هیچ شین نەدەبوو*

له شه‌وانی دواتردا

حه‌رفه‌كانی

كتێبه‌كانی مێژوو

مێرووله بوون

جه‌سته‌ی ژنێكی هه‌مه‌دانیان ده‌خوارد

---

*ئه‌و ده‌فره‌ی كه ده‌بوو شه‌ڕی نه‌وه‌كانی*

*تێدا بكرێ*

*یان شیله‌ی خه‌مه‌كانی تێ بخرێ*

*ده‌فرێكی شكاوه*

*له سووچێكی ژووری حه‌ره‌م فڕێ دراوه*

*كتێبی موغ ده‌ڵێ:*

*ئه‌وه‌ی ده‌شكێ چا ده‌بێته‌وه*

*ئه‌وه‌ی فڕێ ده‌درێ*

*هه‌ڵناگیرێته‌وه*

ئەستێرەیەك

لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێ

خاچی بەملەوەیە

قەفەسێك ماڵیەتی

نوێژی بەیانی هی ئەو ئەستێرەیە

رووم لە قیبلەیەتی

رووناکیی هەرچی کۆشك و تەلارە

پڕشنگی تاج و کورسیی هەرچی پاشا و دەسەڵاتدارە

ناگا بە ورشەی

جوانتر دەردەکەوێ گۆشەی

شەو هەرچەندی تاریکتربێ

---

*بەیانی فێڵباز دەسخەڕۆی دا و بردی*

ئامیتایە

چۆن کانی بگێڕمەوە بناری؟

پەلکی بدەمەوە داری؟

خوێنی ڕژاو بۆ لەشی هوزاری؟

لە سێبەری شمشێری هار

چۆن پشکووت زاری خونچەی لالەزار؟

شەماڵی شیعر دەتوانێ هەڵبکا

تۆزی مێژوو راماڵێ

ئاسمانی وشە نەویبە

بۆ ئاهی ژنێك

هەر ئەمشەو دەچێتە لای خودا

---

بەو هەموو *زامەوە* چۆن *تەماشای دەکا؟*

من راستیی رووناکیم لە تیشکدا
بە چاوی کوێرەوە تەماشای چیم دەکەن؟
بووکی دەریام لە خەیاڵی هەر یەکێکتاندا
گوڵی سووری
ناو دڕکەڵان و دەستی بام
لە کوێوە دەمبەنەوە هەمەدان
دەمکەنەوە بە هەرمێی سەر لکەکانی؟
لەو سەحرایە
کەس قەدری منی نەزانی

---

*شاخێك دەگریێ ئاهـ و فیغانی*
*کوێر دەکا ئاسمانی*

## ئەستێر

خوشکێ لە بنی دەریادا/ مەلێ لەناو زریان

هەور بای هەر دەهاتییەوە

باران بای هەر دەباری

ساڵ بای وەرزێکت هەر دەهات

باخچە بای رەگێکت هەر زیندوو دەبووەوە

خوشکێ بە کێ بڵێم ماوی

بەچی باوەڕ بکەم؟

---

*بەفرێك هەموو ساڵ لە شێوەی ژنێك دەبارێ*

خەڵکی دەپرسن: کێیە؟

*بەفرێك هەموو ساڵ دەبارێ*

ژنێك *هەموو ساڵ* دێتەوە

بەفرێك هەموو ساڵ دێتەوە

ژنێك هەموو ساڵ دەبارێ

بەفرێك

ژنێك

دەبارێ

دەبارێ

دەبارێ

---

*ژن ئاوە لە گێتیدا*

*خودایە*

*ئەو ئاوە هەر گەورە دەبێ*

*ئەو زەوییەش هەتادێ*

*هەر بچووك دەبێتەوە*

ئێسك و پرووسکی ئامیتا باخچەیە
هەر گوڵە و هی بۆنێکی
هەر شەونم و هی شەوێکی
هەر رەنگەو خولیایەکی
پەپوولەی وەرزێکی بابل بوو
هەمەدان هی هەموو وەرزەکان

---

*دوای ئەو هەموو عومرە*
*کەی کاتی پشکووتنە*
*موغی عاشق لە چوارینەی پایزەدا*
*نوسیوویەتی:*
*داری پیر کەی هی چرۆ دەرکردنە؟*
*کەی*
*هی گوڵ گرتنە؟*

لە ناکاو

بایەکی سارد لە بەفری ڕوحیدا

ئاهێك باوەشێکی لێ خڕکردەوە

لەبن دارێکدا کە هێندەی ئاگردانێکی لێ مابووەوە

لەشی ژنێکی کافووریان

لەو بەفرە داتاشی

با وتی قسە بکە

دار وتی قسە بکە

---

*چەند شێوەی لە ئامیتایە و*

*هیچ شێوەشی لە ئەو نییە*

ژنی بەفر قسەی نەکرد
هەتا کۆترێکی سپی
بن زمانی پڕ نەکرد لە گمەی

---

*ئەو کۆترە چەند ساڵ جارێك*
*لەلای باکورەوە دێ*
*بەسەر ماڵی غەریبان دەسووڕێتەوە*
*خۆی دەدا لە پەلکی درەختی حەوشەیان*
*یەك دووانێکیان دەوەرێ*
*ئەو پەلکانە دەبن بە یادگاری و*
*کۆتر دەڕوا بەیەکجاری*

ئەوە ڕێی گەڕانەوەیە

بە دژوارییەکەی دەزانم هی گەڕانەوەیە

ئەی ڕووبار!

سێبەری کۆترێك دیارە

بە پرچی شەپۆلەکانتەوە

ئەو باڵندەیە چووە کوێ؟

ئەی بەرد!

بۆنی کۆترێك دەکەم

بە چەناگە و لاملتەوە

ئەو باڵندەیە چووە کوێ؟

---

*کۆچ ڕوو لە باکورە*

*نامرادن ئەوانەی*

*سەفەریان بەرەو باشوورە*

کێ وتی لە دنیادا نەما ڕاز
ئەوە نییە من شەیدای ئێوارەیەکم
لەوانەی وڵات لە دەستیان ڕادەکا
خۆرهەڵات و خۆرئاوام لەیەك داوە
بۆ کاتی ئاوابوونی
زەوی بەشی ئەو کاتە ناکا
ئاسمانیش بۆی دانانەوی

---

*ئاوابوون هەمووی وەك یەك نین*
*هی سروشت شتێکە و*
*هی مرۆ شتێکی تر*
*کێ وتی، یەکیان بزربوونی ئەبەدییە*
*ئەوی تریان گەڕانەوەی ئەبەدی؟*

قەڵایەك هەس لە دوندی عاسێدا
یەكیان لەناو شارنشینان
خۆم لە وێدام
لەناو خەڵكیدا قەڵامە
نەك لە جێگەی دوور و بڵند

---

*ئەو شارانەی قەڵایان تێدایە*
*خەون و خولیایان جودایە*
*ئەوانەی لەسەر لووتكەدان*
*لە سەرەوە هەر خۆیان دەبینن*
*چاویان ناگا بە خواری خوار*
*شارەكان سروشتی ئێمەیان گرتووە*

ئەی چەخماخە!

لە رەنگتدا زەردییەك دەبینم

لە رووم دەدا

ئەو رەنگەت لە کوێ هێنا؟

لە دەنگتدا هەر دەڵێی من بانگ دەکەی

ناوی منت چۆن زانی؟

---

*ئامیتا لە ڕێگەی گەڕانەوەی*

*قسەی لەگەڵ زۆر دۆستی کۆن و*

*قسەی لەگەڵ ئەوانە کرد کە نایناسێ*

*قسەی لەگەڵ ئەوانە کرد کە دەیانناسێ*

*ئەرێ لەبەرچی دڵم*

*بە قسەی کەستان ئاو ناخواتەوە؟*

لەوە دەترسم ژەهرم
کەوتبێتە ناو میوەکانی ڕوحەوە
یان لەخۆبایی بوونی دەریا
سەری لەجۆگەیەکم تێکدابێ
لەوەش ترسناکتر ئایندەم
لە گیرفانی رابردوودا لێ بەجێ مابێ
ئەگینا لەبەرچی کەس لە من حاڵی نابێ؟

---

*خەونم دیوە هەر دەبێ بێتە دی*
*خەونی بەرەبەیان و*
*هی کیمیاگەر و شاعیران*
*ئەوەی دیومانە هەر دەبێ ڕوو بدا*
*ئەوەی رووش دەدا*
*ئەوە نییە کە دیومانە*
*ژیان لێرەوە غەرقی گریانە*

خەون لە ئەزەلەوە

تۆوی هەلاڵەیە مرۆ هەڵیان دەگرێ

لە شوێنێکەوە دەیانبا بۆ شوێنێك

خڕیان دەکاتەوە پەرتیان دەکا

تا بزریان دەکا

خواوەند خەونیان نییە

کوا خەونیان؟

کە هەرچییان بووێ بلوێ

هەر کوێیان بووێ

بیگەنێ

---

*بەینی ئامیتا و خەونەکان پردێك بوو*

*گریان رماندی*

## دوا شەوی ئامیتا

ئەمشەو بمکە بە دۆستی خۆت
جێگەیەکم لە تەنیشت خۆت بۆ راخە
بە نازی مانگ و ئەستێرەکان دڵم رابگرە
تاریکیش هەرچییەکم لێ بکا
رازیم بە ڕەفتاری
ئەی شەو من و تۆ بۆ یەکتر خوڵقاوین

---

*ئەی شەو من شاعیری خۆتم*
*شیعرەکان کە جگەرگۆشەمن*
*تۆیان چنیوە*
*بە نووکی چراکانیان*
*شاعیری خۆتم بە چریکەی بێدارەکانتەوە*

کەشتییەك لە ئاوێکی تاریك

لەبەر سێبەری تریفەدا

دوو عاشقی بەسەرەوەیە

خودایە! بمکەی بە سەوڵی دەستیان

---

ئەو دوو کەسە کێن؟

لە دوورترین کۆڵانی شەودا

ئاو یەکیان دەناسێتەوە

کەشتییەکیان دەناسێ

یەکیان ئامیتایە دووەم کێ؟

گەڕانەوە کەی وابووە؟

رووبار نەگەڕاوەتەوە

هەمیشە رۆیشتووە

ڕێ کوێرە ڕێبوار دەیبینێ و ئەو کەس نابینێ
بە هەمان شێوە دەرگا
لە دوا شەودا
پاشا بڕیاری بە دەرگەواندا
کۆشك و تەلار خڕ دابخرێ
خۆشی کلیلی حەرامسەرای برد
لەژێر دارێکدا شاردییەوە
بەیانی چۆلەکە دزییان

---

*ئامیتا لە کوێوە هاتە دەرێ؟*
*شووشەی کام پەنجەرە شکا؟*
*درز کەوتە کام میچەوە؟*
*ئاسمان لە کام لاوە بردی؟*

ئامیتا دەگێڕێتەوە:

چرای ژوورم کوژاندەوە

خەیاڵ بە کزی دەسووتا

لە پڕ جیڕەی دەرگەیەك هات

تارماییەك لە شێوەی جوانوو باڵی کردەوە

بردمی بۆ سەر فورات

بەناو قامیش و جەنگەڵدا

سەرکەوتینە سەرێ

هەر ئەوەندەی بەبیرهاتەوە

---

*هەموومان لەوێ بووین کەسوکار*

*دۆست و یار*

*لەپڕ بەفرێك باری*

دایە بۆ وا سەرسوڕماوی؟

گەنجینەی زێڕ و زیوی دنیا

بەهای تەماشکردنێکی تۆیان نییە

هەموویان دەخەمە ژێر پێت

---

ژنی بەفر کە هاتە ژووریٚ

یەکەم جار ئاگر حەپەسا بە دیارییەوە

پەردە لەرییەوە

ئاوی سەماوەر هاتە جۆش

زۆر شتی سەیروسەمەرە روویان دا

فەرشی ژێر پێی

پڕ ببوو لە گوڵ و بولبول و

هەمووش دەیانخوێند

ئێستا لەوێ باخەوان نووستووە
دەستی بە مانگی حەسرەتەوە گرتووە
تریفەی بۆنێکی لێ دێ
هیچ میوەیەك نەیگرتووە
بۆنی ئامیتا
لە هەموو شوێنێك پەرت بووە
لەو رۆژەوە ئەو رۆیشتووە
کۆتر لە بابل نەماوە
چۆلەکە کۆچیان کردووە
گوڵ هەموو خۆیان کوشتووە

---

*پاشا لەناو پاشماوەکاندا*
*بایەکی توند لێی دەدا*
*بە زەحمەت خۆی راگرتووە*

درەختەکان هەموو حۆری بن

بابلیش بەهەشت

کەسیان ناگەنە شەوێکی ئامیتا

ئەی مەردۆك من چیم کردبوو؟

ماڵی کێم کاول کردبوو؟

باڵندەی کام دەشت و دەرم لە ئاو کردبوو؟

ئەی شەمش!

تۆ کە هێزی بێپایانی

رۆژت لەبەر خۆت کردبوو

مەچەکی شەوی تاریکت بادەدا

چۆن رێگەت بە ئامیتا دا بفڕێ؟

---

*هەمووی بێدەنگ بوون*

*دانا و زانا و خواوەندەکان*

بابل خۆی خوارد

یەکەم جار پاشاکانی

پاشان باخچە و کۆشك و تەلارەکانی

خۆڵی سوور باری

خۆڵی رەش

زەرد مۆر

یادگارەکانیان داپۆشی

جار جار بای شەماڵێك دێ

لایەکی لادەبا و کەمێکی بەدیار دەکەوێ

---

*ئامیتاش لێرە دەبارێ*

*دەبارێ*

*دەبارێ*

بەفرێك هەموو ساڵ دێتەوە
ژنێك هەموو ساڵ دەبارێ
بەفرێك
ژنێك
دەبارێ
دەبارێ
ئامیتا هەر گەورە دەبێ
کۆشك و تەلاریش چی یان لێ دێ؟

---

*لە دوا دیمەندا*
ئەوەندە فرمێسکم رشتە سەر خۆڵەمێش
ئەوەندە پەنجەم *لەناو بەفرێدا* تەزی
هەردووکیان *لە بەردەممدا*
زیندووبوونەوە
*ئامیتا و پاشا.*

# گەیشتن بەئاگر

## کۆنسێرتی بازاڕ

شەقام فەرشی ئاگرە

شۆستە
زەوی بۆڕ تۆو دراوە
لاوازە ئەوەی تێیدا ڕواوە

دووکان
نووساون بەیەکترییەوە
بەپێچەوانەی خاوەنەکانیان
چایخانە پڕە
تەنیایی لەوێ زیاترە
خۆر کرێکارێکی بێ کارە
لەسەر کورسی
باخچەی گشتی
ڕاکشاوە

لە کۆڵانی ئاسنگەراندا
دڵم لەسەر دەستگا دانراوە
چەکوشێك دەیکوتێ

دارتاش دەیکەن بەلانك

گوڵفرۆش دەیکەن بە چەپکە ڕەیحانە

لە کۆڵانی کوتاڵفرۆشاندا

قوماشێك

دەستی لە دەستم دەخشێنێ

جووتە گوارەیەك بە دزی تەماشا دەکەن

شامپۆیەك کەفی بەفرینی

بە پرچم دادێنی

لە دووکانی وردەواڵەفرۆشێکدا

ئاوێنەیەك لەو دوورەوە

نیگایەکی شەرمنم

لە خۆیدا دەنوێنێ

ملوانکەیەك دەمباتە ماڵەوە

شەوێکی خۆش بەسەردەبەین

لەبن قوببەی

سینەیەکی ساف و لووسدا

بازاڕماڵی هەمووانە و
هی کەسیش نییە
وریا بە!
ئەو ژنەی بەلاییدا دەڕۆی
باڵندەیە
فڕینی لێ تێك مەدە
ئەوەی لە پشتڕا دەیبینی
ئارام و لەسەرخۆ دەڕوا
دیوی پشتەوەی شەپۆلە
ئەوەی هەیەتی داویەتییە پێشەخۆی

گوێ لە دەنگی پێیەکان بگرە
مۆسیقای خودایە
بەر زەوی دەکەوێ
هەریەکەو ئاوازی جودایە
منداڵێك دەگری
پیرێك حەسرەت هەڵدەکێشێ
تۆ
هەردووکیان بە

کەسێك دەست پان دەكاتەوە
دوودڵ مەبە
ڕوحی خۆت
بخە ناو لەپی

هەرچییەك دەكڕی
سەرەتا بۆنی كە
دڵنیا بە لێی بێگانە نەبێ
هەموو شت شایانی ماڵ نییە
لە كۆنسێرتی بازاڕدا
خۆشترین ئاواز
هی دڵە.

چەقۆیەك هەموو شت لەت دەكا
بڕبڕەی پشتیش
دەستێكم بە قەنارەوەیە
ئەوی تر
لەسەر قیمەكێش ورد دەكرێ
چاوم لەناو
سەبەتەی میوەفرۆشەكاندا دەفرۆشرێ
ژنێكی عەبا بەسەری
جوتێ نەعلی دڕاو لەپێ
لەتێكی جەرگم دەكڕێ

پارچە نایلۆنێكی ڕەش
پەنجەكانمی تێ دەخرێ
لەگەڵ پاشماوەكاندا
فڕێ دەدرێ!

لە دووکانی هەلاجێکدا
لۆکە بەفری بیر خستمەوە
چانەبوو ئەو لێرە نەبوو
بارستایی بەژنێکی
بە پوولێك دەبوو

گەسکێك گرتمییە دەستییەوە
مایە و قازانجی رامالّی
بانگی ئێوارە
کۆترەکانی سەر دیواری
مزگەوتی هەڵفڕاند
کۆنسێرتی بازاڕ
بەشەقەی باڵیان
تەواو بوو.

## پرسەی مێخەك

درەخت شین دەگێڕێ
باخچەی گشتی بە پەلکی وەریوو
لەسەر زەوی نووسیووە:
مێخەك لە هەموومان ڕۆی!

پاساری پرسەیان گێڕاوە
گوڵ جلی ڕەنگینی فڕێ داوە
لەسەر کورسییەکان دانیشتوون عاشقەکان
سەریان شۆڕ کردووەتەوە سەر سنگیان
فرمێسکی گەرم دەڕێژن

لە تەنیشت بولبول وەستاوم
گوێم لە سۆز و
هەنسکیەتی
شەوبۆ چارۆگەی هەتاوی کردووەتە سەر

پەپوولە عەتر دەگێڕن بۆ پرسەداران
ئەوەی دێ سڵاو لە من دەکا
ئەوەی دەڕوا سەرەخۆشی لە من دەکا
لە دێرزەمانەوە وایە
شاعیر وارسی جوانییە
کە جوانێك مردووە
ئەو لە پرسەی دانیشتووە.

## پەیکەر

بۆ پیربال مەحمود

لە جیهانێکدا کە توندوتیژی رکێفی کردووە
بیر لە جێگەیەك دەکەمەوە لێوانلێو لە ئاشتی
گوڵ باشترین پاسەوانی بێ
بە دەستی هەمووانەوە
بەرزترین یاڵی هەڵدەبژێرم بۆ دوامالّم
هێمنترین شەقامی بەناوی خۆم ناودەنێم
غەریبترین درەختی تێدا دەڕوێنم
بیر لە خانوو ناکەمەوە

بۆ خۆم و بۆ خێزان
منداڵەکانم دەتوانن
لەژێر خێوەتی شیعرەکانمدا بژین
ژنەکەشم دەتوانێ تا ماوە
لە خۆشەویستیم بخوا و
لەو شارەدا – ئەگەر هات و گەیشتم پێی –

لە گۆڕەپانێك دەگەڕێم
هەموو كۆڵانەكانی بچێتە سەر و
هەموو ڕێبوارەكانی پێدا بڕوا
لەوێش
لە شوێنی پەیكەرێك دەگەڕێم بۆ خۆم
سەر بدا لە هەموو هەورەكان
بەرزتر لە باڵای
ئەپارتمانەكان.

**كۆتایی ٢٠٠٧**

# خۆم

لەناو پیاوەکاندا دیارم
نەکەشیدەم لە سەرە
نە جلی پاشام لەبەرە
نە شمشێرم بە قەدەوەیە
لەوێ لەناو پیاوەکاندا
پرچم پڕە لە پەپوولە
ناو لەپم پڕە لێیان
هەتاو پرسیار ناکات بۆ ناسینەوەم
شەو روخسەت لە کەس وەرناگرێ بۆ سەردانم
لە هەر شوێنێکدا دڵێك لێ بدات
یا پەلکێك بە ئاستەم بجوڵێ
یا پشیلەیەك بمیاوێنێ
من لەوێ سەد کەڕەت حەیرانم
هەر کاتێك چاوێك بنوقێ،
لقێك بشکێ،
یا مێرووولەیەك بمرێ
پرسەمە ئەو کاتە و
لە پێشی پێشەوەی پرسەدارانم

کۆتاییی ٢٠٠٧

## جیاوازی

خەونی من و تۆوی گوڵێك هەمان شتن
دڵی من و باڵندەیەك
رەنگی من و هی جۆگەیەك
جیاوازییەك ئەگەر هەبێ لە نێوانمان
ئەوان تەنیا بۆ خۆیانە
بۆن و لێدان و خورەیان
من هی هەمووان.

**کۆتاییی ٢٠٠٧**

## سەفەر

هەریەکەو لە تەمەنیدا گەشتێك دەگێڕێتەوە کە نەیدیوە
من نە دەمەوێ لە قوببەیەکەوە بفڕم بۆ ئاسمان
نە لە ڕۆژهەڵاتەوە بچمە ڕۆژئاوا
نە لە دۆزەخەوە بە شانی کەسێکی ترەوە
بگەمە ئەوپەڕی بەهەشت
لە ماڵی (گۆتە)دا ئەوەم بەبیردا هات
عەشق لە کوێ بێ ئەوێ بەهەشتە!
خەیاڵ هەر هێندە فریا دەکەوێ
بگەمە ناخی شتە گچکەکان
ئەو گەشتەی من بە تەمەنێك تەواو نابێ
چەند ژیانێکم پێویستە بۆ ناسینیان.

**سەرەتای ٢٠٠٨**

## فەنتازیای ڕەنگەکان

### سپی

سالآنێکی دوور و درێژە بەفر برادەرمە
بۆ هەر جێیەك چووبم بردوومە لەگەڵ خۆم
هەر لە کولووەوە تا بارستایی زۆر
لەناو دڵمدا جێگەییم کردووتەوە
تا ناوم نرا بەفرنووس
ئێستا شوێنێکم نەماوە ئەوی تێ دابنێم
کردوومە بە کاغەز
شیعری تێدا دەنووسمەوە

### زەرد

هەرچی هەبوو لەو ڕەنگە دای پێم
منیش دام بە گوڵ
ئەویش دایە پرچی کچێك
لەناو کتێبەکانمدا
جارجارە تاڵێك دەبینمەوە
بۆنی هەمان گوڵی لێ دێ
کە لە منداڵی ناسیومە

**قاوەیی**

هێندە پەرت بووە
هەر خاك دەتوانێ بیناسێتەوە
ئەو دایکی راستەقینەیەتی

**شین**

هەموو ڕەنگەکان لە نزیکەوە باشتر دیارن
هەر شینە هەتا دوورتربێ
گەشتر دیارە و
بە هەیبەتتر خۆی دەنوێنێ

**سوور**

وام دەزانی هەر خوێن سوورە
یا گوڵاڵە سوورە
نەمزانی ئازاری گیان
سوورترە لە هەر هەموویان



دلشاد عەبدوڵڵا (٢١)

## مۆر

داریك پێی ناساندم
ئەو دارە نەماوە
باخ کە دەگری بۆی
فرمێسکی مۆرە

## ڕەش

چەند ڕەش هەیە لە هێشووی ترێدا
چەند هەیە لە چاوی ژنانی رۆژهەڵاتدا
شەو چەندی هەیە
هەمووی ناکاتە دڵۆپێکی نائومێدی

## نارنجی

ئێوارەیەك بەرلەوەی بكوژرێ
ئەو ڕەنگەی لا دانام
هەر هێندەی كوپەیەك بوو
هەموو شەوێك پیاڵەی خۆمی لێ پڕ دەكەم
ئێستا هەر بەیادی ئەوە
هەموو شەوم نارنجییە

## خۆڵەمێشی

مردن كە هاتە سەر زەوی
ئەو ڕەنگەی هەبوو
هەر جارەو بڵێسەی ئاگرێك لەبیری بردمەوە

## پیازیی

ئەو ڕەنگە مەتەڵە
سپییە و سپی نییە
سوورە و سوور نییە
زەردە و زەرد نییە
ڕەنگی پیرییە
هەموو ڕەنگە و هیچیش نییە.

**سەرەتای ۲۰۰۸**

## بوونەوەرەکانی حافز "هی گۆتە"

**بولبول**

گۆرانیبێژێکی تۆراوە
دڵی بەتیری سەد گوڵ پێکراوە

**پەروانە**

شۆڕشگێڕێکی سووتاوە
بە کڵپەی شۆڕش

**کەو**

گوناهە قاسپەی لەو دوورە
دندوکی بەخوێنی براکەی سوورە

**گوڵ**

هەریەکەیان بۆنی کوڵمێك دەدەن
خۆشترینیان هی شیرازە

**باخچە**

لە باخچەدا چی هەیە چی هەیە چی

غەیری پەروانە و عاشق و بولبول و گوڵ و موڵ چی

**گۆتە لەبارەی حافز:**

ڕوح بووکە و شیعر زاوا

حافز هەم زاوا و هەم بووکە

**دیوان**

بایەك دێ لە ڕۆژهەڵات

بایەك دێ لە ڕۆژئاوا

سێوێك لەو بەینە لاسوورە

ئاوێك دێ لە ڕۆژئاوا

ئاوێك دێ لە ڕۆژهەڵات

کەنارێك بە یەکیان دەبەستێتەوە

هەرچی نهێنی ڕۆژهەڵات هەبوو
هەرچی نهێنی ڕۆژئاوا
هەمووماندا بەدیوانێك
ناومان نا
دیوانی دنیا
ئەویٚ ماڵی هەردووکمانە هی شیعرە
چاوی ڕەقیب بەسە تیرمان تیٚ مەگرە

**گۆتە**

ئەو کاتەی ئیمپراتۆرەکان بیریان لە جەنگ دەکردەوە
گۆتە باسی بولبول و
گوڵ و شەڕاب و حافزی دەکرد
ئەو کاتەی ئەڵمانیا شانازی
بە خۆی و بە سوپای میرەکانی و
بە کۆشکەکانی سەردەمی باروك دەکرد
گۆتە شانازی بە ڕۆژهەڵاتەوە دەکرد
بە دوو باڵی پەپوولەوە میوانی شیرازبوو
ئەو ڕێیە دوورەی بە ڕوح بڕیبوو

دیوانێکی ڕۆژئاوایی بۆ حافز چڕیبوو

شاعیر شتێك دەدۆزێتەوە
کە مێژوو نەیدیوە
کەچی بێ شەرمانە دەیکا بە شانازی خۆی

گۆتە لە گەڕانی بەدوای شارەکاندا
شیرازی دۆزییەوە
لە گەڕانی بەدوای شاعیراندا
حافزی دۆزییەوە
لە گەڕانی بە دوای خۆیدا
خودای دۆزییەوە

شیعر زمانی خودایە
شاعیر داینایە

## گەڵاکانی سەر شۆستە

**دەفتەر**

هەریەکەو دەفتەرێکی هەیە

نەك ئەوەی فریشتەی سەرشانی

چاکە و خراپەیان تێدا دەنووسێ

نەهی نفوس

نەهی دەسکەوت و مایە

دەفتەرێك

لە منداڵییەوە

هەر گریانی تێدا تۆمارکرایە

لەسەری هەر لاپەڕەیەکدا

حیکمەتێك نووسرایە:

گەورەترین سەرمایە

کە هەرگیز لەبن نایە

فرمێسکی منە خودایە!

### نامە "١"

نهێنی نامە ساغ نەبووەتەوە
هەیانە هی دۆست و یارە
هەیانە هی ئەغیارە
جوانترینیان
هی ئەوانەن دوای مردنیشیان گوم ناون
کەس نازانێ بۆ کێ نووسراون

### نامە "٢"

نامە بەفەردە دەگوازرێنەوە
کێشیان سوکە
هەموویان پەپوولەی سووتاون

### ڕەخنە

مەیلە و خێلە
تەماشای شتێك دەکا و
شتێکی تر دەبینێ

**ڕەنجان**

هێندە داوای شتی گەورە و ناماقول دەکەن
دەترسم شتە بچوکەکان
بتۆرێن لێمان
بێ دڵۆپی باران هەور چییە؟
بێ گەڵا درەخت و دارستان چییە؟

**کەنار**

چوارچێوەی ڕووبار نییە
پرچییەتی

**هێڵ**

ژنێکە نووستووە

**حەمامی ژنان**

ئاسمانی شەوێکی تاریکە
ئەستێرەکان
لەوێدا پڕشنگدارترن

**کۆ**

هەموو شتێك کۆی هەیە
مرۆڤ نییەتی

**زێڕ**

خۆر هەموو شتی زێڕە
دڵیشی

**خەون**

پەپوولەیە

چەند ساتێکی کورتە تەمەنی

**نهێنی**

کوپەی شەرابە

تا توندتر دابخرێ

تامی خۆشتر دەگرێ

**ڕۆژنامە**

هەورە کە باری نامێنێ

**خۆڵەمێش**

قەقنەس خۆڵەمێشی نییە

**جگەرە**

شەوێکە بەدیار مۆمێکەوە

دەتوێتەوە

**لێو**

بادەیە لەناو پیاڵەدا

دەمی لێ نەدەی

تامی نازانی

**کراس**

هەورێکە تا تەنکتربێ

مەزەدارترە

ئاسمانی

**بەرزی**

من و باڵندە

بەهرەمەندی

جێی بڵندین

**مردن**

هەندێك جار مردن هەڵدەکشێ

دەبێتە خۆر

جێ دەهێڵێ ژینی کڵۆڵ

لە دەشتی چۆلوهۆڵ

**دوعا**

بمتوانیبا
هەورم ناو دەنا (دوعا)
کە باریبا
تەڕببا هەموو شت بە فرمێسکی

**مانگ**

لە جامە ئاوێکدا جێگەی دەبێتەوە
جوانی بە گەورە و بچووکی نییە

**تریفە**

مانگ لە گۆزەی شەرابدا دەنوێ
بۆیە هەمیشە
مەستە تریفەی

## بێدەنگی

گوڵ کە پێ دەگا پەڕ دەکاتەوە
هەنار توێکڵ فڕێ دەدا
دەم
کە پێ دەگا دادەخرێ

## خوێندنەوە

کتێبێك بخوێنەوە
دەبی بە برادەری
کە زۆرت خوێندەوە
ئەو خۆی دەگەڕێ
بتخوێنێتەوە

## تەلەفۆن

ئەوەی لەوسەر لەسەر خەتە
مەرج نییە کەسێك بێ
ڕەنگە خۆخێك دڵی گوشرابێ
لەوسەری دنیاوە
تەلەفۆن بکا

**پەیکەر**

ئەو هەموو بارانەم لێ دەدا
کەس چەترێکم ناداتە دەست

**دڵ**

ماڵی بێ دیوارە
دەرگەی هەزار هەزارە

**گەرمیان**

ژنی جل ڕەش ناسنامەیەتی

**گۆم**

خەیاڵێك بوو
نەڕژایە ناو ئاوی ترەوە
وشك بوو

**گەڵای سوور**

لە هەر کوێ گەڵای سوور هەبوو
جی پیی خودایە

**خوێن**

لەناو هەموو ڕەنگەکاندا
ڕەنگی ئەو دارەی هەڵبژارد
کە خوا حەرامی کردبوو

**هەمەدان**

هەمەدان پڕە لە سوورە چنار
سۆرترینیان
چوارینەیەکی بابا تاهیرە
بۆ فاتیمە هاتۆ خوار

**گۆڕ**

شەوی یەڵدایە
هەتاهەتایە

**مەسیح**

ئەو پیاوە هەتاکەی
بەسەر سێدارەوە بێ؟

**قابیل**

قابیل کە مرد
بووە زەروو
کەوتە ناو کانییەکانەوە

**نوستالجیا**

هەموو شەوێك خەونێك دێ
دەمباتەوە لای منداڵی
بەرەبەیان کە دێمەوە
سەر ڕێگەم پڕە لە گوڵی کێوی
باوەشێکیان لێی دەهێنم
بۆ ئینجانەی ڕۆژێکی نوێ

**سەرمایە**

خەون باشترین سەرمایەیە
کە لە بنی نایە

**خەیاڵ**

دنیا چەندی بچووکیش بێ
جێگەی خەیاڵی تێدا دەبێتەوە.

## دۆن کیخۆته

مەسیح بە پەناهەندەیی نەچووە ئەورووپا
بە پاپۆڕی قاچاخ نەپەڕییەوە
لە کەمپدا نەمایەوە
لە ئۆرشەلیمەوە بە کەژاوە بردیان
لە فڕۆکەی ئیلهام دابەزی و
سێدارەشی هەر بەکوڵەوە بوو
پاشاکان سەرەنێزەیان لێی دەدا
قوربانیش دەیانخستە دڵیانەوە
........... خەونەکەم لێرەدا پچڕا
پەناگیر لە هەموو شتێك دەترسن
لە پۆلیس و خاڵی سنوور
پاڵەوان کە خەونی بەئازادییەوە دی با وەهمیش بێ
فڕێ دەدا هەرچی کۆتە
لە کەس ناترسێ وەکی دۆن کیخۆتە.

# سۆناتای باڵندە

## دۆناو دۆنی دەق

بۆ گۆرگیس وەردە

سۆناتای باڵندە″ وەفایێکە بۆ فەقێ تەیران، ئەو شاعیرەی لە سەردەمی بەراییدا شیعری لە زارەوە گواستەوە بۆ سەر کاغەز بەبێ ئەوەی لە کاغەز دڵنیابێ! جا ئەو چوزانی میللەتەکەی وابەستە نییە بە پەڕەکانی ڕوحی خۆیەوە. نازانم فەقێ هیچ کتێبی هەیە لەبارەی باڵندە یانا، ئەگەر بە حسێبی ناوەکەی بێ دەبێ هەیبێ. ئەوەی من کردوومە کارێکی قەقنەسیانەیە، فەقێم سووتاندووە تا لە خۆڵەمێشەکەی ئەو دروست ببمەوە یا بە پێچەوانەوە خۆم سووتاندووە بۆ ئەوەی لە خۆڵەمێشم فەقێ دروستبێتەوە، بە هەردوو بارەکەی مەبەست زیندوو مانەوەیە، لەوەشدا شاعیر و قەقنەس لە یەکتر دەچن، هەردووکیان لە ڕێی سووتانیان بە زیندوویی دەمێننەوە. دەقی سۆناتای باڵندەشم پێشکێشی شاعیرێکی لەبیرکراو کردووە کە بە زمانی ئارامی لە ڕۆژگارێکی زۆر گرینگدا شیعری نووسیوە. گۆرگیس وەردە کە خەڵکی عەنکاوە بووە، ئەو چەندان دیوانی هەیە، یەکێکیان باسی ژیانی خەڵکی هەولێرە لەو سەردەمانەی شارەکە لەلایەن سوپای هۆلاکۆوە گەمارۆ درابوو، ئێستا هەندێك لە بەرهەمەکانی لە ڤاتیکان پارێزراوە. فەقێ و گۆرگیس دوو لووتکەی کێوی بەفرینن، ئەوەی لەبارەیان زانراوە کەمە و زۆریشیان بزرە و ناخی هەردووکیشیان دەریای بێ بنی شیعر و شیعریەتە.

ئەم سۆناتانە دەستنووسی بزربووی فەقێی تەیرانن
کەس هیچیان لەبارەی نازانێ
هێندە هەیە، باڵندەیەك
کە پێشتر پەری بووە لە پەرییەکانی (مۆکس)
لە سووتان ڕزگاری کردوون
چیلکە بە چیلکە هێناونی
لەبن میچی ژووری شیعرێکم دایناون
پاشان هێلکە تروکاوە
ئەوەی باڵەفڕە دەکا
زەرنەقوتەی منن لە هێلانەی فەقێ!

ئاوازی تۆراون لە مۆسیقا
قورینگی دابڕاو لە قەتار
فڕیون بۆ دوورترین کەنار
تووکی نەرمیان فڕێ داوە
پەڕی تیژیان لێ ڕوواوە
نەوە دوای نەوە شێوەیان گۆڕاوە
نەغمەی شیرین و
گەرمای سینەیان هەر ماوە
ماڵم پڕ بووە لێیان
دنیام پڕ بوو لێیان

لە کۆنەوە
هەر باڵندە چووەتە ناو خەون و
هەر ئەو ئیلهامی بەخشیوە بە میر و شاعیران
سپی بووبێ بووەتە مایەی  ئاوەدانی
ڕەش بووبێ هی ماڵوێرانی
ئەشقیا و سیحرباز گرتوویانن
هەر یەکەو بۆ مەبەستێك لە قەفەس داینـاون
شاعیران قافیەی باڵیان کردووەتەوە
کێشیان ئازاد کردوون
جریوە و چریکەیان هێناون
دەنکەمرواری مەغزایان چاندووە تێیاندا
هەندێك جاریش لە جێی ئەواندا گریاون
یا هەر بوون بەیەك
بە یەکتر ناسراون
وەکی فەقێ و فەریدەدین.

دەنگیان بە ڕۆژ جۆرێکە بە شەو هەزار
برۆ گۆرانی خۆتیان لێ بچڕە
مەرگی خۆتیان پێ بفرە
ڕەنگین بە بەتووکیان
سەنگین بە بەئاهی گەرمیان
ئەوانیش چەشنی مە غەریب و گرفتار
لەبەر ڕاوچی و ئەغیار

منم فەقێی تەیران!
قوببەی شیعرم هەڵدەتەکێنن مەلەکان
ئێوارەم پڕە لە پەڕی شکاویان
شەوم پڕە لە ئاوازی خنکاویان
نیشانەی عەشقی ناکامن ئەوانە
خەیاڵم لەسەد جێ شکاوە لەگەڵیان
ماندووە سۆناتام بەدەستی فلووتێکەوە
ماندووە کتێبم بە دەستی ڕستەیەکەوە
ماندووە زمانم
ماندووە ڕوحم بەدەستی شیعرەوە

خوێنیان لێ دەچۆڕێ باڵندە
گوڵاویان لێ دەچۆڕێ
هەندێکیان هی سەردەمی منداڵین
ئەوانی تر بە پیری هاتوون
لەگەڵمدا ڕاهاتوون
خەونیشم لەگەڵدا دەبینن
ئاخۆ لەگەڵ منیش دەمرن؟
سیحریان لێ کردووم
سیحری شین مۆر خەنەیی
ئەو هەموو تەلیسمە چی لێ دێ
کێ بەتاڵیان کا
چریکەم یەکجاری ئازاد کا

کۆت و پێوەند دەشکێنم
هەر دەخوێنم و دەخوێنم
سنگی خۆمیان بۆ دەکەمەوە
ڕقی خۆمیان دەدەمێ بیخەنە دەم ئاوەوە
کە من ئەو هەموو عاشقە خەمگین و
ئەو هەموو مۆم و بخوورە میوانم بن
تاریکیم بۆ چییە
لە کێی دانێم؟
شیر لە چی بسووم
تیر لە کێ بگرم
نیشانە کێ بێ ؟

بە پەپووەسلێمانە دەست پێ دەکا
کتێبی نەغمەی جیلوەدار
سۆناتای بێ شومار
مەنتیقی باڵندە ئاوەهایە
مەنتیقی رووبار و بایە
ئەو باڵندەش حیکمەتخوانە!
پەپوو سەری دەلەقێنێ بۆ ئەو جۆرە قسانە
ئاگر دەچێ بۆ لای پووش و
ئەویش ئاگر ڕادەکێشی
(ئەو ئاگرە منم فەقێی تەیرانم
هەر زمانی بلێسەیە دەیزانم)

پەپوو ئاوی دیت لەژێر زەویدا
دنیا لە شێوەی خەمێکی گەورە
چۆکی دادابوو بە سەریدا
بەرسیسی عابد بانگی ئاوی کرد
ئاو شۆڕشی بەرپا دەکرد
لە کەند و جۆگان جێگەی نەدەبووەوە
لە تخووبان تێپەڕ دەبوو
بیستووتە ئاو وڵاتی هەبێ
یا مەملەکەت و میرنشین
ئاو هەر ئاوە
لە شاخ هەڵبقووڵێ یا لە چاوی منی خەمگین

ئەی ئاو!

ئاو و ئاو بمبە لەگەڵ خۆت

من و تۆ لەسەر یەك دینین

هەردووکمان لە سەرچاوەوە کە بە شیرینی هاتین

تاڵ نابین بە دەستی ئەم و ئەو

هەردووکمان حیکمەتمان لە سەرەتادایە

کۆتایمان هەرگیز نایە

هەردووکمان

لەژێر ئاسمانی شیندا ئارام و لەسەر خۆین

بێ ئامانین

لە تاریکی و شەبەیخون

ئاو لە هەر شوێنێك بێ

ڕۆژ لەوێ هەڵدێ

نە ڕۆژ هەڵاتە ئەو شوێنە نە ڕوژئاوا

هەر ئاوە و هەر ئاوە و هەر ئاوا

پەپوو راست دەکا

ئاو تامی منداڵی لێ دێ

تا دەمرم دەستم بە دامێنی ئەو تامەوەیە

(زیندان لە بیری نەبردمەوە

برادەرەکانی لە بیر نەبردمەوە

کۆت و پێوەندیان خستە پێم

کەچی من هەر دێم

هەور و بارانم

منیش فەقێم فەقێی تەیرانم)

دارسمەی خاڵدار سنگم کون دەکا
دێنە ژووریٚ
دندوك گەورە و هی بچووك
پیٚ لووس و تووکدار
کاکۆڵ قیت و بەرزگ خەتدار
نەشئەمە هەناسەیان
جەستەمە سفرەیان
لەژێر زمان و لە بەینی ددان و
ژێر برژانگم دەبریسکێنەوە
هەر ئەوانن
هەتا مردن لەگەڵم دەمێننەوە



دلشاد عەبدوڵلا (٢٣)

سڵاوتان لێ بێ باڵندەی بەیانی
هی نیوەڕۆ ئێوارە
سڵاوتان لێ بێ باڵندەی شەوان
هی وشکایی یا ئاویی هەمووتان
خوداش سێبوری پێتان دێتەوە
دەوری عەرشی پڕ کردووە لێتان
لەوم بیستووە
ئاسمانی بۆ ئێوە دروست کردووە
تا ئارامتر بێ جێتان

وتم کۆتر فریام کەوە
هەر لەوەی نوح  هەتا گەردن شەڕابییەکەی گۆنای یار
گەیشتنە کەناری خەیاڵ
گۆم پڕبوو لێی دەڕژا سەرخۆشی
دڵ پڕ بوو
دەستم لەناو هەوای  سارد ڕاگرتبوو
فریادڕەسێك کوانێ؟
پووش و پەڵاشی ئومێدی لەسەر دانێ
دەستم بە چڵ شوبهاند ئەمما چڵی پایزانە
کێ دەنیشێ لەو شوێنانە؟
وەکێ با لاشەی گەڵام ڕادەکێشا
وەکی سەبا هەر ئاهم هەڵدەکێشا

بە هەویای قومری چوومە سەر هەردێك
کەوتمە داویەوە
شەرابی لاملی دامێ خواردمەوە
شینایی باڵی دامێ کردمەوە
لەوساوە هەر دەفڕم
شینایی تەواو نابێ
گەروو شینەی کلك باریك بە تەمای چییە؟
ئەو هەموو هێلکەی داناوە
دنیا تاسەر بۆ کێ ماوە
بستە خاکێك کوانێ
مانگ تریفەی لەلا دانێ؟

پەڕەسێلکەی پاشەڵ سپی
لە نامەیەکدا دەنووسێ:
متمانە دەکەم بەفەقێ!
گەنجینەی خۆمی لەلا دادەنێم
پاش من ئازادە دەیدا بە هەرکێ
ئارام بە ئەی دۆست
ئەی دۆست ئارام بە
ئەو سەروەت و سامانە
شاعیران پاراستوویانە
نە بە هەوەنتە کۆ دەکرێتەوە
نە هەموو کەسیش پێی هەڵدەگیرێ

فەقێ هەتا مرد ڕاوی نە دەزانی
متمانەی نەبوو بەگەنم کە دەخرێتە ناو داوەوە
خووی باڵندەی هەڵگرتبوو
مەرایی نە دەکرد بۆ پاشا و میران
لەگەڵ ڕووبار دەیکرد تەگبیران
چۆن بگەڕێتەوە مۆکس و
جێی ئەو هەموو باڵندەیەش بکاتەوە
لە گیرفان و
لەسەر شان و
ناو جەمەدانی و فەقیانە
لەگەڵ خۆی بیانباتەوە لای منداڵی

فەقێ دەگێڕێتەوە:

لە باخێکدا دوو بەدوو دانیشتبووین
من و بووکەسوورەی مەیلە و نارنجی
هەورەتریشقەی ناحەزێك
ژوانی لێ تێك داین
ڕەنگی خەت و خاڵی ڕژاند
سنگی پژاند
باڵی چزاند
دنیا هەمووی بوو بە نارنجی
کەس نەبوو خڕی کاتەوە
خۆم پڕ کرد لێی
لەو ساوە فەقێی نارنجیم!

فەرهەنگی شیعرم پڕ بوو لە وشە
هەمووی نارنجی
سروشت داخرابوو بەسەریەك ڕەنگدا
ماڵ داخرابوو بەدەرگەی نارنجی
سوخمە داخرابوو لەسەر نارنجی
بۆ هەر كوێ دەچووم هەر نارنجی بوو
هەر من و نارنجی
خزم و كەسە ڕەنگەكانی ترم لە كوێن؟
برادەرە ڕەنگەكان لە كوێن؟
باڵندە ڕەنگەكان لە كوێن؟

تاوسێك بەئاگای هێنام
چووبوومە خەونێکی قووڵەوە
شێخی سەنعان بووم بەدیار کچە ئەرمەنەوە
بێ ئاگر دەسووتام
بێ تیغ دەکوژرام
ئەی تاوسی بەیانی
ئەو هەموو رەنگەت لە کوێ هانی؟
لێرەوە تا مەملەکەتی ڕەنگەکان چەند دوورە
لێرەوە تا ئەوێ
چەند ڕەنگ لەدایك دەبێ چەند دەمرێ؟
هەر ڕەنگە و چەند قوربانی دەوێ؟

قورینگی شینیتەنیا لەگوێ ئاوێکدا
دیمەنێکی پێشتری هێنامەوە یاد:
ژنێك لەو شوێنە خۆی دەشوات
چەند بەبریسکەن دڵۆپی
سەر لەشی هەردووکیان
ئەو قورینگە شین نەبا لەو ژنە نەدەچوو
شین هەردووکیانی خڕکردبووەوە
کە شین نەما
هەردووکیان نەمان
ڕەنگ ئەو شوێنەی نیشان دام
ڕەنگ قورینگ و
ڕەنگ ئەو ژنە بەبریسکەی نیشان دام

باڵندە لە دڵی خوا دەگا
دەزانێ حەز ناکا تەماشای خوارەوە بکا
نەبادا مەخلوقاتی خۆی ببینێ
زەلیل و تێکشکاو
بەجلێکی شڕی دڕاو
کە بارانی شەرمەزاری لێی دابێ
پێچ و پەنای لەشی تێیدا دیاری دابێ
هەر کەند و لەندێکی
بەهەزار پینەوپەرۆی ڕوح چارە نابێ
یا پێچەوانە ڕووی دابێ
ڕوح شکابێ  لەش بۆی تیمار نەکرابێ

شەریکی خۆشی و ناخۆشیمانن
شەریکی شەڕ و ئاشتیمانن
زیقاولەیەکی بەر زگ بۆر ببووە میوانم
کاکۆڵی قیتی بادەدا و
دەیگێڕایەوە:
جەنگێکم بەرپا کرد
ئەو کاتەی
خەیاڵی گەچراوی دوژمنێك
لێم نزیك بووەوە
خەریك بوو هێلانەی خاڵخاڵم تێك بدا
زیقاولە وتی،
هێلانەی من و نیشتمانی تۆ فەرقیان چییە؟

ئەوسا تێگەیشتم لەبەرچی فەقێیان
ئەوسا تێگەیشتم لەبەرچی فەقێیان
خستبووە زیندان
دەفتەر و قەڵەمیان لێ سەندبوو
ئەو باڵندەی فێری یاخیبوون کردبوو
کردبووی بەگژ سروشتەوە
هێنابوویە ناو هەوای ئازادی کتێبەوە
ئەگینا زیقاولەیەك
کە هەر هێندەی لەپی دەستێك بوو
ئیلهامی ئەو هەموو متمانە و
چریکەی ئەو هەموو باوەڕەی
لە کوێ هێنابوو؟
کێ فێری کردبوو؟

پەڕەسێلکەی منداڵی
قووڕ و لیتەی لە ئەرزی کۆ دەکردەوە
ماڵێکی لێ دروست دەکرد بۆ تەنیایی
کە لەشکرێکی گەورە هات
ویستی ئاوایی داگیر کات
پەڕەسێلکەش لەگەڵ خەڵکی ئاوایی هەڵات
چووە ناو تیش و ڕەوەزان
لەوساوە نەگەڕایەوە
قبووڵی نەکرد ژیانی ئەسیری
هەتا مرد بەپیری

سۆفیلکەیەك سەری پاك تاشیبوو
کاکۆڵێکی باریکی هێشتبووەوە
نە پارەی هەبوو نە موڵك و ماڵ
کەچی نازدارێك دۆستی بوو
پەیمانیان بەیەکتر دابوو
ئەو زێڕی خۆری بداتێ
تا شووی پێ بکات
ئەو سەردەمە هی جۆرە عەشقێکە
ئەدگار و ڕەوشتێکی تازە
باڵندە لەسەر تەختی دادەنیشێ و
ئاشتییەکی سەرتاسەری بەرپا دەکا

لەقلەق دنیا وەکی کرمێك دەبینێ
دندووکی لێ دەدا
بێ ترس قووتی دەدا
کە دنیا گەورەبوو
لە قوڕگی لەقلەق عاسێ بوو
لاقی باریکی لێك داو
ئەو لاسکانەی لە زەوی هەڵقەناند
کە گوڵی سپی لەشێکی گەورەیان گرتبوو
حاجی بێزار بوو لە ئەرزی
هێلانەی بردە بەرزی

ئەوانە هەندێکن لە شیعری فەقێ
مەلی ئەون من دەرگەی قەفەسم لێ کردوونەوە
بورجی باڵندە کرێوە و تۆرانە
هەموو تۆرانێکیش ئاشتبوونەوەی بەدوادا دێ
ئەوان هەمیشە تووڕە نین
هەمیشەش تەباو گونجاو نین
نە شەڕیان شەڕە و نە ئاشتی و پێکەوەژیانیان
گۆڕیان لە ناو بایە
فڕینیان هەتا هەتایە
لەشیان لەئاو
ڕوحیان هەوایە
سروشت هەر بۆ ئەوان مایە

که سیمرخ باڵی لێکدا و

سیحر کەوتە سەر ئەرزی

ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژیساڵی باڵندەیە

کەلووی بولبول دەکەوێتە سەرووی مەستبوون

بیانوویەك هەر دەبێ بۆ خوێندن

کوکوختی لە هەموو کەلووەکاندا هەر شەرمنە و هەر شەرمن

قەقنەس لە کەلووی ئاگرە

دڵسۆزانە تا ماوە دەسووتێ

کەس گوێی لێ ناگرێ

جا کەسی بۆ چییە؟

خۆی کەسی هەموو بێ کەسانە

ئەو عاشقە بێ ئامانە
شەو و ڕۆژی نییە
گەرما و سەرما
هەموو کاتێك ئامادەیە بۆ ژیان
هەموو کاتێك ئامادەیە بۆ مردن
لە شوێنێکدا سووتابێ
لە سەد شوێن زیندوو بووەتەوە
ئەو جۆرە عەشقانە شێت بوونە
ئەو جۆرە مەلانە هی شێتین
بورجی باڵندە بەو شێتبوونە دەست پێ دەکا
هەتا ئەبەدی ئابدین

سینگ سپیلکەی ناو ئاوێ
گەردن ئاقیقی
تیری خۆیم بۆ دەهاوێ
پەڕی شێداری لە چیلکە و چێوان دەچەقێ
هەموو جارێك دێتە لام بەخوێنی نزارەوە
ژوورم پڕ دەبێ لە بۆنیان
لەشم تەڕ دەبێ
ناو جێگەی نووستنم
تەڕبوون هێمایە بۆ جووتبوون
شەو شایەدە لە بەینماندا
خودا وەستاوە بەدیارمانەوە
هەموو جارێ هەموو جارێ هەموو جارێ

فەقێ پەڵاسی قەقنەسی کردووەتە بەری
هەردووکیان لەسەر یەك دینن
کوندەپەپوو دڵڕەقانە
تەماشای مردنیان دەکا
تا کوێر بوون
هوما چاوەڕێ دەکا
لەسەر شانی کامەیان بنیشێ
کێ ئەوی دیکە دەکوژێ
پێستی دەکاتە بەری
باڵی ئەو لە خۆی دەدوورێ
بەدەنگی ئەو بانگ دەکا:

خڕبنەوە گەلی باڵندان
دۆستانی دوور و نزیك
گەورە و بچیك
نەفخی لێدا فەقێ
پەڕ و باڵیان فڕێ دا
تووکیان لە خۆیان کردەوە
دوو دوو چوونەوە ناو کەشتی
گەڕانەوە بۆ پێش تۆفان
بەهەشتیان دروست کردەوە
وەك جاران
ئاگرێك کەوتەوە هەموویان سووتان
لە خۆڵەمێشی باڵندە
جیهانی نوێ دروست بوو.

سلێمانی/ ٢٠٠٧

## گۆڕێك لە درەنگی شەودا

لەو شوێنەی
پونگ و ماخولیا و گیا شینکە
گومبەتە خۆڵێکیان بە خەمگینی داپۆشیبوو
پەڕ و باڵی باڵندەیەکی ڕەسەنم دۆزییەوە
بەر لە من فڕیبوو
نەزیلەی دەرد و مەرەدی غەریبان
پەڕ گێڕایەوە،
لەو جیگە دوورانەوە هاتوون
کە شوشە عەترەکانی تێدا شکاوە
گۆزەکانی لە شێوەی چاوی گریاوە

هەموو شتێکی وەك بەفرە
هاکا تواوە
قوڕی مۆری بەردی زەردی
دەماری دڵی خورپەدار
هەداد و بێدادی خونچە بوون
خاکی سەیروسەمەرەیان بڕیبوو
ئاسمانی تەڵخ و بەرین
ڕزگاریان ببوو لە دەستی سەدان ڕاوچی و
تۆڕی ئاگرین
پەلکە شینکە گێڕایەوە:
دەماریان لێرە پچڕابوو
شەڕکەری کۆنی تەروادە و
هی سەردەمی ئەسکەندەر و سەلاحەدین

بە بەرگی سوور بە بەرگی شین
لە خوێنێکی تازەدا دەگەوزین
چ وەرزێکی بەدوادا هات ئەو مەرگە
چ وەیشومە و بارانێك؟
سەری پەنجەم سوور دەچووەوە بۆ شیعرێك
لە رۆخیدا بە کۆمەڵ شین ببن ئەسرین
بەفریش گێڕایەوە، چۆن
یەکەم جار مەست بووە
کە پڕوشەی داویەتی لەو گۆڕە
خۆڵەکەی هێند گەرم بووە
باڵیان گرتووە کلووەکان
لەگەڵ یەکەم دابارین

سووتاون پەروانە کە نیشتوون
بەسەر پشتێن و جەمەدانی و فیشەکدان
کردوویانن بەگوڵدان
پێویستە هێز لە ڤرجیل بخوازم
بۆ وەسفی شەڕکەرێك
کە دەیوست مەملەکەتی خۆر هەڵچنێ
لە تاریکترین شوێنی سەر ڕووی زەمین
میرێك بوو میری من
چەند ئەنگێزە هەبوو بۆ ژیانی
دە ئەوەندە پیلانگێڕ بوون بۆ کوژرانی

شەڕ، ژوورێك نییە
لە ژوورەكانی نووستن
تا تێیدا بحەوێیتەوە
بایەكە بەچەپۆك لە دار و دیوار دەدا
هێڵەكانی یاریكردنی ناو خۆڵ
لە منداڵەكان تێك دەدا
ناسكترین شوێن دەبڕێ لە لەش و
ڕوح تێك دەشكێنێ بەسەر یەكتردا
لە مێژووی بەشەردا
شەڕ هەمیشە جوانترین شت بزر دەكا

لەژێر داری سماق و خەیاڵ و کرۆسك و حەلوچکەدا
خوێنێکی کۆن تازە ڕژابوو
ڕێچکەی بەستبوو هەتا خوار
سەرخۆش ببوون مار و مێروو و فڕندە پێی
ئاڵابوون لە قەدی دارێکی کەڕدا
میری من بە دوو دەست لەو دارەی دەدا
لە منداڵییەوە
تامی کرۆسك کەوتبووە زاری
لە زمانیدا ئەو تفتییە هەر مابوو
لە بێ کەسیشدا زەردییەکەی

چۆن پرتەقاڵی دڵی خۆم
فڕێ دەمە ناو شەڕەوە؟
زۆرینە و زاناکان دژی بیدعەن
میری ئاگردز بەتەنێ وەستاوە
ئاگری بۆ داخراوە
فەرمانی سوڵتان بەڕوویدا هەڵواسراوە
ئاگر ترسناکترین بیدعەیە
فەرمان ساختەترین نووسراوە

ً

چارەنووس بردمییەوە لایان
هەریەکەو دارێك بوون
هەریەکە و نەشئەی گەوارایەك
تەمەن بەچ ئاوازێك دەست پێ بکا
بەو ئاوازە دەڕژێ
بەڕەنگی سوورەوە کرۆسکی کوژراوم
سرودی بەدوای خۆمدا راکێشراوم
ئەو بەیانییەی
هەتاوی پایز لێم هاتە ژوورێ
سەبەتەی ڕوح پڕ بوو لە گوڵی زەردی
مەملەکەتی خوم لێیان هەڵچنی
تاجی شاهانەم لەسەرنا
لێرە زۆر شتمان جودایە
هەموومان منداڵی گەورەین
گەورەی هەمیشە منداڵین

بچوکترین مێرووش دەتوانێ
بە جەستەی گوڵدا هەڵگەڕێ
بەڵام ئازاری بولبولە کە دەیکا بە گوڵستان
میری من میری خەونەکان
موڵکی، بەرووبەری زەوی و بە ڕەز و باخات و
بە ژمارەی ئەسپیندارەکان ناپێورێ
خەونیشی بە ڕۆژ و ساڵ
میری من هەر دەفرێ
بۆ وڵات و مەملەکەتان
لەوێش جێگەی نابێتەوە
جێ دێڵێ تەلبەند و قەفەس و سنوور
دەبڕێ ڕێی دوور
ئەو گومبەتە خۆڵە خەمگینە

پونگ و نەعناع گرتوویانە لە خۆیاندا
پەڕ گێڕایەوە،
ئەو خۆڵە دەکولا
وەکی ئاوی ناو کاسەی سەری ئەو کەسەی
کە سیحری لیٚ کراوە
مشتێك لەو خوڵەم
خستە ناو پەڕەکانی کتێبێك
کتێب چوو بە گژ شمشێردا
خستییە ژێر حەرفەکانی
ئێستا هەموو شت بزرە
لەناو لەعلی ماناکانی

لەناو كتێبخانەكەمدا
زۆر كتێب هەن لەبارەی شەهید و
شۆڕش و سۆفی و زەندیق و حەرامزادەكان
دڵم بەو ئاگرە خۆشە
كە چەند ساڵ جارێك
ئاگر دزێك
دەیخاتە ناو كتێبەكان
تەختی پڕ مۆرووی زەڕكەفت نەخشینیان دەسووتێ
هەموو حوكمێك بەیاخیبوون دەست پێ دەكا
یاخیبونیش دەیڕووخێنێ.

**ئەیلوولی ٢٠٠٦ هەولێر**

## لاواندنەوەی برۆدسکی

**هیچ کەس دوورگە نییە**

"جۆن دن"

برۆدسکی نوستووە. لە دەوری ئەویشدا
ڕووسیا و هەموو قەیسەرەکانی، سەرکردە شیوعییەکانی
نووستوون
سوپای ناپلیۆن لە بەرانبەر سوپای کۆتۆزۆف
سوپای سوور لە بەرانبەر هی هیتلەردا
بەهەموو تەدارەکی جەنگەوە نووستوون
دیمەنەکان وا نیشان دەدەن: شەڕەکان تەواو نەبووبن!
مەیدانەکان بە چەتری ژنە کەلوپەل فرۆشەکانەوە
بەکورسی و مێزی چایخانەکانەوە
بەپیرەمێردەکانەوە، کە دانیشتوون بەدیار هەواڵی بەرەکانەوە

بەپەرداخی پڕ ئاو بەدەست سەرسامییەوە
بەچای ناو پیاڵە و ئیستکانەوە
بەقەڵەمی ناو دەست و پەنجە
بە چاویلکەی کزی چەماوە
بەدیار ڕستەی خەواڵووەوە، هەموویان نووستوون
ئاگرەکان نەکوژاونەتەوە
چراکان خامۆش نەکراون
ئوتۆمبیل بەوانەشەوە کە چەك و تفاق و بریندار دەگوازنەوە
شەمەندەفەر بەبار و سەرنشینەوە
بەوانەوە کە ئاڵایان بەدەستە و لە وێستگەکاندا
ڕایان دەشەقێنن هەموویان نووستوون
ژیانێکی تر چاوەڕێ دەکا
لەو شوێنەوە دەست پێ دەکا

بڕۆدسکی نووستووە، جۆزیف بڕۆدسکی
هەندێك ناوی بەیوسف دەبەن، دەیبەنەوە
سەر تیرەی خۆیان. ئەویش لەلایەن براکانیەوە
خرایە ناو بیری یەکەتی سۆڤیەت و بەرژەوەندی بالآی کۆمۆنیزمەوە.
بڕۆدسکی لە تیرەی ئاو بوو
بۆ هەمووان ڕژابوو
هەر کەسەو دەفری خۆی لێ پڕ کا.
تەمەنی گەیشتبووە شەست و پێنج هێشتا منالْ بوو
کە من ناسیم قژی بۆ دواوە هەلْدابووەوە
ناوچەوانی چۆم و جۆبار بوو
هەر لکەکی لە جێیەك هاتبوو دەچووە سەد جێ
تێکەلْی ئاوی بچووك و هی گەورە دەبوو
وەکی دی بەردێکی لووس بوو
هێندە باری گرانی بەسەردا چووبوو دەبریسکاوە
بەجلێکی خۆلْەمێشی خالْدار لە لێوارێکی (بۆستن)دا
بەدیار بالْندەی کۆچەری ئەو دنیایە هەلْتوتابوو
دەتوت چاوەڕێی کەشتییەك دەکا
خۆی و جوتێك لە هەرچی بوونەوەرە
هەلْیان بگرێ بیانباتەوە بۆ کوێ؟
لافاو هەموو شتێکی لە بیر بردمەوە.

شەو لەسەر شەقام و ناو دارستاندا نووستووە
پەنجەرە لە لا پاڵی ماڵ
دەرگە لە بەردەمی ڕێبوار
درەخت بەلق و پۆپ و گەڵاوە بەجریوە و
باڵەفڕەی مەلەکانەوە نووستووە
خەو لەشکرێکی سپییە لە بەرانبەر سوپای ڕەشدا
بەشمشێری گوڵ جەنگییە
کەس دڵی لای کەس نییە
دنیا بێ باك نووستییە
شاعیر شەرعی خۆی کردیە
ڕمەکان نوکیان لە دڵی برۆدسکی چەقاندییە
پەتی سێدارە لەبەر بەفر و تریفەدا هەند غەریب خۆی نواندیە
تابلۆکە کەس نەیکێشاوە
خۆی خۆی نەخشاندییە
خەو چوارچێوەی بۆ دروست کردییە
سەر و بۆری بۆ داناوە قافیەی ترازاندییە
تەنیا مردووەکان زەرەریان کردییە
ئەوان بەخەو جەنگیان دۆڕاندییە
زیندوو بەو چەکە پشتی جەنگی گەورەی شکاندییە

بڕۆدسکی نووستووە، شەیتان بەشەیتانی خۆی نەیتوانی
نەنویٚ. ڕێوی بەو هەموو فێڵبازییەوە
ژەهر بەو هەموو تاڵییەوە هەموویان نووستوون
لەسەر پشت و لەسەر لا یا بەدەمدا
ئیماندار و بیٚ ئیمان
کار و سەرمایە
ڕێك و ناڕێك جوان و ناشیرین
لە فیلەوە تا مێرووله بەوانەی سێرکیشەوە
هەموو نووستوون
ئاسنگەر بەدیار کوورەوە
دووکاندار بەدیار کڕیارەوە
ژنی نیوە ڕووت بەدیار تەماشاکەرانیەوە
پشیلە بەدیار مشکەوە
یاریکەری هەڵخلیسکانیٚ بەدیار بەفرەوە
بادە بەدیار پیاڵەوە هەموو نووستوون

کە بڕۆدسکی نووست دەمێك بوو جۆن دن نووستبوو
خۆی و برادەرە شاعیرەکانی بەدیار میتافیزیقیاوە
کە هەموو شتی تێك دەدا
خوا و بوونەوەرەکان.
خۆی و ئەسپێ هەردووکیان بوون
خوێنی خۆشەویستییان لە جەستەی بچووکدا
تێکەڵی یەکتری دەکرد، کەسیش بەو کەین و بەینەی
نەدەزانی. جۆن دن سەروەری ئینگلیسی
لەو زیندەوەرە دۆزییەوە، بڕۆدسکی هی ڕووسیای
لە باڵندەی بەرزەفڕدا
ئەو بەچاوی ئەو مەلانە وڵاتی دەدی
ئەویش هێندە دوور کەوتبووەوە
وەکی خاڵێکی ڕەش دەبینرا لە دوورەوە
جا وڵات بۆ هێندە بچووك ببووەوە
لە بەرزاییان نەبینرێ؟

ئێوارەیەکیان، بەر لە نووستنە گەورەکە
برۆدسکی هەر خۆی و زێدی بوون پێکەوە
دەمزانی تازە کار لە کار ترازاوە
کەوتووەتە نێوانمان حەفت کێو
ئەو کێوانە پڕن لە دز و جەردە
لە خەفیە و ئەغیار
تەنیویانە هەرچی عەردە
چی بێژم جانانە بەچی باوەڕت پێ بێنم
کە تۆ هێندەی چارۆگەیەکت نەماوە
بیدەی بەشانی ڕووتی ئانا ئاخماتۆفا؟
لێرەوە تەورت نارد بۆ ئەو سەری دنیا
بۆ کوشتنی ترۆتسکی
باوەڕ بەچیت بهێنم چۆن متمانە بکەم پێت؟
ئەو هەموو خەڵکەت بۆ بردە سیبریا
بۆ خۆراکی بەفربوو؟ جا بەفر ئەو هەموو

لاشە لاواز و شەکەتەی بۆچی بوو؟
بۆ کێ دەیهاڕین؟
سوپاسی خەو دەکەم کە هات و هەموومانی
بردەوە لای خۆی. سوپاس بۆ مردن
ئەوەی هەبوو هەمووی بەپێوانەی خۆی پێوای
کامەمان خەونی زۆر بوو ئەو دەوڵەمەند بوو
هەژار ئەوانە بوون کە خەونیان نەبوو
خەونی شەوێکیان بەهەزار دەردی سەری پەیدا دەکرد
خەونی سبەی، خوا خەونی سبەینێیە!
دەزانم خوا ئەوەیە کە سبەی لەگەڵماندا دەژی
بەڵام ئەویش پێویستی بەخەونە
بۆ سەردەمێکی ترو ژیانێکی تر

برۆدسکی نووستووە، باڵە قورسەکانی لەسەر کەنار
ڕاخستووە. من و دەیان شاعیری ڕۆژهەڵات بەرێوەین بۆ لای
دەیان شاعیری ڕوژئاوا بەرێوەن بۆ لای
بەشەرعی ئەو هەموومان باڵندەین
چ تۆرێك خەونی زڕ بەو هەموو باڵندەیەوە دەبینێ؟
چ ڕاوچییەك سێرەی گرتووە لێمان؟
کۆچی باڵندە ئاوهایە
هەندێك دەپێکرێن
هەن باڵیان دەشکێنرێ
کەچی هەندێکیان هەر دەگەن بەدارستان.
مەل بەگەورە و بچووکی نییە
ئای ئەگەر گەیشتم و نەپێکرام

بەچاوی خۆتان دەبینن
چۆن هێلانەم پاراستووە
نەمهێشتووە گوناهـ بیگاتێ تاوان تێکی دا
چۆن گریانم کردووەتە شورە بۆ قەڵای ژیانم
ئەو هەموو تیرە ژەهراوییە نەیپێکاوم چوزانم
دەنگم ئەگەر بڵندیش نەبووبێ لە بڵندانەوە هاتووە
خوی بەفری گرتووە بەکلو باریووە
زمانم بەڕەنگی ئەو نەخشیووە
شاعیری بەفریش بم هی کلوەکانیمە
گیرۆدەی زیندەوەرە بچووکەکانیمە

ئەو خەونە نارنجییە تۆخانە کە دەڵێی ژەنگن بەژیانەوە
نوساون، کە بەری قورسن بەلقی نائومێدییەوە
هاتوونەتە خوارێ، کێ لێیان دەکاتەوە؟ کە باخەوان هەموو
نووستوون، کە فریشتە نووستوون، کە سوارە بەفرینەکان
نووستوون. ئەو بەفرە هەتا دێ بەرزتر دەبێتەوە
چەند تەنیا ئەو هەموو ڕوحە ماندووانە دەگێڕم
چ زەنگێك بەئاگایان دێنێ، کە مەسیح نووستووە،
حەلاج و مەولانا و کێ و کێ بەدەوریدا. سفرە
پڕە لە ئازار کێ پێشتر دەستی بۆ دەبا، کێ تا دوا
تام دەیخوا، تا دوا قوم دەینۆشێ؟
ئەوە جەستەی شاعیرە لە بەردەمتاندا، ئەوە خوێنی پڕ
لە ئاوازیەتی لە گەرووتاندا. هەریەکەو لەتێکتان، هەریەکەو
قومێکتان تا ماون نەوە دوای نەوە بیگێڕن.

برۆدسکی نووستووه، جۆن دن نووستووه لە پاڵی
فریشتە و شاعیر و سیحرباز
چەتە و ئەشقیا دڕك و گوڵ
شەڕ و ئاشتی
هەموو دژەکان پێکەوە نووستوون
کە هەستان کێ دەڵێ هەروەکو خۆیان دەمێنن؟
خەون بەو رۆژەوە دەبینم بشکێ سنووری نێوانیان
بەو ئومێدەوە دەنووم
لەسەر چەرپایەکی شیندا
لێفێك دام دەپۆشێ پڕە لە باڵندە
کە کەس نەیتوانی نازیان بکێشێ
لەگەڵ خۆمدا بردمنە خەونەوە
ئای لەو هەموو باڵندەی خەونە لەو ڕۆژی حەشرە
کەس لێیان ناپرسێتەوە
دەنوکیان خستووەتە ژێر باڵەکانیانەوە
لەسەر چەرپایەکدا لیفێك دام دەپۆشێ شینە

دەبێ بنووم و بەس بێ ئەم  فڕینە
بڕۆدسکی چووەتە جەستەی ئەستێرەیەکەوە
دڵی بە زریوەی لێ دەدا
ئەوەی ڕۆی ناگەڕێتەوە.

**سەرەتای ٢٠٠٨ هەولێر**

**ڕوونکردنەوە:**

«بڕۆدسکی نووستووە ...» بەراوردی بکە لەگەڵ «جۆن دن نووستووە» جۆزیف بڕۆدسکی.

جۆن دن شاعیری میتافیزیقی ئینگلیزە، یەکێك لە شیعرە دیارەکانی بەناوی (ئەسپێ)یە

## ئەنقەرە

شەو و ڕۆژێکە
لە ئەنقەرە دەسوڕێمەوە
دڵم پێشبینی دەکا
گەنجینەیەك دەدۆزمەوە
بەشی هەموو تەمەن دەکا.
دەزانم هەر شارە و سیحری خۆی
بە تەرزەك دەشارێتەوە
هەنە زوو دەگەی پێیان
کۆشت پڕ دەکەی لە ئەفسونی یارانی
چاڤ دەنەخشێ بەدیمەنی
گۆڕەپان و شەقامی ناودارانی
هەشن بەزەحمەت دەیگەیتێ
ناکرێنەوە بەئاسانی دەرگەکانی
بەیانی زوو
جەنتای سەفەر دەکەمە شان

چ سیحرێکی ئەو شارە
بۆ خۆم دەکەم بەناونیشان

دڵم لێ دەدا
لەگەڵ مۆسیقای پایزی
دەست و پەنجەی گەڵاکانی
تەماشام پڕ دەبێ لە ڕەنگی
پەڕیوی ئێوارەکانی
شەقامی (قزل ئای) یەك پارچە سوورە
بە چناری ژنە بەژن درێژەکانی
بەخوێندکارە چەپەکانی
کە دانیشتوون لەسەر کورسی و
دەوری مێزی گازینۆ و بارەکانی

بە گۆرانییەکانی سەردەمی مۆدێرن و
ئای ئای ڕابردووە خوێناوییەکانی.
لە بارێکدا
بەدیار وێنە خەمگینەکانی یەلمازگۆنای و
گیڤارا و ئەحمەد قایاوە
ئاوازە سەربڕاوەکانی خۆم دۆزییەوە
بەسەر تەلی سازێکەوە
گۆرانیبێژەکە بەخۆشی ئێمەوە
سترانێکی چیایی دەچڕی
بۆنی (ڕاکی) لێ دەهات
دەنگدانەوەکانی
شەو و ڕۆژێکە
لەناو کتێبێکی گەورەدا
بۆ وشەیەك دەگەڕێم
لە ئەلبومێکدا
بۆ نیگایەك
ئەو ولاتە هی کامیانە:

هی ئەتاتۆرك

یا پامۆك؟

لە شەقامی قزل ئایدا

کچێکی کەڵەگەت

لەناو ئاپۆڕەی خەڵکیدا

بە بەرچاوی ئێوارەوە دەگریا

هەورێکی نارنجی

ملوانکەی مرواری ملی دەپچڕا

خودایە، ئەی خودا!

ئەو جۆرە مۆروانە هی بنی دەریان

هەر دانەو بەهایان

گرانترە لە هەرچی تشتی دنیایە
ئەو ئێوارە پایزییە لە کوێی هێنان؟
بە دڵ خڕیانم کردەوە
سپێدە
لە فڕۆکەخانە
ژمارەیەك پیرێژن و پیرەمێرد لەگەڵماندا
ئەوانیش دەهاتنە ئەڵمانیا
پریاسکەیان پڕبوو لە خۆراکی جەژن
جەنتای منیش
دوو دەست جل و
چەند دەرپێ و فانیلەیەك و
هەندێك گۆرەوی و
کتێبێکی ئۆرهان پامۆك
لە سوچێکی جەنتاکەشدا

شوشە بۆنێکی نارنجی شکابوو
هەموو شتەکانی لە بۆنی خۆی وەردابوو
لە هەر وێستگە و
ناو هەر پاس و میترۆیەکدا
هەر ئەو بۆنە و
هەر کتێبەکەی پامۆك و
هەر ئاوازە تۆراوەکەی ناو بارەکە
لەگەڵما بوون.

# دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە

## لە جیاتیی پێشەکی:

مـاوەیـەکـی زۆر شیـعـری کـوردی گـرفـتـاری دوو جـۆرە نـەخـۆشی بـوو، یـەکیـان نزیکبوونەوەی لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەو ئەندازەیەی ئەو هەلومەرجە بووبووە کۆتێك بەدەست و پێیەوە ئاڵابوو، هی تریان دوورکەوتنەوەی بوو لەو واقیعە بەهەمان ئەندازەوە وەلێ بە ئاراستەی پێچەوانە.

شوێنێك هەیە دەکرێ شیعر بەشێوەیەکی تەندروست لە ناویدا بژی و نزیکیش بێ لە واقیع و نەکەوێتە ناو داویەوە، ئەو جۆرە ئەدەبە وا دەکا کە بەرهەمەکانمان بۆن و بەرامەی ڕەسەنایەتی هەڵگرێ و تایبەتمەندی وڵات و خەڵکەکەی پێوە بێ و هەموو کات پرۆژەش بێ بۆ ڕاپسکان و یاخیبوون. دیوەکەی تری نەخۆشییەکە کە ڕەهەندی ناقۆڵا و ترسناکی تجرید و وشەسازی و ڕستەی ئاڵۆز و دوورکەوتنەوەیە لە واقیع، کە ئەوەشیان ئەگەر هزر و فەلسەفەیەکی جوانکاری ئەوتۆی لە پشتدابێ ڕەنگە دەبێتە مایەی خولقاندن و هێنانە کایەی تەکنیکی تازە بەمەرجێك شاعیر هەتا سەر لەو شوێنانەدا نەمێنێتەوە.. بەداخەوە ئەوەش لە شیعری کوردییدا شتێکی ئـەوتـۆی لـێ شین نـەبـوو. لـە هـەشتـاکـانـەوە هـەوڵـی گـەڕانـەوە و سەرلـەنـوێ خوێندنەوەی ئەو واقیعە شیعرییە دەستی پێ کرد و بە چەندان کۆسپ و تەگەرەدا ڕێگەی بڕی، تا ئەو کاتەی توانی ڕووناکییەك لە ئاسۆدا بدۆزێتەوە. ئەوانەی توانیان ئەو تونێلە تاریکە دژوارە ببڕن ئەوانە بوون کە ڕوحیان تەژی بوو لە موغامەرە و سەرکێشی، ئەوانەی بڕیان بەو چەندە نەدەشکا کە هەبوو، خولیایان تێ پەڕاندن و شکاندنی قەپێلك بوو. واقیع کاتێك جوانە کە لە شوێنێکدا گیر نەخوا و هەوڵی بەردەوام هەبێ بۆ گۆڕانی، ئەوە باشتر ڕێز لێ گرتنیەتی. هەر ئەو گەڕانەوە و سەرلەنوێ تەکاندانە بوو کە شیعری لە هەندێك قالب و کەوشەت ڕزگار کرد و ئەمەش وای کرد جارێکی تر هاوکێشەی نێوان شیعر و خوێنەرانی بێتەوە گۆڕێ. ئێستا کە بایەخ بەو تەکنیکە شیعرییە تا ئەندازەیەك سادەیە دەدرێ و شیعر لە ڕستەی کورت و هەناسەی قووڵ و کۆپلەییدا بەرجەستە دەبێ، ئەوە بۆ ئەوەیە ببێتە هەڵگری ڕیتمی سەردەمەکەی و مەسجێکە بۆ خوێنەریش، تا بێتەوە ژوان لەگەڵ بەوەفاترین و نازدارترین دۆستی دێرینی خۆی کە شیعرە.

ئـەم چـەنـد دەقـەی لـە بـەردەستدایـە دەچـێتـە خـانـەی ئـەو جـۆرە هـەوڵانـە، نزیککردنەوەی ئاگری شیعرە لە پەرێزی بەجێماوی نێوانی لەگەڵ خوێنەردا..

دەمێکە ئەو جۆرە ئەزموونەم پیادە کردووە لە شیعرنووسیندا و لە دیوانەکانی بەراییمدا هەندێکیانم بڵاوکردووەتەوە. ئەوانەی لەم دیوانەشدا هەن بەشێکیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە و هەمووشیان ساڵی ٢٠٠٩ نووسراون. بەشێکی تری ئەم دیوانە پێوەستن بە شێوە کارکردنێکی جودا، وەکی ئەوەی ئەم دیوانە باخچەیەك بێو بووبێ بە دوو بەشەوە، یەکیان پڕبێ لە گوڵی وەرزیی و ئەوی تر بەشێوەیەکی تر ڕووابن و هەردووکیان ئەنجام یەك باخچەی یەك باخەوانن، ئەگەر قبوڵتان بێ شیعرەکانم بەگوڵ و خۆشم بە باخەوان بشوبهێنم، خۆ ئەگەر واش نەبوو دیوانەکە تووڕهەڵدەن با زیاتر نارەحەتتان نەکا. گوڵ و باخچەش با بچێتە خانەی پێدا هەڵدان بەخۆم و بە هیچی وەرمەگرن.

دڵشاد عەبدوڵڵا

# دیمەنی ڕۆژانە ١

(لە دارێك دەچین هەر پەلكەو هی سەفەرێكە)

لە كتێبە كۆنەكاندا:
ئاوریشم لە چینەوە دەبەنە دوورترین مەملەكەت
بەهـ..... لەوەی ڕۆح دروستی دەكا
تیلماسكێكی بەشی مەملەكەتێك دەكا

سیمرخ دەفڕێ
كەس نازانێ لە كەیەوە دەفڕێ
كەس نازانێ چۆن دەفڕێ
بەو باڵە گەورانەی
هێشتا كەسی نەگەیاندووەتە جێ

لە شەنگەهای کەس بیر لە پیری ناکاتەوە
بوزاش هەر گەنجە
تیشێرتێکی پرتەقاڵی لەبەرە
هەر ئێوارەو
قۆڵی لە قۆڵی کچێکدایە

پەکین گوڵێکە لە باران

لە بازاڕی ئەنتیکە فرۆشەکاندا
گوڵی شووشە دەفرۆشن
بولبولی شووشە.. کە دەخوێنێ
دڵی سوور هەڵدەگەڕێ
هی ئەو بە دوو پاتری قەڵەم
هی من بە دوو چاوی کچێ

هەوا پڕە لە شێ
لە بانکۆکدا هەموو شتێك ڕووت بووەتەوە
هەتا حوداشیان
فانیلەیەکی عەللاگە و شۆرتێکی لەبەرە
جووتێ نەعلی
کردووتە پێ

خوێن دەگێڕێتەوە:
یەکەم جار هێندە سوور نەبووە
ئەو هەموو ناهەقی و زوڵمە
هەتا هاتووە
تۆختری کردووە

کەلێتان دوور دەکەومەوە
هەموو شتێك دەچێتە دۆخی ماناوە
پەلکی دارێك کە دەوەرێ
دڵم دادەخورپێ
نەبادا کەسێك مردبێ

سەفەر هەرچەند درێژیش بێ
بەسمە توێشوی خەیاڵی تۆ
دنیا هەمووی پڕ بووە لە تۆ
ڕۆژ هەرتۆی
شەو هەرتۆی
هەر لە دڵۆپێکەوە تۆی
تا دەریا

که لە سەفەرێك دێمەوە
لووتکەکانی وڵاتەکەم
لە دوورەوە دیارن لەبۆ پێشوازی
بەو پیرییەش
لە سەد گەنجی بستەباڵا ئازاترن

خەون: ناوکی خۆخە
ناخورێ.. فڕێ دەدرێ!
پێ بزانی یا نەزانی
ئەو ناوکەیە دەبێتە دار

فرمێسك: ئەستێرەیە
لە تاریکیدا جوانترە دەرکەوتنی

چرۆ: وام زانی گۆی مەمکە
شێوەی دایکمی گرتووە
گوڵەباخ

شاری بێ ڕووبار نانی ڕەقە

لە بەغدا لە تاران لە دیمەشق لە ئەنکەرە
ناتوانن ڕووناکی قەدەغە بکەن لە باخچە

سوننە شیعە کورد
سێ خوشکن
ماڵەبابیان لێ بووەتە زیندان
هەریەکەیان چاوەڕێی شاسوارێکە
بێو بیبا

زمان: هەنارە
شیعر شەربەتییەتی

سپی ڕەنگی منداڵییە
ڕەش هی پیرییە
شەو و ڕۆژ ئەوە دەسەلمێنن

هەنگ هەزاران گوڵ هەڵدەمژێ
یەك دڵۆپ هەنگوینی لێ دروست دەکا
شاعیر لە هەزاران دیمەن
وێنەیەك پەیدا دەکا

پێم بڵێ: خۆشتم دەوێ
هەتا درەخت گەڵا دەربکا

ڕۆژەکان گوێزن
پووچن
ئەوانەی بەبێ تۆن

چاو قوڵترە لە دەریا
هی ڕەش
دەریایە و لە شەودا

باڵندە
باڵی چەند گەورەتر بێ
فڕینی زەحمەتترە

## دیمەنی ڕۆژانە ٢

### ١

دەپرسێ: ناسنامە چییە؟
پەلەدارێکە لە نەرمەی ناولەپ چەقیووە
چەند دەستی لێ بدەی زیاتر ڕۆدەچێ.
ئەستێرە ناسنامەی هەیە
مانگ هەیەتی
ئاسمان کە دایکی ئەوانە و
سەروەت و سامانی شەو و ڕۆژ هەمووی
لە گەنجینەی ئەودا پارێزراوە
ناسنامەی نییە.
دەپرسم: ئاسمان هی کێیە؟
هەر کەس و هەر شتێك ئەگەر هەر تەنیا ڕەهەندێکی هەبوو
ناسنامەی دەبێ
ئەوانەی فرە ڕەهەند و فرە مانان
دژوارە ناسنامەیەك هەبێ بۆیان

ناسنامەی ئیماندار.. دینەکەیەتی
هی مولحد.. سەرکێشییەکەیەتی
هەردووکیان کە کۆبوونەوە لە کەسێکدا
فرە ناسنامەیە ئەو کەسە.
ناسنامەی دەریا هی هەموو شەپۆل و
هی هەموو ماسی و
هی هەموو چەتە و ڕاوچییەکانیەتی
هی لەرینەوەی بەر مانگەشەو و
هی گەرداوەکانیەتی..
ساکارترین ناسنامەی دەریا ئەوەیە کە ئاوە.
ناسنامەی شەم
سووتانی پەروانەیە
هی بوومەلەرزە چییە؟
شاعیر نەسنامەی نییە.

٢

قەڵات هاتە خەونمەوە – بێتاقەت بوو – لە دەست چۆڵەوانی
ژنەکانی.. بەهەیبەتی ئاودامان درێژەوە
جاران دەهاتنە بازاڕ و قەیسەری
هەریەکەو بای چێشتێك شەرمی دەکڕی
دوو سێ کولەکەی حورمەت و
دەسکێك کەرەوزی جوانیی..
نیوەڕۆ تێپەڕی و هەر نەهاتنە خوارێ.. چوونە کوێ؟
پیاوەکانی.. بە کەوا و سەڵتە و ڕەوشتی مرادخانی
کە ئێوارە دادەهات بەکووڕەکووڕ
بەرباخەڵیان پڕ دەکرد لە دەسکەوت و مایە
گیرفانیان پۆزی دەردەکرد لە فەخر و
لچکێك مەندیلی هێمنی دەکەوتە سەر لا ڕوومەتیان..
شەو هات و هەر نەگەڕانەوە چوونە کوێ..؟
قەڵات خەریکە دڵی دەتەقێ؟

٣

پارکەکان پڕن لە خەڵك
مزگەوت و کەڵێسا
هەموو شوێن پڕبووە
خەڵکی هەمووی لە دەرێن
ناوەوە بەتاڵ بووە

## دیمەنی ڕۆژانە ٣

سروشت دڵی فراوانە
جێگەی ئەو هەموو دارستان و دەریا و سارایەی تێدا دەبێتەوە
بە خۆشەویستی و ئازارە بێ سنوورەکانیانەوە
دەبێ دڵی مرۆڤ چەند بێ
کە سروشت بەو هەموو گەورەیییەوە
لە سوچێکیدا جێگەی دەبێتەوە؟

دایکم لەبارەی خەونەکانم دەڵێ:
کە دێوی ڕەش هات... مەچۆ لەگەڵی
دێوی سپیی هات.. مەچۆ لەگەڵی
تەنیاییت باشترە
لە هاوڕێیەتیی ئەوان.

خەون بەهەموو ڕەنگەکانەوە دەبینم
بەڵام لە هەموویان زیاتر سوور دێتە خەومەوە
بۆیە ترساوم!

لە حەوشەی قوتابخانەیەکدا باڵندەیەك دەخوێنێ:
نەوەیەکی تازە دێ بانگ دەدا
لەسەر دەستی ئەو گۆڕان ڕوو دەدا

سیاسەت! بەخێوکردنی مارە
لە ماڵەکەی خۆتدا؟

گرینگ ئەوەیە دڵۆپە خوێنێك نەڕژێ
خوێن هەمیشە بەفیڕۆ دەڕوات

شەوان.. بەرلەوەی بخەوم
بە بالیفەکەشم دەڵێم: دەنگ بدە
بەوەی خەونی جوانتری هەیە

هەموو شتێك لە مەملکەتدا هەیە جگە لە مانا
هەموو شتێك لە مەملەکەت مانای هەیە
کەس پێویستی پێی نییە

هەر دڕکە دەکرێ بە پەرژین
بۆ باخچە!

کە گەڕامەوە هەولێر
زۆر کەس هاتن بۆ سەردانم
هەندێکیانم نەدەناسییەوە
پیرێك.. سەری لووتی کەمێك قرتا بوو
بە هەیبەت و بێدەنگییەکەی ناسیمەوە
ئیبنو مستوفییە
ئەوی تریان بەهەڕەشە و یاخیبوونی
هەر بەمەزەندە زانیم حاجرییە
وتیان، دەمێکە بەنیازی سەردانین
کەچی لە خاڵی پشکنینی قوشتەپە ڕایان گرتووین
وایان زانیوە عارەبین لەو خوارەوە هاتووین
نازانم لەبەرچی ئەو شارە
جوانترین پیاوەکانی خۆی ناناسێتەوە؟

نەوت زێڕی ڕەشە
زێڕەکەی بۆ کێیە
ڕەشەکەی بۆ خەڵکە

لەوسەری مێژوو گۆڕێك دیارە
چی دەبەی لەگەڵ خۆت؟

دادپەروەرییەك هەیە لە گەردووندا
ناهێڵێ هەتا سەر کەسێك هەر پشتی بشکێ

کە پیرەمێرد (ژین)ی دەرکرد
هەندێك بەگومان دەیان خوێندەوە
بەگومان بوون لە ئاگری نەورۆزی
لە سەدارە و لە چاپخانەی
هەتا مرد دەیانگوت، پیاوی ئینگلیزە!
دڵنیام نۆکەری بێگانەبووایە
دەیانپەرست.

کە مام عەزیزی باخەوان مرد
بۆنی گوڵەباخ بڵاوبووەوە
کە گیو موکریانی مرد
بۆنی حبر و چاپخانە بڵاوبووەوە
هەریەکەو ژیانی بەچی بەخشیبێ
بۆنی ئەو شتە بڵاو دەبێتەوە
بۆیە کە دیکتاتۆر دەمرێ
بۆنی خوێنی ساردی هەموو شوێن دادەگرێ

تۆپەڵە کلیلێکم پێیە
یەکێکیان نازانم هی کوێیە
مەزەندە دەکەم
هی مەرگی خۆم بێ
ژیان لە دوای خۆی دابخا

لە منداڵی... ڕەوەقازێك پەلاماریان دام
یەكەم جەنگ ئەوان بەرپایان كرد لە دژم
ئەوسا دایكم فریام كەوت
تا ئەمڕۆ هەر قازەكانن هێرش دێنن
سوپاس بۆ ئەوانەی بەهانامەوە دێن
لە پێش هەمووشیاندا
دڵنیایی خۆمە
لەوەی هەرگیز ناشكێم

ڕۆژ هەموو بەیانییەك هەڵدێ
بۆ ئەوەی دەست بێنێ بەقژی
منداڵێكی بێ كەسدا

باران خزمەتگوزارێكی باریكەلەیە
بە گەسكێكی گەورە
حەوشە و هەیوانی وڵات دەشوا
كەس نییە مەدالیای دڵسۆزی بداتێ.

# ئیکسیری ئەوانەی لە یاد ناکرێن

**سیحری ئاو**

* بۆ ئیزابیل ئەلیندی

ژنێک ئاو دەدۆزێتەوە
لەگەڵ هەموو دڵۆپەکانیدا
دەنووێ
ئاو شەڕکەرێکی ناقۆڵایە
بە کەس ناشکێ
ئەو ژنە دەیشکێنێ

## سیحری لەش

* بۆ جومانە حەداد

لەش چەمێکە
بەدرێژاییی ئەو چەمە
عەتار شووشە پڕ دەکەن لە بۆن

ئەسمەر شەوی درێژترە لە ڕۆژی
سپیی بەفری ئەستوور ترە
ڕەش هەموو شتێکی زیاترە
کوێرم دەکەن ئەو ڕەنگانە

سک بەردی فەلسەفەیە
ناوك گۆمی پڕ ماسییە

ئاسنگەرێك چەكوشی دەوەشاند
دەمی مانگێكی تیژ دەكردەوە
كە لە نێوان
دوو مەمكی ڕووتدا دیاربوو

جووتیارێك زەوی دەكێڵا
كوپە زێڕێكی دۆزییەوە لە خەونیدا
ژنەكەی لێكی دایەوە:
زەوییەكە لەشی منە
هەڵیبێنە.. كوپەكە چییە؟

## سیحری ڕۆژ

* بۆ نیکۆس کازانتزاکی

ڕۆژ بەوە نییە کە گەورەیە
دەچەمێتەوە
بۆ پەلکێك

دار کە چڕ و هەراش بوو
دەبەسترێتەوە
بەڕەگەکانی

سەما بازدانە بۆ هەوا
لە کوێ خەریکە تێك دەشکێی
سەما فریات دەکەوێ

براكان دوژمنن

قابیل و هابیلن

موسا و فیرعەونن

عەلی و معاویەن

سەدام و خومەینین

....................

....................

دوژمنەکان بران!

خودایە.. هێزی خۆتم تێدا بگێڕە

بۆ سەلماندنی.

## سیحری دایك

* بۆ فاتیمە ناعوت

دایکت بووکەشووشەی بۆ ناردووی
شیعرەکان یاری لەگەڵدا دەکەن
خۆت گەورە بووی

لە ئازەخانە دەرمان نییە بۆ تۆ
هەورێك دێ بارانی خۆیت لێ دەدا
چاك دەبیتەوە

لە شەقامی سلێمان پاشا
گۆرەویفرۆشێك دەگەڕێ

جووتێکی شین دەکڕی
دەیکەیتە پێت
نیل کەمێك تەسکە بۆ قاچت!

ئاپارتمانێك دروست دەكەی بۆ شیعر
دەبیتە دەرگەوانی
نیشتەجێكانی هەموویان تەنیان
تۆ كەسیانی

ئەندازە چەندە شیعرییە
شیعر چەندە ئینسانییە
تۆ هەردووكیانی

فاتیمە ناعوت: شاعیرێكی تازەی میسرە و ئەندازیاری تەلارسازیشە.

## سیحری شەو

* بۆ شەهرەزاد

ڕۆژ لە هانەیەکی ئاگرە
جوانییەکەی
لە گەڵاکانیدایە
کەلوولیان خواردییە
لە دەوری ئەو بۆشاییییە
حیکایەتەکانی تۆ لە هانەی تاریکییە

نازانم کێ یەکەم جار زمانی داهێنا
دایکی زمانەکان کێیە؟
تۆ جوانترین کیژی ئەو دایکەی

خەو حەزی لێ کردووی
هەموو شەوێك شەهرەیار دەنوێنێ
تۆش دەباتە ناو جێگەی خۆی

لە ڕۆژهەڵاتدا گەنجینە زۆرن
هەندێکیان هێشتا لەناو کوپەدان

دەست دەبەی بۆ ناو پەلکەکان
خوخێك دێتە ناو دەستان
دڵی کوڕە عاشقێکە
دێوێك سیحری لێ کردووە

بن هەر بەردی کەنارێك نامرادێکی تێدایە
تۆش هێشتا لە شەوی هەزار و یەکەمدای.

## لەش

سنووری لەش کوێیە؟ لە کوێ کۆتایی دێ؟
هەر ئەوانەن کە بەچاو دەبینرێن؟
دەست چی لەشە؟ چاو چییەتی؟
سك و ناوك یا گەردن و مل چین؟
تا ئەوێ لەشە..؟
یا ئەو هەموو هێڵ و فیگەرانە
ئەو هەموو دەنگ و ئازارانە
کە دەڕژێنە ناو گەردوونەوە
هەروا دەڕۆن و ناگەڕێنەوە؟
لەش لە درێژبوونەوەی بەردەوامدایە
کە دەکشێ
هەموو جار دەچێتە ناو مەتاهەوە

## ئیکسیر

له شەرابی عفریت دروست دەکرێ یا گوڵی وەنەوشەی کێوی؟

که گوڵی شادییه

تەمەنی کورته ئەو گوڵه

قەدەری سەخته ئەو دڵه

ئیکسیری ژیان دەدۆزێتەوە و خۆی بزر دەکا

## زەوی

زەوی پڕە لە خەم و پڕیشە لە خۆشی
هەیە پاشا حوکمی دەکا و هەشە کەس.. بەیار و بەڕیایە
هەیانە تۆخ.. هەشیانە کاڵ (بەگوێرەی کانزا و سەروەتیان)
ئەوانیش وان: کە هەبوونن ڕەنگیان تێرترە
کەس هێندەی مرۆ وابەستەی زەوی نییە
مەرج نییە، سەرچاوەی ژیانییەتی
ڕەنگە هەر لەبەرئەوە بێ ئەو جێگەی قەبریەتی

**جیمس جۆیس**

″ئێرلەندا چییە؟ بەرازێکە بێچووەکانی دەخوا″

جیمس جۆیس چییە؟ دەعبایەکە جیهان دەخوا..

## ئاوەدانی

کە ژوورێك دەبینی پەنجەرەکانی پەردەیەکی ئەستووری پێدا دراوە
یا دەرگەی خرِ داخراوە
مانای ئەوە نییە ژیانی تێدا نەماوە
لەو شوێنانەدا
قۆزاخەی هێمنی نەکراوەتەوە
ئەوەی هەیە لە پەمۆ نەرمتر و سپیترە
شەو بەهەمان شێوە لە هانەیەکە پەلکی تاریکی پێچاوە لە خۆی
دڵی من
لەو جۆرە شوێنانەیە

**قەقنەس**

* بۆ فروخی فەروغزاد

قوماشێك لە ڕەنگی جادووە
لە پێستی قەقنەسە یا پەڕی سەمەندەر
ژنێك بەئاگر دەیشوا
نەژنی پاشایە نە کچی سوڵتانە
خاوەنی ئەو کراسە گرانە
شاعیرێکە
سەروەت و سامانی سووتانە

## زین

ڕۆژهەڵات بادەیە پڕە لە زین
مەم دەستی بۆ نەبرد
نەبادا بشکێ
کێ هەیە وەکو ئەو
قەدری ئەو مەیە بزانێ؟

## لـە سەنگەرێکدا

ئەگەر ژنەکەم لێرەبا

(ئەو ڕستەیە دەشێ جەنگاوەرێك بیڵێ لە ڕەبیەیەکدا)

شتێك لەو ناوە زیاد دەبوو

پێویستمان پێی نەدەبوو

سەنگەرەکە..؟ دەبوو بەجێ ژوان

مەتارەکە..؟ ئاو هەموو کەس پێویستی پێی دەبێ

تفەنگەکە..؟ ئەو زیاد دەبوو

**ئەی. ئێم. فۆرستەر**

″ئەوە چ ژیانێکە، خەڵکی نەتوانن لەو ژوورەدا بمرن کە تێیدا لەدایك بوون″
نێوانی ئەم دوو ژوورە
زیندانی تەلبەندکراوە
لە هەر کوێ بمری دەورت گیراوە
بەگوڵ
یا لوولەی تفەنگ..
مردن یەکە و هەزاران ناوی هەیە
ژیان هەزارە و یەك ناوی هەیە

**ئاوریشم**

بەدرێژاییی ئەو ڕێیە بیر لەوە دەکەمەوە:
کرمێك ئەو هەموو سەلیقەیەی لە کوێ بوو؟

## دڵ

ئەو دڵە بە چەند بکڕم هەرزانە
داری تووە
پەلکی پڕە لە کرمی ئاوریشم.

## دیوی دووەم

### ١

تەمەن بگەڕێتەوە
هەمان ئەو ڕێگەیە ناگرم کە گرتوومە
هەمان ئەو ژنەم خۆش ناوێ کە خۆشم ویستووە
هەمان شت نانووسم کە نووسیوومە...
لە باخچەیەکدا
بەدیار گوڵێکی درەنگی پایزەوە
تەمەن منداڵێکە ژیر نابێتەوە
گریمان.. ئەوەی دەتەوێ ڕووی دا
کە دەگەیتەوە ئەو شوێنەی ئێستا
کۆشت پڕ دەبێتەوە لە گەڵا
دەتەوێ شتێك بنووسی لە حیکمەتی هەودا
هەمان ڕستە دووبارە دەبنەوە:
هەمان ئەو ڕێگەیە ناگرم
هەمان ئەو ژنەم خۆش ناوێ
هەمان...
ژیان بەو چەشنە جوانە
کە هەرگیز تێر نابین لێی.

٢

برادەرەکانم هەندێکیان هی منداڵین
لە مەکتەب ناسیوومن یا لە کۆڵان
هەندێکیان شارستانن هەندێکیان لادێیی
دوور و نزیك بە نامە و تەلەفۆن پێوەندیم ماوە لەگەڵیان
بەڵام ئەوانەی مردوون
لووتکەی دووری تەم داگرتوون
نازانم لە بیریان ماوە ڕۆژێك لە ڕۆژان برادەر بووین؟
مردن دەرگەی داخستووە بەسەرخۆیدا
کەچی هەمیشە پەیوەندیی دەمێنێ
ئەوە نییە کە دڵم دەگوشرێ دەچمە سەردانی گۆڕەکانیان
ئەوانیش کە دێنە خەونەکانمەوە دڵیان گوشراوە
ئایا ئەوە بەس نییە
بۆ سەلماندنی
برادەرایەتی...؟

٣

پێغەمبەرێك لەناوماندایە
بەهەموو جوانی و ناشیرینییەکانیەوە
دڵی بەهەموو شتێکی ئێرە خۆشە
دڵی لە هەموو شتێکی ئێرە دەگوشرێ
پێغەمبەرێکی دژە..
هەموو گریانەکانیمان کردووەتە شیعر
جورئەتی ئەوەم کوا ئەی بۆدلێری هاوڕێم
کە گاڵتەجاڕییەکانیشی بکەم بەشیعر.

٤

مەچووە گۆڕستان
ڕوحی هەریەکمان
پڕە لە گۆڕ
بەگوڵ دایان پۆشە

## سۆناتای پایز

دایكم دەڵێ، تۆ لە پایزدا لەدایك بووی
بۆیە هێندە عەشقی ئەو وەرزەی..
ئاوهاش نەبا هەر پایزیی دەبووم
هەر جارەو شێتی ڕەنگ و خولیایەكی دەبووم
كە دەگەمە كۆتایی ئەم وەرزە ئەوجا دەزانم:
نە ئەو هەموو ڕەنگانە كۆتاییيان دێ
نە خولیاكان دەبڕێنەوە.

لەناو جلەکانمدا جوانترینیان هەڵدەبژێرم
بەجۆرە ئەتەکێتێکەوە کە لایق بە ئەوە
دەچمە پێشوازی
پایز بەرێوەیە
لە ژیانمدا زۆر شتی لێ فێربووم
لە هەموویان جوانتر بێدەنگییە.
چۆن لە ماڵەکەی خۆمدا ئەوپەڕی ئازادی دەنوێنم
لەگەڵ ئەویشدا وام
چۆنم بوێ وا دەجوڵێمەوە
ترسم نییە کەس سەرزەنشتم بکا
ئەویش بێ هیچ سڵەمینەوەیەك
لە بەردەممدا خۆی ڕووت دەکاتەوە.
لە منداڵییەوە برادەرین
هەروەکو دایکێك هەڵسوکەوت دەکا
بێ ئەوەی پێ بزانم کەموکورتیم دادەپۆشێ

کاتێك پێویستیشم پێی بێ
هەموو سەروەت و سامانی لە زێڕ و ئاقیق دەخاتە بەردەستم
لێشی ناپرسێتەوە چی لێ دەکەم.
پایز هەموو جارێ کە دێ
پەلکی دارەکان لە پێشە خۆیدا دەنێرێ
نەوەکو لە ناکاو دەرکەوێ و
کەس بەرگەی ئەو هەموو تەنیاییەی نەگرێ.
ئادەم کە لە بەهەشت دەرکرا پایزی بەسەردا هات
ئەو وەرزە لەوساوە دۆستی نزیکە
دەمێکە هەستم بەو نزیکییە کردووە
ئەم جارە کە دێ بەچاوی خۆی دەبینێ
چۆن چوومەتە دۆخی ئەوەوە
چەند هێمن و دڵگیر دەرکەوتووە ڕەنگی لە تەماشام
پێش ئەو من تەواو ڕووتبوومەتەوە لە باخەکانمدا
سڵ لە کەس ناکەینەوە

## کوندەپەپۆ

کوندەپەپۆیەك بەدوامەوەیە
لە هەر شوێنێك دەخوێنم
ئەو لەویٚ بانگی شووم دەدا
نوێنەرایەتی مەرگ دەکا
بەهێزێکی لە ئەندازە بەدەر دەخوێنیٚ
ترس بڵاو دەکاتەوە
قەناعەتی ڕەش بەرپا دەکا
بۆ هەرکویٚ دەچم بەدوامەوەیە
کاری منی ئێجگار قورس کردووە
شەو و ڕۆژ لە خەیاڵی ئەوەدام
چۆن پێچەوانەی ئەو
حیکمەتی ئومێد بڕوێنم

بۆ خوێنەری بسەلمێنم
پاش ئەو هەموو جەنگە
ئاشتییەکی سەرتاسەری سەردەکا
بەهەموو ماڵێکدا..
دەنگی کوندەپەپۆ تادێ نزیك دەبێتەوە
هەموو شتێکیش داپۆشێ
ڕستەیەك هەردەمێنێ لەو سەرەوە
پەنجەرەیەك هەر دەمێنێ ڕووناکی لێ دێتە ژوورێ
بەپەنجەی باریکی دەنووسێ:
ژیان بەو شێوەیە کۆتایی نایێ.

## له خواحافیزییدا

بۆ سەلاح محەمەد

له کۆلان وەستاون
دەست بۆ تەرمی بەرز دەکەنەوە
کە بە بەردەمیاندا دەیبەن
بەسەرشانی چەند کەسێکەوە.
لە بێ کەسیی شەو ناگەن
لە بێ کەسیی خۆیان ناگەن
کێ دەیانلاوێنێتەوە؟
کە شاعیر دەمرێ
مانگ لەو بەرزییەوە دێتە سەرگۆڕەکەی
لە کۆنەوە واهاتووە
دنیا دەقی بەشاعیرەوە گرتووە
ئەو بمرێ
بێ خاوەن دەمێنێ

سیاسییەکان چەند ڕۆژێکە و پشتی تێ دەکەن
زاناکان دەیکەن بەتاقیگە
مێژوونووس هەر تەنیا دەیگێڕنەوە
چوزانم... ئەوەی دێ و پشکێکی دەبا و بەس
دوو کەس خۆیان بەخاوەنی زانیوە
یەکیان هەر زوو وازی هێنا
شاعیر جێی خواشیگرتەوە هەر ئەو بە تەنیا مایەوە.
لە کۆڵان وەستاون
تەرمی شاعیر دەبەن
کێ دەیلاوێنێتەوە؟
کێ گۆرانی بۆ ئەو هەموو جوانییە دەڵێ
کە دوای ئەو دەمێنێتەوە؟
کێ سەرنج لە گیای تەنیشت ڕێگە دەدا؟
کێ دەبێتە خاوەنی سەرسەختترین خولیا
دژوارترین ئاواز

کێ دەبێتە تاری تەنیایی
کە دڵ هەر خۆیەتی و نییە هاودەنگی
لەوپەڕی دڵتەنگی
کە خۆتانن
دەتانەوێ هەر خۆتان بن
لەوپەڕی ڕاستگۆییدا؟
کێ..؟ کێ...؟
ساڵێکی تر دەتبینمەوە
ژیان بێ شاعیر
چۆن دەگوزەرێ؟

## دڵشاد عەبدوڵڵا

ژوورەکەم کەشتییەکە بەسەر پشتی
تەنیاییەوە
لە بەندەری ڕووناکییەوە
تەکان دەدا بۆ کوێ تاریکە
لە هەر کوێوە دەیکەیتەوە.. ئەوێ
دەرگەیەتی
کلیل گومان دەکا
لە کردنەوەی
بۆنی واهیمە ڕژاوە
هی منە، تێکەڵی
دار و پەردووی بووە
ژوورەکەم هەر خۆمم تێیدا
کەچی بەردەوام دەنگی چەند کەسێك دێ

کەلوپەل کۆدەکەنەوە
جانتایان ئامادە دەکەن
هەندێك سەفەر دەکەن و هەندێك
دێنەوە
ئەوەی بەردەوام لێرەیە
تەنیاییمە.

زۆر بە دوای خۆمدا گەڕاوم
لە خەیاڵ و واقیعدا
لەناو خۆم و کەسی تر و شتی تردا
شەرکەرێك لەناو گەمێیەکدا
ئەوە منم لە کۆنەوە
لە تەروادە دێمەوە
هەر شەپۆلم جێ نەهێشتووە لە دوای خۆمدا
جەنگێکی بێ ئامانیش
بە دوامەوە دەکشێ

ڕۆژ نەیتوانی پشتم بچەمێنێتەوە
شەو داڵدەمی دا
دەرکەوتم لەناو ئەستێرەکانی
بێدەنگیم
گەورەترە لە شەبەنگی زمانم
ئازادییەك بووەتە خولیام بێ وڵاتە
کوێیە وڵاتی؟ نازانم.
ئەلبووم پڕە لە وێنەی شکست
یا سەرکەوتنەکانم
هەمیشە دیمەنی شکستەکانم جوانە
پووچ و بێ مانان هی سەرکەوتنەکانم
لە دوا دیمەندا
باڵندەیەکی هەڵکوڕماوی سەر تەلی
ئێوارەکانم
گاڵتەجاڕییە چریکەی ئاوازەکانم

منداڵی داری هەرمێیە
هەموو ساڵ جارێك زەرد دەبێ

ئاگر نۆ مانگی تەواو کرد لە ناخمدا
نەوەیەکی تازەی دەبێ
کە ئاوڕ دەدەمەوە
دنیا کوپەی شەرابە
تا دێ تامی خۆشتر دەبێ

ژنێك گوڵێکی بە دەستەوەیە
هەردووکیان سیسبوون بەدیار منەوە

شارەکەم پیر بووە لە دووری مندا
چۆن ببم بە گۆچانی؟

گەڕەکەکەمان هی من نەبوو بەمندالّی
ئێستاکە کەسی نەماوە
بزگوڕی هێناوەتەوە لای من

ماڵەکەمان لە کەلاوەیەکدا کەوتووە
نامناسێتەوە
حەسرەت هەڵدەکێشێ بەخوڕ دەگریێ
فرمێسکەکانی دەڕژێنە گلێنەی شیعرەوە

ئای لە شیعری مندالّی و هی سەردەمی
پیری
ئای لە دنیای تامگرتوو
لە کۆشی وشەکانیاندا

دیمەنێکی دوور:
خانوویەکم دروست کرد لەناو
گوڵێکدا
تاپۆم کرد لەسەر پەپوولە
ئێستا من کرێچیی ئەوم
لە گوڵستان
دیمەنێکی نزیك:
ژوورێکم دروست کرد لە پەپوولە
دامە گوڵێك
دیمەنێکی نزیکتر:
پەپوولەیەکم دروست کرد
من لە ئەودام.

## چوارینەی ترازاو

١

### بۆنی واهیمە

ژوورەکەم هەر خۆم بووم تێیدا
بەردەوام دەنگی چەند کەسێك دەهات
کەلوپەلیان کۆ دەکردەوە
جانتایان ئامادە دەکرد
بێزارییان نیشان دەدا
لە پەلە پەلیاندا بەرشتێك دەکەوتن
گوێم لە لەرینەوەیان دەبوو
گەرمایان دەبوو پەنجەرەیان دەکردەوە
ئاوی دەستشۆرەکە دەرژا
وەکی ئەوەی یەکێك دەستوچاوی بشوا

هەندێك، خوداحافیزییان دەكرد
هەندێكی تر تازە دەگەیشتن
ژوورەكەم بەردەوام پڕ بوو لە میوان
هەمیشە پڕۆژە بوو بۆ سەفەری سەرگەردان
ئەوەی هەتا سەر لێرەیە
تەنیاییمە.
بۆنی واهیمە دێ لە كورسیی و مێز
بۆنی واهیمە دێ لە تابلۆی دیوار
لە كتێب و لە وشەی بێزاری بەهەزار
كۆ ناكرێنەوە لە ڕستەی مانادار
بۆنی واهیمە دێ بۆنی واهیمە
لە كیسەی توتن و لە چەرخ و پایپ و فینجانی قاوە
لە حەبی پارسیتۆڵ و لە سەعات و لە یاخچاڵ
بۆنی واهیمە دێ لە هەموو
ئەو بۆنە لە كوێ پەیدا بوو؟

ئەوانە كێن لە ژوورەكەمدا دەچن، دێن؟
هەیانە بەسیماش نایناسم
هەشیانە پێكەوە گەورە بووین
ئێستاكێ لەتبووە ئەو بۆنە
هەیانە هی دوژمنە و هەیانە هی دۆست
ناوێك دەدۆزمەوە بۆنی لە دڵۆپە ئاوێك بچێ
لە هەموو شتێكدا بێ و هەر خۆشی تەنیا بێ
لە منداڵیی هەمووان بچێ لە پیرییدا
ئەو ژوورە كە هەر خۆمی تێدا
ئەو هەموو بۆنە لە كوێ پەیدابوو؟
ئەو هەموو شەڕ و ئاشتییە لە كوێ بەرپابوو؟
بۆنی واهیمە دێ لە من
هی سەرووی شەڕە و هی سەرووی ئاشتی
هی سەرووی دۆستە و هی سەرووی دوژمن
ئەی خودا!!
بەزەییت بەتەنیاییم بێتەوە
ئەو بۆنە مەكوژە لە مندا

٢

## دڵشاد عەبدوڵڵا

زۆر بەدوای خۆمدا گەڕاوم
چیاو دەشت و دەر شار و مەملەکەت
شەقام و ماڵەکان
لە ڕێگەکاندا تاساوم
لەناو ئەلبوومەکاندا
سیمای خۆم دیوە لە کەسی تردا
لەناو هەزار و یەکشەوە
سیحرێك کردبوومییە ماسیی لە گۆمی شەختەدا
لە ئەلیازە و ئۆدیسەدا
شەرکەرێك بووم لەناو گەمێیەك بەتەنیا
هەر شەپۆلم دەداو نەدەگەیشتمە مەیدانی جەنگ
لە زۆر ڕۆمان و چیرۆکدا پاڵەوانی لاوەکی بووم
نەدەگەیشتمە کۆتایی
هەر ئازار بوو هەر ئازاری تەنیایی
هەر کەناربوو کەناری ماڵئاوایی

جارێك بووم بەشەهیدو بزر بوو ناونیشانم
جارێك بووم بەئەشقیا
کوا ڕێباز کوا نیشتمانم؟
ناوی خۆم دا دەست چرایەك
شارەکان گەڕا و نەیدۆزیمەوە
قەقنەسم هەر دەسوتێم و زیندوو دەبمەوە
لە دوا دیمەندا
باڵندەیەکی هەڵکوڕماوی سەر تەلی ئێوارەکانم
بۆ کێ هەڵڕێژم چریکەی ئاوازەکانم؟

٣

## کۆڵانی بیرێژیان

منداڵیی دارهەرمێیەکە
هەموو ساڵێك زەرد دەبێ

ڕووەکی بەختەوەری
لە ڕۆخی جۆگەییدا شین بووە
گوڵ ناگرێ

هێلانە چۆڵ بووە
پێکی شەوم خواردەوە
تا بنی پیاڵە

ناوکی شەیتان ئاگرە
ئەوەی بسووتی
بەرناگرێ

ئێستاکە ئاوڕ دەدەمەوە
کوپە شەرابێك کراوەتەوە سەری
باڵندە دەنووکیان تێ خستووە

کچێك گوڵێکی لە دەستە
هەردووکیان سیسبوون
بەدیار منەوە

کۆڵانەکەمان پیربووە
کە نامناسێتەوە
دەگری

٤

## گوڵستان

دیمەنێکی دوور:

خانوویەکم دروست کرد لەناو گوڵێکدا

تاپۆم کرد لەسەر پەپوولە

ئێستا من کرێچی ئەوم

لە گوڵستان.

دیمەنێکی نزیك:

بەکراسی بەسیمی خەفەت چنراو

دراوم لەدار

دیمەنێکی نزیکتر:

نەماوە ئەوەی دەگەڕێم بەدوایدا

بزربووە بەر لە چەند سەدەیەك

هەورێك وتی من ئەوم، باران کوشتی

خەیاڵێك وتی من ئەوم قافیە و کێش کوشتی
ئێوارەی شەمەیە
هەموو شتێك ماندووە لێی دەڕژێ
هەر ئازارە و هەر ئازارە دەخشێ
ئەی مردنی شین بەو ڕەنگە هەتا هەتایە
بمگێڕە لەسەرخۆ بەناز بمگێڕە
دنیا هەمووی لافاوە و هەر لافاوە و هەر لافاو
سەرەتا ئاوە و ئێستا ئاوە و کۆتایی ئاو
ژوورەکەم بەپشتەوەیە لە شێوەی گۆی زەوی
داکەوتووە شانم
باڵندە بەپۆل دەنووك دەدەن لە زمانم
بەپاڵتۆیەکی لە ڕەنگی گوێی شەیتانۆکە
باوەشم کردووەتە هەموو
دیمەنەکە وردەوردە دەسڕێتەوە
دیار نابین هەموو.

ڕوونکردنەوەیەك: ئەم دەقە بە دوو ناونیشان (دڵشاد عەبدوڵڵا و چوارینەی ترازاو) و دوو جۆر تەکنیك نووسراوە، کاتی نووسینیان لەیەك نزیکە، هەر یەکەیان تام و بۆنی ئەو ساتانەی لێ دێ کە تێیدا لەدایك بوون. دوو سێون بە یەك لکەوە و دەکرێ بەیەکەوە نووسابن، ئەو جۆرە میوەیە لە سروشتدا هەیە و ئەگەر لە شیعریشدا هەبن چ قەیدی دەکا؟ خۆشم نازانم بۆ ئەو دەقەم بەو دوو جۆرە نووسیوەتەوە، هەردووکیان دوو دیوی شووشەیەکی ڕوونن لە هەر لایەکەوە تەماشایان بکەی ئەوسەر و ئەمسەری من دەبینی.. یا دووانەیەکن پێویستیان بە نەشتەرگەریی هەیە بۆ جیاکردنەوەیان.

دڵشاد

# ڕەگی تەنیایی

## ١

### بەیانییەك لای مەولانا

لە ئاوێنەی باخچەیەكدا كە گوڵاو شكاندبووی
تەماشای گوڵێكی دەكرد
شەرم دایگرتبوو
بۆنی منداڵی پەرت ببوو هەرچی هەبوو
بەبیرم دێتەوە: جێ پێی مامزم لەناو گیا
بەو بۆنە دەناسییەوە.
لە نەخشەی وڵاتدا
هیچ شتێك نەمابوو دڵ خۆش بكا
لە شارەزوورەوە تیریان دەهاویشت
سەری تیرەكان ژەهریان پێوەبوو
بۆنی كەلاكی گرتبوو.
پاشایەك لە سلێمانییەوە

نامەی هەڕەشەی ناردبوو
کە گەیشت لە بەردەم مەولانە بوو بە کێروشك...
ئەو بەیانییە لەوێ بووم
شێخێك مارێکی خستبووە
ناو پشتێنی نۆکەرێکییەوە
لە بەردەمی مەولانا بوو بە شەتڵە ڕەیحانە..
شام موگناتیس بوو تا سەمەرقەند و بوخارا
خانەقای دڵ پڕ بوو لە گوڵ
دوو باڵ شۆڕ ببوونەوە بە بەژنی
دەکرانەوە کە باسی ڕابردوو دەکرا

ئەو ڕابردووە کافوورەش چاوێکی هەر لە باکورە
چی بکەم لەوەی بوو ڕام کردووە بەرەو داهاتوو
دەزانم من نەوەی سیزیفم
ناچارم هەر دەبێ ئەو بەردە هەڵبگرم
ئەو بەردەش ناچارە غلۆربێتەوە.
لە باخچەیەکدا... ئەو پیاوەم پێشتر دیبوو
گوڵێکی دەلاواندەوە: ئێرە دەکەم بەماڵی خۆم!
یا دەبێتە گۆڕ
تا هەتایێ دەبمە هاوسێی پەپوولە..
هەر هێندەی ناوکی خۆخێکی لێ مابووەوە
خانەی تەنیایی سووتابوو
دنیای لێ ببوو بە باخچە
مرۆی لێ ببوو بە گوڵ
بەهـ..... لەو دڵە
ئەو هەموو ئاگرەی گرتووە و وێران نەبووە.

ئەرێ کەی بوو مەولانا خالیدی نەقشبەندی
دەرپەڕێنرا؟
کەی ڕاونرا؟ دەڵێی ئێستایە...
خودایە! چۆنم دەکوژی؟ لە چ خاك و
مەملەکەتێك دەمنێژی؟
بەناوی منەوە جۆگە خوێنی پێدا دەڕوا
سوپای سەلەفی توندڕەو بە پشتێنی تەقینەوە
لە بازگەکاندا ناوی من دەهێنن
من لە کوێ و ئەو سەرسەری بازانە لە کوێ؟
خودا کە ویستی حوکمی عالەم بکا
تەماشای دڵی منی کرد
هەر هێندەی پەرەمووچەیەکی دەکێشا

بەو پەڕەمووچەیە نووسیم: مەولانای ئەوان نیم!
لە شەرعی مندا: مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە
کەس ڕێ لە مارمێلکەش ناگرێ
هەموو پێکەوە لە کاروانێکدا
نهێنی قافڵە: لەتە نانێکە
هەموومان دەیگرین بەدەستەوە
دانەدانە ڕەشکەی شەوێکی شارەزوور
دەبریسکێنەوە لە ناویدا.
تەرمی ئەو شەوە بە گالیسکە دەگوازینەوە
بۆ کوێ بچم ئەو ناوەم پێوە نووساوە
ئەو خەونە هەر ماوە..
من لەوێ بووم کە تەماشای ئەو شەوەی دەکرد
کتێبی ئەو شەوەی دەخوێندەوە
ئێستا کە ئەو شەوە دوور کەوتووەتەوە
مەولانا بەزەیی بە دوژمنەکانیشی دێتەوە.

٢

## ئێوارەیەك لای مایاكۆفسكی

ڕابردوو سیس ببوو لە گیرفانیدا
مەرگ گەمە بوو لەگەڵ هەور پەلەیان بوو:
كێ زووتر بباریێ.
كەلێن كەوتبووە نێوانی ئەو و مۆسكۆ
هەمووی پڕ كردەوە
بەشیعری
دڵی باڵندەیەك لەناو لەپیدا
ستایشی جریوەكانی دەكرد
چەند لەیەك دەچوون
هەردووكیان
بێ منەت لەسەر شەقام پیاسەی دەكرد
دەستی لەناو دەستی شۆڕشدا بوو
شیعر پیر نەدەبوو لە ئەودا
ڕووسیا بەو هەموو سەركێشییەوە جوان بوو
مەرگیش بە مایاكۆفسكییەوە.

٣

## شەوێك لای میر

نیل دشداشەیەکی لەبەرە و دەرگەوانی
بینایەکی چەند هۆمە
هەژارەکانی دنیا هەموو لەو بینایە دەژین.
ئەهرام دلی خودایە
کەوتووەتە سەر زەوی
مردن مۆمیا کرایە
میرێك بە ئامانج نەگەیشتووە
کەشتییەکەی کون کون بووە
لە مانشێتی ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە:
گوڵی ئازادی
کە سەری دەرهێنا ناپرسێ:
ئێرە وڵاتە
یا دەربەدەری...

(کوردستان) کرمی ئاوریشم بوو
ڕێی سەربەخۆیی بە هەودا دەچنی
.................
.................
.................
ئەو شێوازە چییە کە دەقێك بە زیندوویی
دەهێڵێتەوە
زەمەن وردوخاش دەکا و دەیکا بەکل
مافی ئەوەش دەدا بە داهاتوو
ڕابردوو خانەنشین نەکا؟

بیر لە ئامانجی میرێك دەکەمەوە
نانێکی ڕەقەهەڵاتوو بوو لەسەر خوان
ئێستا نە میر لێرەیە نە ڕۆژنامەکەی
شتێك ماوە مۆمیا کراوە:
ئامانجەکەی!

تێبینی:

ڕەفیق حلمی، جەلادەت بەدرخانی بە میری بەئامانج نەگەیشتووە وەسف کردووە.

## سوورەتی فادیمە

سالێکیان.. فادیمەیان کوشت. بەناوی ئەو دەست پێ دەکەم.

ڕووناکی کەوتووەتە قڵیشی زەوی. بەرد شوێنی مار و

مێروو لەکن خۆی دەکاتەوە.

ئەدی ئەنگۆ لەبەرچی پەند لەو بەردانە وەرناگرن

خۆش بەحاڵی ئەوانەی دەرکیماڵیان

هەردەم کراوەیە

وەکی چۆن دڵی فادیمە هەردەم لەسەرپشتە بۆ خۆشەویستی.

تیترواسکێك ئاسمان تەی دەکا. دەپاڕێتەوە لە هەور، لە گوێ ئاواندا بانگ دەکا: ئێرە پڕبوو لە پونگ و نەعناع.. چییان لێ هات؟

دەگەڕێ و لە شەپۆل دەپرسێ، لە دار دەپرسێ لە با دەپرسێ خوا گوێی لەو دەنگە گرتووە.

کەسێك بەو چەشنە شەقیو ماندوو بێ، باخچەیەکی گەورەی بەهەشت بەناوی ئەوەوە ناو دەنرێ.

من تەواو سەرسامم: چۆن دەرگە لەبەریەك هەڵنەوەشاوە؛ کە دیتی: فادیمە بەچۆکدا هات و کەوتە ناو قانە نێرگزی خوێنی خۆیەوە.

ئەو چۆن وەڵام دەداتەوە، گەر دەستێك ڕایەهەژاند، چۆن دڵنیا دەبێ لە قفڵ و

کلیلی کە لە پشت ئەوەوە تاوانێك ڕووی دا.

ئەو دارە تەواو شەرمەزارە ئێستا کە شکۆی خۆی داوەتە دەرگەیەك، ئەویش کراوەتەوە بۆ کوشتنی فادیمە.

خودا زەوی لە شێوەی دەموچاوی فادیمە دروست دەکاتەوە، بکوژەکەی چۆن دەتوانێ تەماشای بکا؟

سامالێکی تەنك دەکشێ تا دەگاتە سەر پەرچەمی

لە خوار چەناگەی گرێیەك لە خۆی دەدا

زەوی بۆنی کێ دەدا؟

تاوانێك لە پشت دەرگە دەمی بەستووەتەوە، لە کونی چاویەوە کۆترێك دەبینێ، لافاوێك وا بەڕێوەیە!

ئەی نەوەی ماد، خۆخرکەنەوە، ماڵ و حاڵ بفرۆشن
پاپۆڕێك بکڕن
تاوانێك هەڵدەکا، تووك ڕەشە، دەنگ ناخۆش.. دەقیرێنێ
ئەوەی بەسەر پشتی پاپۆڕەوەیە: خوا ڕووناکی و شەراب و
گوڵەگەنمی بەسەردا دەبارێنێ
ئەوەی تر بەرد و هەورەتریشقە
کە گەیشتینە وشکایی، ئەوەی دەمێنێ، ئەوانە نەوەی فادیمەن
ئەوانەی مردن و لەبیر دەچنەوە نەوەی شەندەهالن.
گوێ بگرە ئەی با، لەسەرخۆ خۆت بدە لە کەناری سوید
برینی فرزەندێکم لەو گوێ ئەوانە کەوتووە
کارمامزێك دەمی ناوە بەئاوەوە
لە پشتەوە ڕاوچییەك تەقەی لێ دەکا

هێلکەی باڵندەیەك لەبن پەلکێکدا نووستووە
ئەو هیچ کاری بەنگۆ نییە، دەستی بۆ مەبەن.. ئەو غەدرە
لە خۆتان مەکەن.
ئەنگۆ لە نەوەی خشۆکن، ئەو هەر هێندە کە تروکا دەچێتە
حەواوە.
گوێ بگرە، فادیمە! ئێستا مەلێك دێ پرسیارت لێ دەکا
سڵ مەکەوە، لاسکی بەژنی خۆتی نیشان بدە
هەورێك دێ بابارانی خۆیت لێ بدە
تۆ لە نەوەی ئاوی و هەرئاویش دێن بۆ دیدار
گوێ بگرە.. فادیمە! ئێستا بایەك دێ
خۆت هەڵخە لەبەریدا.. ئەو بۆنت دەبا و
بە بەهەشتی دادەکا
سڵ مەکەوە، هەمووان لەوێ چاوەڕێتن.

شوباتی/٢٠٠٢

فادیمە ژنە کوردێك بوو ئەو ساڵە لە سوید بەدەستی باوکی کوژرا.

## مردنی گۆرانیبێژ

(بۆ جەلال بەرزنجی... بۆ ئالاسکا)

نۆتەی ئاوازەکان.. هیچیان

هی مەرگی ئەو نەبوون

ئای لەو دڵە خەمگینەی..

## هەڵەی ئاوازەکان

چەند جار ئێسکی باڵندەی کوژراوم کردە نای
چەند جار قامیشی ناو گۆمی خوێن و
چەند جار دڵی کون کونی ئێوارەم
کردە نای
هەموو جار ئاوازێکی نامۆ لێیانی تێك دەدا
نۆتەیەك دەکەوتە ناویانەوە
بڵێسەی ئیلهامێکی بێ خۆڵەمێش
تێیان بەردەبوو.
هەڵەی من ئەوەبوو،
مەرگی خۆم نەکردبووە هەناسەیان
بەوە هەڵخەڵەتابووم
شکستی ئەمڕۆ سەرکەوتنی سبەینێیە
سبەینێ..
شەوێکی درێژ هات و هەر نەبڕایەوە

## كۆچی ئاوازەکان

بەسەر خەمبارترین ڕووبارەوە دەفڕن، ئاوازی تۆراون.

هەوا ناڵەی دێ بەدەست باڵەکانیانەوە

چی ڕووی داوە؟ ئاسمان

خۆی نەناس دەکا لێیان

لە کۆنەوە.. ئەو کۆچە خەمگینە بەردەوامە و

ناگاتە هیچ شوێنێك

شوێن..

کوێ ماوە نا ئومێدی نەیکوتێ

تەزرەی درشتی.

برینداری کردووم تیغی گۆرانییەك

خوا دەری کردووە لە مەملەکەتی

مرۆڤیش ناتوانێ بیکا بە هی خۆی.

بەرزتر بفڕە ئەفسوونی نامراد

بەرزتر..

دەڵێی ئەستێرەیەکی دوورم

لە کۆشی هەورەکانەوە دەکەومە خوارێ

بارانێکی ڕەشم پێیە

ئاوم هەرگیز هێندە تووڕە نەبووە

**لاشەی گۆرانییە کوژراوەکان**

بەدەستی خۆم هەندێکیانم ناشتووە

ئەوانەی، نەیانتوانی ببنە ڕەنگێك لە سەرووی شینەوە

ئەوانەی، تەسلیمی سپی بوون لە کپی بەفردا

ئەوانەی شەویان بەڕێ کرد لەگەڵ یەکەم تاریکیدا

گۆرانی دەستەپاچە ناوەستێ

لە بەرانبەر زەردبووندا.

بە دەستی خۆم لاشەیانم کۆکردەوە

هەندێکیان ببوونە گوڵاڵە سوورە لە عەشقی لەیلا

ببوونە مانگ بۆ تەنیاییی شەوەکانیان دەلاواندەوە

پێست چ ڕەنگبا گرینگ نەبوو

زمان بەکاملادا بگەڕابا گرینگ نەبوو

چاو لە کوێبا گرینگ نەبوو بەلایانەوە

بە دەستی خۆم لاشەیانم خستە سەر شانم

مەسیحی گۆرانییەکانم

بۆ کوێیان ببەم لە کوێیان وەشێرم

دڵم خوێنی ئەوانی لێ دەڕژێ

چاڵ و چۆم پڕبووەتەوە بە ڕەنگی سووریان

## گۆڕیان

لە بن شاخێکدا بیانشارمەوە.... گۆڕیان بۆ چییە؟

ئەوان هەر جارێك نامرن

بەسەر شان و ملی خۆرەوە دێنەوە

بە غەریبی چاو دەبڕنە ناو چاوی گۆرانیبێژ

وا پێ دەچێ بیناسنەوە.

لە دوورترین دەریادا بیانشارمەوە... لە هەرکوێیەك بن دێنەوە.

لە گۆڕەپانی نیوەڕۆیەکی گەرمدا

وەکی درەختێك و ئەوان چۆلەکەبن

دەخزێنە سێبەری گەڵاکانمەوە

بەو دیمەنە سوریالییەوە، دەچم لە دەرگەی خوا دەدەم

بەڵکو جێیان بکاتەوە

ئەوان بەرگەی ئەو هەموو مەرگە ناگرن

نەمری ئەوەی ناخۆشە:

هەمیشە دەبێ زیندوو

ببنەوە.

## لە ئالاسکاوە

برادەرێکم لە ئالاسکاوە دەنووسێ: شێت بوومە بەدەست بەفرەوە
ئەو خوانەناسە نە هیلاك دەبێ و نە ساتێك دەسرەوێ
هەر خۆی دەنێ بەخاکەوە
لەناو سەرمای شەوی تەزیو
یەکتری دەگەوزێنن..
گۆرانییەك دێتە گوێم هی بەفرە
شێت بووە بەدەست عەشقەوە
شەوێك لە (سکتان) خەونت بە بەفرەوە دەدی
چووبووە ناو لەشی ژنێکەوە
لە ئالاسکا.. ڕوح پڕە لێی.
(داسن) کووزە گندۆرەیەکە لەناو قاپێکی بازنەیی
بەستەڵەکی باکوردا. چەند حەزمان لە گندۆرەی دێمی بوو
لەناو بێستانەکانی لاڕێ، کە دەچووینە کۆیێ.
پۆلێك باڵندە بەباڵی بەفرەوە گۆرانییەك دەیانەهێنێ
تۆ ناردووتن
کە دەگەنە جێ کلوکلو دەبن
دەڵێی منداڵی دڵشکاون
شێت بوومە بەدەست گریانیانەوە.

ئەگەر پیرێژنێك نانێکی گەرمی بۆ هانی
دایکت ناردوویەتی لە هەولێرەوە
هاتووە تێرت کا
تۆ بە چێشتی موعەلەب تێر ناخۆی
ئەگەر چایەکی گەرمیان لە پێشت دانا
چایچییەکەی ئەو بنارە ناردوویە
کە کاروانچی و ئەشقیا
دەوری سۆپای داریان دەدا
منیش لە بەرانبەریان ئینجیلم دەخوێندەوە
(وەتمان) دوو چاییمان بۆ بێنە
بەتامی ئەو ڕۆژانەوە.. ئالاسکا شیرینە
ئەگینا غەریبێکی ڕۆژهەلات و بازنەی بەستەڵەکی باکور کوجا مەرحەبا.

**لـه کەنگێوه؟**

مـەخـابن بۆ لووتکە چۆن دانـەوەی
لە پەنجـەرەوە تـەمـاشـای دوورترینیـان دەکـەم
لە کەنگێوە لـەسـەر نەخشە نـەمـاون
ئـاوی چاوم داهـات هێندەی دەست بگرم بـە هـەنیـەمـەوە بۆ بینینیـان
ئـەوانە نـەبن چیـا چییـە؟ بـەفر چییـە؟
لە کەنگێوە ئـەسپـەکـان دەگلێن
بۆ دەبێ هـەمیشە بگلێن؟
دەفتـەری خـەونـەکـان پڕن لـە نۆتـەی گلاو
چـەند جـار ئـەو جـەنگـەمـان دۆڕاند
پشکۆی گۆرانییـەکـانمـان چزاند بـەلێوی ڕابردوومـانـەوە
لە کەنگێوە... هـەر ڕابردوو
هـەر ڕابردوو
هـەر ڕابردوو
کوێر بووە ئێستـامـان

## مردنێك لە خەونەوە

مەرگێکم هەڵبژاردووە.. بنوو با بێتە خەوتەوە
خۆخەکان.. لکی درەختەکانیان چەماندووەتەوە
یا شەو، دانەویووە بۆ کۆکردنەوەی ئەستێرەکانی
ئەوەی ڕوو دەدا، عەبەسە
دوا گۆرانی و ئیتر بەسە
من چی دەڵیم و تەمبوورەکەم چی دەژەنێ؟
گەنجینەی ئەو مەرگە زۆرترە لە هی مەملەکەت
خاتر جەم بن ئەو باخچەیە بە گوڵەکانی دەناسرێتەووە
ئەو مەرگە بە خەونەکانی
چەقەڵ و گورگ تێی وەرهاتوون
ئەوان چییان لەگەڵ مردندا پێ دەکرێ؟ چییان لە دەست دێ؟
کە من ئەوم بەهێزی کەسکایی باخچە شوبهاندووە
بەو چەکەوە دەچمە جەنگیان
درێغا نەتوانم لە دوا گۆرانیدا
ئەو باخچەیە
لە توورەگەیەکدا
ببەم لەگەڵ خۆمدا

## سپاردن بەسپی

دنیا دیار نییە لەبەر ئازارەکان
لە باکورەوە تیر دەهاوێن بۆ فرزەندەکانم
لە هەرچوار لاوە تیر دەهاوێن
بە کوێدا برۆن فرزەندەکانم؟
تیری خۆم دەگرمە دڵی ڕۆژهەڵات
داسن دیار نییە لەبەر بەفر
هەولێر دیار نییە لەبەر فرمێسکەکانم
ئەو هەموو تۆران و دڵشکانە
لەوێ کێ دڵت دەداتەوە؟ یەکێك هەیە
شەو لێفەکەت پێدا بدا، کە بانگت کرد
پەرداخە ئاوێکت بداتێ، سبەینێ گوڵێك
لەسەر مێزی نووسینت دابنێ..
دڵنیابە.. شەڕ تەواو بووە

پاشماوەی چەکەکان لێرە ماون
هی جەنگە کۆنەکان و هی جەنگە تازەکان
لە کوێیان وەشارین، کام زەریا؟
حکوومەت وای بە باش زانی، هەریەکەو
گۆڕێك هەڵکەنێ لە دڵی خۆیدا بۆ شاردنەوەیان.
لە کونی دەرگەوە ڕووناکییەك دێتە ژووریٚ
کەس هێزی نەماوە دەرگە بکاتەوە
هێندەمان کردەوە و کەس نەبوو
هەر با بوو بەئاگای دەهێناین
هەر گەڵای وەریو بوو
هەر وەهمی دەریٚ بوو لە دەرگەی دەداین
هەر سێبەری خەفیە و ئەغیار
هەر هەواڵی مەرگی خۆمان بوو دەهاتە ژووریٚ.
چراکان کوژاونەتەوە پەنجەرە خەمگین
سیمرخێك باڵی دەکاتەوە جێی هەموومان دەبێتەوە
حەفت شەو و حەفت ڕۆژ دەفڕین

که دەگەینە بەر قاپی خوا کەس لەوێ نەماوە
ئەستێرەی ڕوحمان کوژاوە
لە فەرهەنگی زمانەکاندا هیچم نەدۆزییەوە
وەکی خۆی دامنا: مەرگی گۆرانیبێژ!
ئەو دنیایە ئاوایە
هەرچی هەیە لە تەمبوورەکەی ئەودایە
تەموور شکایە
لە ئالاسکا بەفر دەتلاوێنێتەوە
لەسەر ئەو باڵە سپییانەی پاڵ کەوتووی
که دەگەیتەوە ئێرە کەس لێرە نەماوە
ئەو دنیایە ئاوایە
هەموو دەڕۆین و بەجێی دەێڵین.

## پڕست


گۆمی پونگ ........ ٥
حەج ........ ٨٧
بازاڕی بۆنفرۆشان ........ ١٤٣
شەوەکانی ئامیتا بەدرێژاییی بابل ........ ٢٣٥
گەیشتن بەئاگر ........ ٣٠٥
دڵم لەو جۆرە شوێنانەیە ........ ٤٠٥